ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

# کوردستان

www.kurdistanukurd.com

ژماره ٧٦٦ ▌ دووشەممە ٣٠ی بەفرانباری ١٣٩٨ _ ٢٠ی ژانوییەی ٢٠٢٠

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

## هەڕەشەی کۆماری ئیسلامی لە ئورووپا لە ئەگەری ناردنی پەروەندەی ئێران بۆ شووڕای ئەمنییەت

کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی و لە سەرووی هەموویانەوە وەزیری دەرەوەی ڕێژیم ڕایگەیاندوە بێتوو پەروەندەی ئەتومیی ئێران بچێتەوە شووڕای ئەمنیەت، ئەوان لە «NPT»، پەیماننامەی ڕێگرتن لە پەرەپێدان بە چەکی ناوکی دێنە دەرێ.

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ڕۆژی ١٨ی بانەمەڕی ئەمساڵەوە و لە پێنج قۆناغدا هەموو بەڵێن و دەروەستییەکانی «بەرجام»ی شکاند و بەوەش لایەنی ئورووپا گوشاری زیاتریان خستۆتە سەر ئێران کە پێملی ڕێککەوتنەکانی پێشووی بێ. لە درێژەی ئەم گوشارانەدا باس لە ناردنەوەی پەروەندەی ئەتومیی ئێران بۆ شووڕای ئەمنیەت دەکرێ.



ئیستیو منوچین، وەزیری خەزێنەداریی ئەمریکاش ڕایگەیاندوە کە وڵاتەکەی ئامادەیە هاوکاریی هاوبەشە ئورووپاییەکانی بکا لە جێبەجێکردنی میکانیزمی پەلاپیتکە و هەموو سزا و گەمارۆ ئابوورییە نێودەوڵەتییەکانی دژی ئێران بێننەوە جێی خۆیان.

# کۆماری کوردستان

# بەیداخی شوناسخوازی و ڕووگەی خۆیبوون و یەکیەتی

◆ سەروتار

## خامنەیی ئێران بەرەو کوێ دەبا؟

**کەماڵ کەریمی**

چل ساڵە بەڕێوەچوونی نوێژی هەینی لە ئێران و بە تایبەت لە تاران بووەتە ڕێوڕەسمێکی سیاسی. لە تەواوی ئەو ساڵانەدا دەسەڵاتدارانی ڕێژیم هەوڵیان داوە لە کۆبوونەوەی خەڵک لە بەڕێوەبردنی ئەرکی ئایینیی خۆیان لە نوێژی هەینیدا، بە مەبەستی سیاسی و ڕاهێنان و هاندانی خەڵکی نوێژکەر بۆ پشتیوانی بەرنامە و پیلانەکانیان کەڵک وەرگرن. بۆ ئەم مەبەستە لە لایەن دەزگایەکی تایبەت سەر بە ڕێبەرەوە بۆ هەر هەینییەک ڕیزە بابەتێک بڕیاری لەسەر دەدرێ و پێشنوێژەکان دەبێ لە خوتبەی پێش نوێژدا باسی بکەن. لەم نێوەدا ڕەنگە هێندێک شار دیارتر بووبن، بەڵام تاران و نوێژی هەینییەکەی کە بە زۆری لە زانکۆی تاران بەڕێوە دەچوو سەرنجڕاکێشتر بووە لەوانی دیکە. پێشنوێژی تاران یا کەسێکی دیار بووە لەنێو ئاخوندەکاندا یا بەپێی پێویست ڕێبەر یا کەسێکی دەستنیشانکراوی ئەو و بە مەبەستی تایبەت و لە کاتی تەنگانەیەکی سیاسیدا ئەم ئەرکەی بەڕێوە بردوە. ماوەی هەشت ساڵ...

درێژەی بابەت لە لاپەڕەی ٢



ئەگەر بمانهەوێ لە گۆشەنیگای خەسڵەت و نێوەڕۆکی خەباتی مافخوازانەی ئەمڕۆی خەڵکی کوردستانەوە ئاوڕ لە ڕۆڵی کۆماری کوردستان لە بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد و دەسکەوتەکانی ئەم دامەزراوە سیاسی و نەتەوەییە بدەینەوە، بە شانازییەوە دەتوانین بڵێین _سەرەڕای سیاسەتی سیستماتیک و بەردەوامیی حاشالێکردن و سەرکوت لەلایەن دەسەڵاتی سیاسیی ناوەندگەرای ئێرانی_ بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هەموو ڕەهەندەکانیەوە، خەسڵەت و شوناسێکی نەتەوەیی_دێموکراتیکی هەیە کە هەڵگری پاشخانێکی دەوڵەمەند بە «ئیرادە» و «باوەڕبەخۆبوون»ە کە بەشی هەرە زۆری لە کۆماری کوردستان بە میرات وەرگرتوە. ڕەمز و هێما و دەسکەوتەکانی کۆماری کوردستان کە کاریگەریی بنەڕەتی و ڕیشەییان لە سەر کەسایەتیی ئینسانی کورد، کۆمەڵگەی کوردستان و بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان دانا، ئێستا و دوای ٧٤ ساڵ تێپەڕین بە سەر دامەزرانی کۆماری کوردستاندا، هەروا ڕەمز و هێمای خەبات و لەمەیداندابوونی خەڵکی کوردستانن.

خەڵکی خەباتکاری نیشتمان بێ گوێدان بە هەڕەشە و زەبروزەنگی ڕێژیم و دەسەڵاتی سەرکوت، لە بۆنە و دەرفەتی جۆراوجۆردا بە بەکارهێنانی ئاڵای پیرۆزی کوردستان کە یەکێک لە دەسکەوتە مەزنەکانی کۆماری کوردستانە، سەلماندوویانە کە هەڵگری پەیامێکی ڕەوای نەتەوەیین کە مێژوو و ڕابردوویەکی پڕشنگداری لە پشتە.

***

**(بەشێک لە ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی یادی ٧٤ی ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان. دەقی ئەم ڕاگەیەندراوە لە لاپەڕەی ٢ی «کوردستان»دا بڵاو کراوەتەوە.)**



### دیسان لێدانەوەی قەوانە کۆنەکە

(٣)



### خەڵکی ئێران و دوژمنەکەی!

(٤)



### ڕێگای قودس چیدی بە کەربەلادا تێناپەڕێ!

(٥)



### ناڕەزایەتییەکان لە نێوان واقع و مودیریەت کردنیاندا

(٦)



### گوتاری ڕۆشنبیریی کوردی

(١١)

کوردستان
• ژمارە ٧٦٦
٣٠ی بەفرانباری ١٣٩٨ _ ٢٠ی ژانوییەی ٢٠٢٠

درێژەی سەروتار

## خامنەیی ئێران بەرەو کوێ دەبا؟

...بوو خامنەیی نەچووبووە پشت ئەم تریبوونە، هەتا چەند ڕۆژ پێش دوایین هەینی بەفرانبار، ڕاگەیەندرا کە ڕێبەری کۆماری ئیسلامی پێشنوێژی ئەم هەینییە دەبێ. بێگومان پرسیارێکی زۆر لای خەڵک و چاوەدێران دروست ببوو کە دەبێ چ پەیامێکی نوێ کە کاریگەری هەبێ لەسەر پێویستی گۆڕانکارییەکان لەلایەن ڕێبەرەوە بڵاو بێتەوە؟ وەزعی نالەباری ڕێژیم، فشارە دەرەکییەکان و دەستەوەستانیی ڕێبەر لە بەرامبەریاندا و گرینگتر لە هەمووان پەرەگرتنی ڕۆژ لەدوا ڕۆژی دەربڕینی نارەزایەتییەکانی خەڵکی ئێران لە سەر شەقام و لە شارە گەورەکان و بەپێی دروشمەکان بە چالش کێشانی ڕاستەوخۆی ڕێبەر و نیزامەکەی لە لایەن ئەو خەڵکەوە، درێژەدان بە جینایەتەکانی سپای پاسداران و هێزە سەرکوتکەرەکانی دیکەی ڕێژیم کە تەنیا لە دوو ڕۆژی کۆتایی مانگی خەزەڵوەردا زیاتر لە ١٥٠٠ کەسیان کوشت و بە هەزارانیشیان بریندار و دەسبەسەر کرد و بوو بە هۆی زیاتر بوونی تووڕەیی خەڵک، برینداربوونی دڵی میلیۆنان ئێرانی و هەست بە شەرمەزارییان لە ئاست کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەهۆی خستنە خوارەوەی فڕۆکە ئۆکراینییەکە لە لایەن پەدافەندی مووشەکی سپای پاسداران و گیان ئەستاندنی ١٧٦ مرۆڤ کە زۆربەیان ئێرانی و کەسی شیاو و پێگەیشتوو بوون، و زۆر کێشەی دیکە ئەو چاوەڕوانییەی تەنانەت لای دەوڵەتەکەیشی دروست کردبوو کە ڕەنگبێ بە فەرمانێکی نوێ ڕێی چارەسەری کێشەکانیان نیشان بدا.

٢٧ی مانگ و کاتی نوێژی هەینی گەیشت و ڕێبەر لە سەکۆی خەتابەتدا قسەکانی دەست پێکرد. هەر زوو دەرکەوت کە بەردەنگی ئەو، خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران و چاوە زەقبووەکانی دنیای دەرەوە نین کە بزانن چ گۆڕانێکی نوێ لە سیاسەتی ڕێژیمدا هاتوەتە ئاراوە هەتا لە زمان ڕێبەرەوە بیبیسن و چۆنیەتیی چارەسەری کێشە کەڵەکەبووەکانی تێدا ببیننەوە. بەردەنگی قسەکانی ڕێبەر تەنیا ئەو چەند هەزار کەسە بوون کە فشارەکانی دەرەوە و خەڵکی ڕاپەڕیوی ئێران و دەستەوەستانیی ڕێبەرانی نیزام، ترسی خستووەتە دڵیان کە درەنگ یا زوو کۆشکی هیواکانیان دادەڕمێ و جێگە و پەنایەکیان بۆ نامێنێتەوە هەتا مەدحی کۆماری ئیسلامی تێدا بکەن. بۆ بەشەکەی دیکەی خەڵکی ئێرانیش کە لەبەر چاوی ئەودا چەند سەد کەسێکن هەڕەشە بوو بۆ لە نێوبردنیان. باسەکانی خامنەیی لە چەند تەوەرێکدا کۆببۆوە کە هەمووی ڕوو لە دەورەوە بوو. ئەمریکا، وڵاتانی ناوچە، ئازایەتییەکانی سپای قودس و هێرشی مووشەکی. بەمجۆرە ناوبراو خۆی دزییەوە لە باسکردن لە سەرەکیترین کێشەکانی نێوخۆیی کە بوونەتە بەڵا بۆ گیانی نەخۆشی ڕێژیمەکەی. خامنەیی بە پێداهەڵگوتن بە سپای قودسی پاسداران و بەخشینی نازناوی قارەمانانی بێسنوور و پێداهەڵگوتن بەو شەڕانەی لە وڵاتانی ناوچە وەک لوبنان و سووریە و یەمەن و عێراق هەڵایساندوون مەبەستی بوو بەهێزیی خۆی لەوێوە بە چاودا بداتەوە. شەڕێک کە خۆی دانی پێدادەنێ کە بۆ دوورخستنەوەی شەڕ لە ئێراندا بووە. بە مانایەکی دروست بەکوشتدانی دەیان هەزار کەس وماڵوێرانکردنی بە میلیۆن کەسی دیکە لەو وڵاتانە بۆ دوورخستنەوەی ئاگری شەڕ لە خۆیان و لە ماڵی خۆیان بووە نەک بۆ ڕزگاربوونی ئەو وڵاتانە لە چنگ ئیستێکبار. ئاغای خامنەیی لە حاڵێکدا باسی سپای قودس وەک نیهادێکی ئینسانی بە ئەنگیزەی ئینسانییەوە دەکا کە هەموو دنیا شاهیدن کە ئەم نیهادە ئینسانکوژە بۆ ڕاگرتنی نفووزی کۆماری ئیسلامی و دۆستەکانی لە ناوچەدا چ بەڵایەکی بەسەر خەڵکی ئەو وڵاتانە هێناوە و چۆن فەرماندە کوژراوەکەی بە بکوژی منداڵانی سووریە ناوی دەرکردوە.

جەنابی ڕێبەر لە حاڵێکدا شانازیی بە لێدانی مووشەکی پایگایەکی ئەمریکایی لە عێراقدا دەکا _کە کەمترین خەساریان وێکەوت_ کە بە لێدانی بە ئەنقەستی فڕۆکە مەدەنییەکەی ئۆکراین خەسارێکی زۆری گیانی و ڕۆحی لە خەڵکی ئێران دا و زیانێکی زۆری بە ئێعتباری ڕێژیمەکەشیان لەبەر چاوی خەڵکی دنیا گەیاند. بەڵام بە دەربڕینی ئەسەفێک بە سەریدا تێدەپەڕێ و ئەمەش دەکاتە بەهانەیەکی دیکە هەتا وڵاتانی دەرەوە بە تایبەت ئەمریکا و خەڵکی نارازی ئێران وەبەر پەلامار بدا. لەوێشەوە دەپڕژێتە سەر مەسەلەی بەرجام و هێرش بۆ سەر سێ وڵاتی ئورووپایی کە بوونەتە دواکەوتەی ئەمریکا و هەڕەشەی ئەوەشیان لێدەکا کە ئەمریکا چیی پێکراوە هەتا ئێستا ئەوان بتوانن بیکەن. بەم ڕوانین و دەربڕینەوەیە کە هەموو لایەک هەست بە تێکشکاویی دەروونیی ڕێبەری نیزام دەکەن و دەزانن کە ڕێگەی فریودانی لێ بەستراوە و چیدیکە ناتوانێ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە لاڕێدا بەرێ. هەر بۆیە تەنیا یەک ڕێگە لەبەر دەم خۆی و لاینگرانیدا دەبینێتەوە کە خۆبەهێزکردنە. ئەویش نەتەنیا بە هێزی نیزامی بەڵکوو بە هێزی ئابووریش. سەیر ئەوەیە ڕێبەر لە حاڵێکدا ئەم فڕوفیشاڵانە دەرخواردی لاینگرانی دەدا کە تەنانەت خۆیشی دەزانێ ئابووریی وڵات کەوتوەتە چ قۆناغێک لە داتەپین و ئەوان تازە توانای ڕاگرتن و هەستاندنەوەیان نەماوە. لەوەش گەڕێین کە ئابووریی وڵات بە هۆ و پشتیوانی خەڵکەوەیە کە دەتوانێ لەو هەموو قەیرانە ڕزگاری بێ و ئەوەی ئێستا خەڵک دەیانەوێ لە چنگی ڕزگاریان بێ ڕێبەر و نیزامەکەیەتی کە هۆکاری بەردەوامیی ماڵوێرانییەکانی ئێران و خەڵکەکەیەتی. ئەو خەڵکە ڕاپەڕیوەی کە لە مەیدانی ڕاستەوخۆی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵیان ڕۆیشتنی ڕێبەر و نیزامەکەی بە یەکەوە داوا دەکەن. بێگومان مانەوەی خامنەیی دەتوانێ ئێران بەرەو دنیایەکی تاریکتر بۆ ئێرانییەکان پاڵ پێوەنێ و هەر بۆیە خەڵک ڕزگاربوونی خۆیان لە دەربازبوون لە داوی خامنەیی و ڕێژیمەکەیدا دەبینن.

# به بەمیرات وەرگرتنی هەڵوێستی پێشەوای شەهیدمان سوورین لەسەر ئەوەی کە پێویستە لە پێناو دواڕۆژێکی پڕ لە دەسکەوت و ئاسوودەیی بۆ خەڵکی نیشتمانەکەمان، پەرە بە یەکڕیزی و یەکگرتوویی نێوانمان بدەین

**(بەیاننامەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات بەبۆنەی حەفتاوچوارەمین ساڵوەگەڕی دامەزرانی کۆماری کوردستان)**



**هاونیشتمانیانی خۆشەویست!**
**خەڵکی خەباتکاری کوردستان!**
**ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان!**

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە ٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی لە شاری مهاباد لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستان و بە سەرۆککۆماریی پێشەوای نەمر قازی محەممەد، لە مێژووی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی خەڵکی کوردستاندا، ڕووداوێکی گرینگ و چارەنووسسازە. قۆستنەوەی ئەو هەلومەرجە سیاسییەی کە لە ئاکامی شەڕی دووهەمی جیهانی بە سەر ئێراندا زاڵ ببوو، لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە کە هەر چەند مانگ پێش لە ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان دامەزرابوو، نیشانەی لێهاتوویی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات و لە سەرووی هەموانەوە، بلیمەتیی پێشەوا قازی محەممەد بوو.

ئێستا کە ٧٤ ساڵ بەسەر ئەو دەستکەوتە نەتەوەیی و سیاسییەی بزووتنەوەی نەتەوەکەماندا تێپەڕ دەبێ و ئێمە بە شانازییەوە یادی دەکەینەوە، ڕێبازی کۆماری کوردستان و هەوڵدان بۆ ئامانجە بەرزەکانی و، هەروەها بنیاتنانەوەی ئەم بڕگە پڕ لە سەرەوەرییەی خەباتمان، ئامیان و ئامانجی سەرەکیی حیزبی دێموکراتی کوردستانە کە لە هەوڵدانی بۆ «وەدیهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان»دا بۆتە بەشێک لە پێناسەی ئەم حیزبە. پێناسەیەک کە کۆماری کوردستان لە ماوەی ١١ مانگ دەسەڵاتداریی خۆیدا توانیی بە نەتەوەیەکی بێبەری لە هەر جۆرە ماف و ئازادییەک کە بە درێژایی مێژووی هاوچەرخ لە لایەن دەسەڵاتە نەتەوەگەراکانەوە هەوڵی تواندنەوە و لەنێوبردنی درابوو، ببەخشێ و بۆ زەمەنێکی هەرچەند کورتیش بێت لەم سۆنگەوە هەست بە باوەڕبەخۆبوون و ئیرادەگەرییەکی عەینی بکات. لەم ڕووەوە حیزبی دێموکراتی کوردستان کە دامەزرێنەری کۆماری کوردستانە، خۆی بە میراتگری ڕێبازی سەرۆککۆمار قازی محەممەد و ئامانجە بەرزەکانی کۆماری کوردستان دەزانێ و بە پێشکەشکردنی هەزاران ڕۆڵەی بەئەمەگی خۆی، لە سەرووی هەموانەوە دوو ڕێبەری شەهیدی؛ دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی و، ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ سەرسەختترین دەسەڵاتەکانی سەردەم (پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی)، لە درێژەدان بەم ڕێگا و ڕێبازە بەردەوامە.

**هاونیشتمانانی خۆشەویست!**

ئەگەر بمانهەوێ لە گۆشەنیگای خەسڵەت و نێوەڕۆکی خەباتی مافخوازانەی ئەمڕۆی خەڵکی کوردستانەوە ئاوڕ لە ڕۆڵی کۆماری کوردستان لە بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد و دەسکەوتەکانی ئەم دامەزراوە سیاسی و نەتەوەییە بدەینەوە، بە شانازییەوە دەتوانین بڵێین _سەرەڕای سیاسەتی سیستماتیک و بەردەوامیی حاشالێکردن و سەرکوت لەلایەن دەسەڵاتی سیاسیی ناوەندگەرای ئێرانی_ بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هەموو ڕەهەندەکانیەوە، خەسڵەت و شوناسێکی نەتەوەیی_دێموکراتیکی هەیە کە هەڵگری پاشخانێکی دەوڵەمەند بە «ئیرادە» و» باوەڕبەخۆبوون»ە کە بەشی هەرە زۆری لە کۆماری کوردستان بە میرات وەرگرتوە. ڕەمز و هێما و دەسکەوتەکانی کۆماری کوردستان کە کاریگەریی بنەڕەتی و ڕیشەییان لە سەر کەسایەتیی ئینسانی کورد، کۆمەڵگەی کوردستان و بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان دانا، ئێستا و دوای ٧٤ ساڵ تێپەڕین بە سەر دامەزرانی کۆماری کوردستاندا، هەروا ڕەمز و هێمای خەبات و لەمەیداندابوونی خەڵکی کوردستانن. خەڵکی خەباتکاری نیشتمان بێ گوێدان بە هەڕەشە و زەبروزەنگی ڕێژیم و دەسەڵاتی سەرکوت، لە بۆنە و دەرفەتی جۆراوجۆردا بە بەکارهێنانی ئاڵای پیرۆزی کوردستان کە یەکێک لە دەسکەوتە مەزنەکانی کۆماری کوردستانە، سەلماندوویانە کە هەڵگری پەیامێکی ڕەوای نەتەوەیین کە مێژوو و ڕابردوویەکی پڕشنگداری لە پشتە. لە ئێستادا و دوای تێپەڕین بە سەر بنیاتنانی «سپای میللی»ی کوردستان کە بە «هێزی پێشمەرگە» ناوی دەرکرد و دەسکەوتێکی پڕبایەخی دیکەی کۆماری کوردستانە، پۆل پۆل کچ و کوڕی لاوی خوێنگەرمی کوردستان دێنە نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات و هێزەکانی دیکەی کوردستانەوە و، بە شانازییەوە بەرگی پیرۆزی پێشمەرگە دەبەر دەکەن و لە پاراستنی خاک و خەڵکی کوردستاندا خۆیان بە ئەرکدار دەزانن.

لە سەردەمێکدا کە وڵاتانی زلهێزی براوەی شەڕی دووهەمی جیهانی بەبێ لەبەرچاوگرتنی مافی نەتەوەکان و گەلانی ژێردەستە سەرقاڵی بەشکردنی دەسکەوتەکانی دوای شەڕ بوون و دەوڵەتانی ناوچە و یەک لەوان ئێران بۆ قەرەبوو کردنەوەی شکستەکانیان، قۆڵیان لە سەرکوت و کوشتاری گەلانی ژێردەست هەڵماڵیبوو، کورد و دەوڵەتە ساواکەی، کۆماری کوردستان بە دێموکراتیزەکردنی جۆری نیزامی بەڕێوەبەری لە هەموو ئاستەکاندا، سەرقاڵی بنیاتنانی کولتوورێکی مودێرن لە دەوڵەتداری، نەتەوەسازی و ڕوانین بۆ ئەوانی دیکە بوو. ئەم میراتە لە کولتووری کاری سیاسی و مودێرنیزەکردنی بزووتنەوەی نەتەوەیی بە ڕووخانی کۆماری کوردستان دوای ١١ مانگ لە دەسەڵاتداری و لە سێدارەدانی ڕێبەران و سەرۆککۆمارەکەی لەنێو نەچوو. حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بڕگەیەکی دیکەی ڕێبەریکردنی ئەم بزووتنەوە لێدراو و پڕ لە زامەدا، هەموو ئەم دەسکەوتە جەوهەرییە مودێرنانە لە چوارچێوەی گوتارێکی «نەتەوەیی-دێموکراتیک»دا ڕێک دەخاتەوە و وەک میراتگرێکی ڕاستەقینەی ئامانجەکانی کۆماری کوردستان، بێ پسانەوە ڕێگە دەبڕێ. بۆیە ئەم ڕۆژانە و دوای ٧٤ ساڵ بە سەر بنیاتنانی ئەم تێڕوانینەدا، کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و چین و توێژە جۆراوجۆرەکان لە هەموو ڕەهەندەکانی خەبات و تێکۆشانی ڕۆژانەی خۆیاندا لە چوارچێوەی گوتارێکی گشتگیری «نەتەوەیی» و بە خەسڵەتێکی «دێموکراتیک»ەوە، کۆماری کوردستان بە ڕێبازێکی دەوڵەمەندی سیاسی و مەعریفی دەزانن.

کۆماری کوردستان دەسەڵاتێکی تەواو گەلی بوو، لە هەناوی کۆمەڵگەوە سەری هەڵدابوو و خواستی گشتیی هەموو پێکهاتەکانی ئەم کۆمەڵە و نەتەوەی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش بوو. بۆیە نسکۆی کۆمار بەهۆی جەبری ژێئۆپۆلۆتیک و لە دەرەنجامی ناهاوسەنگیی هێزی کۆمار لە بەرانبەر دەسەڵاتی ناوەندیدا لە شکۆ و پیرۆزیی کۆمار کەم ناکاتەوە. بۆیە بەپیرۆز سەیرکردنی کۆماری کوردستان و ئامانجەکانی لە لایەن کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و جێکەوتنی پێشەوا قازی محەممەد وەک سەرۆککۆماری کورد لە فکر و زەینی ئینسانی کورددا بۆ هەتاهەتایە، ئەو حەقیقەتەی بە دەسەڵاتی دژەکورد لە تاران سەلماندوە کە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە ئێران، ڕووگە و ئادرەسێکی دیار و باوەڕپێکراوی هەیە. دەسەڵاتدارانی تاران زۆر باش دەزانن خەباتێک کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا بە گوڕوتینەوە هەیە و بەرانبەر بە سیاسەت و پیلانەکانی ئەوان ڕاوەستاوە، بزووتنەوەیەکی بەڕابردووی خاوەن ناسنامەیە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک میراتگری ئەم ناسنامەیەی لە پشتە و خاوەنداریی لێ دەکا. بۆیە مادام ناتوانێ بەرانبەر بە میلیۆنان کەس لە کوردستان ڕاوەستێ و دەنگ و هاواریان لە گەروودا بخنکێنێ، بە پیلانی جۆراوجۆری وەک؛ تێرۆری ڕێبەران و زەبروەشاندن لە کادر و پێشمەرگەکانی، تۆپبارانکردنی شوێن و بنکەی پێشمەرگەکان، دانانی بۆمب و تەقاندنەوەیان _وەک ئەوەی لە ڕێوڕەسمی بەرزڕاگرتنی لەدایکبوونی شەهید دوکتور قاسملوو لە شەوی یەلدای ١٣٩٥ کردی_ و هێرشی مووشەکی بۆ سەر کۆبوونەوەی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧، دەیهەوێ لە میراتگری ئامانجەکانی کۆماری کوردستان و ڕێبەر و پشتیوانی خەباتی خەڵکی کوردستان بدا.

**کۆمەڵانی وشیاری خەڵکی کوردستان!**
**هێز و لایەنە خەباتکارەکان!**

کە باس لە کەموکووڕییەکان و ساوابوونی کۆماری کوردستان و، لە کۆتاییدا نسکۆی ئەم دەسکەوتە نەتەوەیی و مێژووییەی بزووتنەوەی مافخوازانەی کورد دەکەین؛ هەرچەند پشتتێکردنی دەوڵەتە زلهێزەکان و سیاسەت و ڕوانگەی دەسەڵاتی سەرکوتگەر لە تاران هۆکاری یەکلاکەرەوەی ئەم کۆستە گەورەیە بۆ کورد بوون، بەڵام کاریگەریی کەمایەسییە نێوخۆییەکانی بزووتنەوەی کورد و کۆمەڵگەی کوردستان، بەژانتر بوون و هەن. ئەگەر لە دەلاقەی هۆکارەکانی ڕووخانی کۆماری کوردستانەوە بمانهەوێ کورتە ڕوانینێکمان بۆ دۆخی ئێستای بزووتنەوەکەمان هەبێ، پێویستە دەرس لە ئەزموون و کەمایەسییەکانی ڕابردوو وەربگرین. نایەکڕیزیی نێوان عەشیرە و پێکهاتەکانی ئەوکاتی کوردستان و تێنەگەیشتنی نوخبەی سیاسی لە بەرژەوەندی هاوبەشی نەتەوەیی، یەکێک لە گرینگترین خاڵە لاوازەکانی کۆماری کوردستان بوو کە لە خێرایی پێدان بە ڕووخانیدا بێ کاریگەر نەبوو. پرسی یەکڕیزی و تێگەیشتن لە بەرژەوەندی هاوبەش لە بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان لە دوای کۆماریشەوە تا ئێستایشی لەگەڵ بێت، بەردەوام قسەی لە سەر دەکرێ وبەداخەوە لە هێندێک بڕگەی مێژووییشدا بەهۆی لەبەرچاونەگرتنیەوە زیانی قەرەبوونەکراویشی لێ کەوتۆتەوە.

بۆیە لە دۆخی ئێستای بزووتنەوەی کورد لە کوردستاندا بە هەموو بەشەکانییەوە کە بەداخەوە تێڕوانین و ئیستراتێژیی دەسەڵاتە زلهێزەکانی شوێندانەر لە ناوچەکە گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتوە و دەسەڵاتەکانی زاڵ بەسەر کوردستاندا هەمان خەسڵەت و سیاسەتی لەمێژینەی خۆیان بە نیسبەت خاک و خەڵکی کوردستانەوە پەیڕەو دەکەن، کاریگەرترین چەکی دەستی ئێمە وەک نەتەوەی کورد و هێزە سیاسییەکان، یەکگرتوویی، هاوخەباتی و یەکڕیزیمانە.

ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان کە دامەزرێنەری کۆماری کوردستانە لەگەڵ شانازیکردن بەم ڕووداوە مێژووییە وبەرزنرخاندنی دەسکەوتەکانی، بەژانترین زاممان بە ڕووخانی ئەم کۆمارە و لەسێدارەدانی سەرکۆمارە شەهیدەکەی، پێشەوا قازی محەممەد هەڵگرتوە. هەر بۆیە لەپێناو یەکڕیزی خەڵکی کوردستان و یەکگرتوویی نێوان حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستاندا هەمیشە خۆمان بە دەروەست زانیوە و لەم پێوەندییەدا هەنگاوی جیدی و بەکردەوەمان هەڵێناوەتەوە. هەروەها بە بەمیرات وەرگرتنی هەڵوێستی پێشەوای شەهیدمان، قازی محەممەد کە ئامادەبوو لەپێناو پاراستنی گەلەکەیدا خۆی بکاتە قوربانی و لەسێدارە بدرێ، لە دۆخی ئێستای خەباتەکەماندا زیاتر لە هەمیشە سوورین لەسەر ئەوەی کە، پێویستە لە پێناو دواڕۆژێکی پڕ لە دەسکەوت و ئاسوودەیی بۆ خەڵکی نیشتمانەکەمان، پەرە بە یەکڕیزی و یەکگرتوویی نێوانمان بدەین.

سڵاو لە کۆماری کوردستان و ئامانجە بەرزەکانی
سڵاو لە یاد و ناوی پێشەوای سەرکۆمار، قازی محەممەد
سڵاو لە حیزبی دێموکراتی کوردستان، دامەزرێنەری کۆماری کوردستان

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**٣٠ی بەفرانباری ١٣٩٨**

# دیسان لێدانەوەی قەوانە کۆنەکە



عەلی بداغی

ڕووداوەکان لەو ماوەیەدا هیچ بە دڵی کۆماری ئیسلامی ناچنە پێشێ و خۆری هیوای ڕێژیم پتر لە هەموو کاتێک ڕوو لە ئاوابوونە.

مەیتگێرییەکەی دەزگای پڕوپاگەندەی کۆماری ئیسلامی کە بە مەبەستی هەڵخراندنی هەستی ئایینی و بگرە نیشتمانیی خەڵکی ئێران و، پاشان نیشاندانی ڕەواییەتی نەبووی خۆی بەبەرچاوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە تابووتی سولەیمانی وەڕێی خستبوو، زۆری بڕ نەکرد. بینیمان کە لە سەرهەڵدان و ناڕەزایەتییەکانی دوای بەردانەوەی فڕۆکە ئۆکڕاینییەکە یەکەم شت ئەوە وێنە و بیلبوردەکانی قاسم سولێمانی بوون کە شڕودڕ کران و سووتێندران، دواتر ئەوە خودی خامنەیی وەک تروپک و مەرجەعی دەسەڵات بوو کە دروشمی زۆر توند لەدژی درا و جارێکی دیش دەرکەوت کە ڕێژیم مانەوەی تا ئێستای نەک لە سۆنگەی ڕەواییەتی خەڵکی؛ بەڵکوو بەهۆی دەزگای سەرکوت و بە زەبری چەک بووە.

پرسی گرینگ ئەوەیە کە کەڵەکەبوونی ویست و داواکانی خەڵک لە دوو ساڵ لەمەوبەرەوە ئاراستەیەکی دیکەی بە خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکان داوە و ڕاپەڕینی خەڵک لە ناکارامەیی دەسەڵات و وەڵامنەدانەوە بە داوا ژیانەکییەکانی خەڵک، خەریکە مەسیری سەرهەڵدانەکان بەرەو شۆڕشێکی دی ببا. قەیرانی ئابووری وەک دیارترین فاکتەری ناڕەزایەتییەکان لە ئێستادا شتێک نییە حکوومەت بتوانێ یان تەنانەت بیەوێ لێی دەرباز بێ. بودجەی ساڵی ١٣٩٩ خۆی ئاوێنەی هەموو ڕاستییەکانە. بودجەیەک کە هەر لە ئێستاڕا تەنانەت ئابووریناسانی سەر بە حکوومەت پێشبینی دەکەن سەدان هەزار میلیارد تمەن کورتی بێنێ و دەوڵەت بۆ قەرەبووکردنەوەی ناچارە قەرز بکا، یان مڵک و داراییەکانی بفرۆشێ بۆوەی بتوانێ مووچەی کارمەند و خانەنشینکراوەکان بدا و، دواجار باج وماڵیات لەسەر خەڵک و کەرتی وەبەرهێنان زیاد بکا کە دوائاکامی هەموو ئەوانە هەرەسهێنانی زیاتری ئابووریی وڵات و لەو سۆنگەیەشەوە پەرەسەندنی ناڕەزایەتییەکانی خەڵک و ڕادیکالیزەبوونی ویست و داواکانیانە.

سیاسەتی دەرەکیی ڕێژیمیش ئاهی بەبەرەوە نەماوە. ئەوەی لە سووریە و عێراق ڕوو دەدا نیشانەی ئیفلاسی سیاسیی ڕێژیمە. پاشگەزبوونەوەی ئێران لە دەروەستییەکانی «بەرجام»یش دواجار هاوبەشە ئوورووپاییەکانی ڕێژیم ناچار دەکا سیاسەت و ڕوانگەیان بەنیسبەت ڕێژیم بگۆڕن و بیانەوێ و نەیانەوێ بە لای ئەمریکادا بشکێنەوە. ئەگەرچی بریتانیا، فەڕانسە و ئەڵمان ڕایانگەیاندوە کە نایانەوێ لە ئێستادا پەروەندەی ئێران بنێرنە شووڕای ئەمنییەت _کە لەگەڵ ناردنی بێ سێ‌ودوو گەمارۆکانی دژی ئێران دێنەوە جێی خۆیان_، بەڵام خۆی چالاک کردنی میکانیزمی پەلاپیتکە، واتا میکانیزمی چارەسەری ناکۆکییەکان وا دەکا ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتوم نەتوانێ چاودێریی بەسەر بەرنامە ئەتومییەکانی ئێراندا بمێنێ؛ هەروەها بەشێک لە گەمارۆ ئابوورییەکانی یەکیەتیی ئوورووپا لە دژی ئێران لە ماوەی سێ مانگدا دێنەوە جێی خۆیان. بەوەش قۆناغێکی دی لە گوشارە نێودەوڵەتییەکان لەدژی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەست پێدەکاتەوە.

چوار دەیە ئەزموونی کۆماری ئیسلامی و لێکەوتەی سیاسەتەکانی ئەم ڕێژیمە لەسەر ئەمنیەت و سەقامگیریی نێوخۆی وڵات و وڵاتانی ناوچە، چوار دەیە سپۆنسەری کردنی تێرۆریزمی دەوڵەتی، هەناردەی شۆڕشی شیعەگەری و قەیرانخوڵقێنی لە وڵاتانی دراوسێ، چوار دەیە سەرکوتی هەرچەشنە ماف و ئازادییە بەرحەق و ڕەواکانی خەڵکی ئێران پێمان دەڵێن هەڵکردنی کۆمەڵگەی جیهانی، بەتایبەت وڵاتانی زلهێز و خاوەن‌بڕیاری جیهان لەگەڵ ئەم ڕێژیمە بەتەمای گۆڕانی ڕەفتارەکانی بێ‌کەلکە و کات بەفیڕۆدانە. پێمان دەڵێن سیاسەتی دیالۆگی ڕەخنەگرانە و مماشاتی کۆمەڵگەی جیهانی چ لە ڕەهەندی سیاسەتدا و چ لە بواری بازرگانی و ئابووریدا قازانجەکەی هەر ڕێژیم بردوویەتی و تەنانەت لە هیندێک بڕگە و قۆناغی مێژووییدا بووەتە هۆی خۆگرتنەوە و هێزمەندبوونی ئەم ڕێژیمە لە بەرامبەر ئەم گۆڕانکاری و ڕووداوانەی لە نێوخۆی وڵات بەدژی ڕێژیم بەڕێوە بوون. پێمان دەڵێن کە وڵاتانی دنیای ئازاد کاتیەتی لە بری ڕێژیم و هەوڵدان بۆ گۆڕینی ڕەفتاری ئەم ڕێژیمە کە ناگۆڕدرێ خەڵک هەڵبژێرن، دەنگی ناڕەزایەتیی خەڵک ببیستن و بەهێندی وەربگرن و؛ لەجیاتی دەرفەتدانەوە بە ڕێژیم لەژێر ناوی گەڕانەوە بۆ دانوستان و لەڕاستیدا بۆ خۆبەهێزکردنەوەی لەڕووی ئابووری بۆ بەردەوامییان لە سیاسەت و ئایدۆلۆژییە ناسەردەمیانەکانیان پشتی خەڵک بگرن. یان تەنانەت ئەگەر لە گۆڕینی ئەم ڕێژیمەدا لەگەڵیان نین، لەم کات و ساتە چارەنووسسازەشدا دەرفەتی هێزمەند بوونەوە بۆ ڕێژیم نەڕەخسێنن.

وردبوونەوە لە قسەکانی خامنەیی لە نوێژی هەینیی ئەم حەوتوویەشدا پێمان دەڵێن تەمای گۆڕان لە کۆماری ئیسلامیدا چەند دوور لە چاوەڕوانییە. خامنەیی لە کاتێدا چووە پشتی تریبوونی نوێژی هەینی کە ناڕەزایەتییە گشتییەکان لە وڵات بەردەوام لە پەرەسەندندان، زیاتر لە ١٥٠٠ کەس لە ڕەوتی سەرکوتی خۆپیشاندانەکانی مانگی خەزەڵوەردا کوژراون، کارەساتی بەردانەوەی فڕۆکە ئۆکڕاینییەکە خەڵکی تازیەبار کردوە، سەرباری قەیرانی ئابووری کە هەموو وڵاتی داگرتوە لافاو و بوومەلەرزەش دەردی سەر باری دەردان بۆ خەڵکی چەند ناوچەیەکی وڵات بووە؛ بەڵام ڕێبەری کۆماری ئیسلامی لە جیاتی ئەوەی ئاوڕێک لە ویست و داواکانی خەڵک بداتەوە، هاوخەمییەک لەگەڵ خەڵکی لافاولێدراوی خوزستان و سیستان و بەلوچستان و قوربانییانی ڕووداوەکەی فڕۆکە ئۆکڕاینییە بکا، باس لە گۆڕانکارییەک لە بەرژەوەندیی خەڵک لە بەرنامەکانی حکوومەتەکەیدا بکا؛ دیسان قەوانە کۆنەکەی لێ دایەوە.



لە ڕوانگەی ڕێبەری ڕێژیمەوە ئەوانەی دێنە سەر شەقام و داوای مافەکانیان دەکەن و بە سەدان کەسیان لێ دەکوژن و بە هەزاران کەسیان بەند دەکەن خەڵک نین، فریوخواردووی دوژمنانن! ئەوانەی وێنەکانی قاسم سولەیمانی دادەگرن و لەگەڵ هاوخەمی لەگەڵ بنەماڵەی قوربانییانی فڕۆکە ئۆکڕاینییەکە داوای وەڵامدانەوەی لایەنە پێوەندیدارەکان دەکەن خەڵک نین، شوێنکەوتووی نەیاران و میدیا بیانییەکانی دژبەری ڕێژیمن! ڕێبەری ڕێژیم جارێکی دیکەش بێ ئەوەی هەست بە هیچ بەرپرسایەتییەک لە بەرامبەر بارودۆخی کارەساتباری وڵات و بەشمەینەتیی خەڵک بکا کە بەرهەمی سیاسەتی چەوتەکانی خۆیانە، پەنای بردە بەر دەقە پیرۆزەکان و خۆی لە جێی حەزرەتی مووسا دانا و گوتی خەڵک دەبێ بەسەبر و شوکرانەبژێر بن! هاوکات لە ڕوانگەی ئەوەوە باشترین بژێرە بۆ ئەم بارودۆخە ئەوەیە کە ئەوان دەبێ بەهێزتر بن، بەو مانایە کە سەرچاوە و سامانی گشتیی وڵات پتر بخرێتە خزمەتی پڕۆژە نیزامییەکانی ڕێژیم و؛ بودجەی زیاتر بۆ هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم و گرووپ و میلیشیاکانی سەر بەوان تەرخان بکرێ کە لە وڵاتانی ناوچەدا شەڕی نیابەتییان بۆ دەکەن!

لەمڕۆدا چاوەڕوانیی بەجێی خەڵکی ئێران ئەوەیە کە وڵاتانی ئوورووپایی دەست لەو ڕێژیمە بشۆنەوە و چیدی دەرفەت بە ڕێژیم نەدەن لە ناکۆکیی نێوان ئوورووپا و ئەمریکا بژیو وەربگرێ. کاتێک خامنەیی بە پێشخزمەت و نۆکەری ئەمریکایان دادەنێ و تەنانەت بە دەستەواژەی وڵاتانی «حەقیر» سووک و چرووکیان دەکا؛ فۆڕجەدان بەوە ڕێژمە لەژێر ناوی دیپلۆماسی و وتووێژ بە مانای دەرفەتدانە بۆ بەردەوامیی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە ئەتککردنی هەموو ئەو بەها و بایەخانەی کە دنیای ئازادی دەرەوە جاڕی دەدەن.

کۆمەڵگەی جیهانی کاتیەتی دەنگی خەڵکی ئێران ببیستێ و بێتە پشتی. کاتێک کە ناڕەزایەتییەکان لە ماوەی زەمەنیی ١٠ ساڵ جارێکەوە بۆ چەند مانگ جارێک وەڕێ دەخرێن و کاتێک دروشمەکان جار بە جار ڕادیکاڵتر و بەئاراستەی ڕووخان و نەمانی ئەم ڕێژیمە دەدرێن، کاتێک پێ‌بەپێی سەرکوتی توند خەڵک و خۆپیشاندەران بوێرتر و شۆڕشگێڕتر دێنەوە پێشێ، ڕوونە کە داهاتوو بۆ کێیە...

## دیدار و کۆبوونەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆمەڵە



ڕۆژی پێنجشەممە، ٢٦ی بەفرانبار هەیئەتێکی کۆمەڵە، ڕێکخراوی کوردستانیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بە سەرپەرستیی سەید ئیبراهیم عەلیزادە، دەبیرئەوەڵی کۆمەڵە، سەردانی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان کرد و لەلایەن هەیئەتێکی حیزبەوە بەسەرپەرستیی خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبەوە پێشوازیان لێکرا.

لە سەرەتای ئەم دیدارەدا بەڕێز ئیبراهیم عەلیزادە، پیرۆزبایی کۆنگرەی ١٧ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی لە هەیئەتی خانەخوێ کرد و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواستن. هەروەها بەڕێز خالید عەزیزی وێڕای بەخێرهێنانی هەیئەتی میوان، چەند بابەتێکی سیاسیی پێوەندیدار بە ئێران و کوردستان و شیکردنەوەی سیاسەت و خوێندنەوەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی سەبارەت بە دۆخی ئێستای ناوچەکە خستە بەرباس.

تاوتوێ و هەڵسەنگاندنی بارودۆخی سیاسیی ئێران و کوردستان و ناوچەکە و پێگەی کورد چەند بابەتێکی دیکەی ئەم دیدارە بوون و لە بەشێکی دیکەی ئەم دیدارەدا هەیئەتی میوان سەردانی موزەی شەهیدانی ١٧ی خەرمانانی مووشەکبارانی قەڵای دێموکراتیان کرد.

## ڕاگەیەندراوی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لەسەر کارەساتی لافاوی بەلووچستان

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران
Cooperation Center of Iranian Kurdistan's Political Parties.
مرکز همکاری احزاب کردستان ایران

**هاونیشتمانانی خۆشەویست!**
**کۆڕ و کۆمەڵە مرۆڤدۆستەکان!**
**خەڵکی مرۆڤدۆستی کوردستان!**

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا شەپۆلی باران بارین لە ئێران و بە تایبەتی لە پارێزگای بەلووچستان کە لە ئێوارەی ڕۆژی هەینی ٢٠ی بەفرانبارەوە دەستی پێکردبوو، بوو بە هۆی لافاوێکی کاولکەر کە لە ماوەیەکی کورتدا چەندین شار و شارۆچکەی ئەو پارێزگایەی گرتەوە و وێرانییەکی یەکجار بەربڵاوی بە دوای خۆیدا هێنا.

بەهۆی ئەو لافاوە بەشێکی زۆر لە خەڵک کە لە نێو خانووە قوڕی و خشتییەکان و لە ژێر گوشاری هەژاری و ستەمی چەندقات و چەوسانەوەی سیستماتیک و ئامانجداردا دەژیان، بە تەواوی ماڵ و حاڵیان خاپوور و شپرزە بووە، چەندین کەس گیانیان لە دەست داوە و بەهۆی سەرڕێژبوونی ئاوی بەنداوەکان، سەدان گوند کەوتوونەتە ژێر ئاو و چۆڵ کراون. ئەوە چەند ڕۆژە کە لافاولێدراوان لە گەمارۆی لافاو و سەرما و برسێتیدا چاوەڕێی گەیشتنی خێرا و بەپەلەی یارمەتیی مرۆیین. ئەوە لە حاڵێکدایە کە لە نێو کاربەدەستانی ڕێژیمدا هیچ جۆرە هەستکردن بە بەرپرسیارێتییەک نابینرێ و تەنانەت لە ڕووی ڕووماڵکردنی هەواڵ و بڵاوکردنەوەی ئامارەکانی ئەو کارەساتە مرۆیی و ژینگەییەشەوە سیاسەتی بایکۆتی خەبەری و پەراوێزخستن و حاشالێکردن و شاردنەوەی ڕاستییەکان لەو هەرێمە بەلالێدراوەدا هەروا درێژەی هەیە.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران وێڕای دەربڕینی هاوخەمیی خۆی بۆ کەسوکاری قوربانیانی ئەو کارەساتە، داوا لە خەڵکی ئێران دەکات بە هەر شێوەیەک کە بۆیان دەکرێ، یارمەتییە مرۆییەکانی خۆیان بگەیەننە خەڵکی بەشمەینەتی ناوچە لافاولێدراوەکان و ڕێگە نەدەن خەڵکی بێدەرەتانی ئەو دەڤەرە پەراوێزخراوە لەوە زیاتر ببنە قوربانی کەمتەرخەمیی کاربەدەستان و سیاسەتە دژەمرۆییەکانی ڕێژیم.

هەروەها داوا لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و ڕێکخراوە خێرخوازی و مرۆڤدۆستەکان دەکەین فریای خەڵکی ناوچە لافاولێدراوەکانی بەلوچستان بکەون و بە گەیاندنی یارمەتیی خێرا و پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیان بەو خەڵکە بەشمەینەتە، ڕێگا لە ڕوودانی کارەساتێکی مرۆیی گەورەتر بگرن.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**٢٤ی بەفرانباری ١٣٩٨ی هەتاوی**

ڕاگەیاندراو

## لە پێوەندی لەگەڵ شەهیدبوونی ئەندامێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری کرماشان




بەداخ و کەسەرێکی زۆرەوە ڕادەگەیەنین کە لە درێژەی سەرکوت و کوشتاری خۆپیشاندەرانی حەرەکەتە ناڕەزایەتییەکانی مانگی خەزەڵوەری ئەمساڵ دژ بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێراندا، هاوڕێمان پوریا ناسریخا، ناسراو بە ئاگری، ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری کرماشان گیانی لێ ئەستێندرا.

شەهید پوریا ناسریخا، خوێندکاری ڕشتەی عومران، ڕۆژی ٢٥ی خەزەڵوەر بە تاوانی بەشداری لە خۆپیشاندانەکانی ئەم شارە دژ بە سیاسەتەکانی ڕێژیم، لە لایەن هێزەکانی ئیدارەی ئیتلاعات لە شاری کەرەج دەستبەسەر کرا. شەهید پوریا بێ ئەوەی کەسوکار و بنەماڵەکەی لە دەستبەسەرکردنی ئاگادار بکرێنەوە و بێ ئەوەی دادگایی بکرێ و دەرفەتی داکۆکیکردن لە خۆی پێ بدرێ، لە ژێر ئەشکەنجەدا لە یەکێک لە گرتووخانەکانی شاری کەرەج گیانی لێ ئەستێندرا. لەو ماوەیەدا هەرچی بنەماڵەکەی پێوشوێنی دەگرن و بەدواداچوون بۆ چارەنووسی پوریا دەکەن، هیچکام لە دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم لە گرتن و کوشتنی پوریا ئاگاداریان ناکەنەوە ونکۆڵی لە گرتنی دەکەن. کەچی دوای دامرکانەوەی خۆپێشاندانەکان و تێپەڕینی زیاتر لە بیست ڕۆژ بەسەر شەهیدکردنی پوریادا، جەستەی بێ‌گیانی ڕادەستی بنەماڵەکەی لە کرماشان دەکرێتەوە و هەڕەشە لە بنەماڵە و کەسوکاری دەکرێ کە بە هیچ شێوەیەک مافی دانانی پرسە و بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنیان نییە.

شەهید پوریا ناسریخا، کوڕی عەلیمراد، لەدایکبووی ساڵی ١٣٧١ی هەتاوی لە شاری کرماشان و، لە زانکۆ سەرقاڵی خوێندنی دوایین ساڵەکانی خۆی لە ڕشتەی عومران‌دا بوو. ناوبراو ڕاست ساڵێک پێش ئێستا، لە مانگی بەفرانباری ١٣٩٧ی هەتاوی پێوەندیی بە ڕیزەکانی حیزب لە نێوخۆی وڵات گرت و شانازیی ئەندامەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی پێ درا. شەهید پوریا خوێندکارێکی زیرەک و ئەندامێکی دڵسۆزی حیزبەکەی بوو کە بەداخەوە دەزگای سەرکوت و کوشتاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران ڕێگەی پێ نەدا زیاتر خزمەت بە گەل و نیشتمانەکەی بکات.

کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەم بۆنەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەسوکاری شەهید پوریا و هەموو خەڵکی نیشتمانپەروەری کرماشان دەکا.

بەرز و بەڕێز بێت یادی شەهید پوریا ناسریخا، ڕوحی شاد بێ و ئامانجە بەرزەکانی بێتە دی.

ڕیسوایی بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**کۆمیسیۆنی تەشکیلات**
**٢٨ی بەفرانباری ١٣٩٨**

# خەڵکی ئێران و دوژمنەکەی!



شەونم هەمزەیی

ئابووری کۆڵەکەی هەر یەکەیەکی کۆمەڵایەتی و دابینکردنی بژیوی ژیانیش لە پێداویستییە بنەڕەتییەکانی هەر مرۆڤێکە، سروشتییە هەر مرۆڤێکیش بۆ مانەوە و بەردەوامیی لە ژیان و گوزەرانی باشدا پێویستە لە ڕووی ئابوورییەوە دڵنیا و بێ گرفت بێ. بەهێزی سیستەمی ئابووریی هەر وڵاتێکیش کە گرێدراوی چییەتی نیزامی سیاسی و چۆنیەتیی ڕوانینی دەسەڵات بۆ دیاردە ئابووری و سیاسییەکانی وڵاتە، کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر هەڵکشان یان داکشانی ئاستی خۆشبژیوی تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیە.

خۆ ئەگەر لە سیستەمە دیموکراتیکەکاندا کە شەرعییەت لە ئیرادەی خەڵک وەردەگرن و خەڵک و داواکانیشیان تەوەری سەرەکیی سیاسەت و دنیابینیی ئەم حکوومەتانەیە، خەڵک بەشێکی زۆر لە مافەکانیان و یەک لەوان مافە ئابوورییەکانیان دەستەبەر کراوە؛ بەڵام لە وڵات و نیزامە توتالیتێر و نادیموکراتیکەکاندا ئەوەی گرینگیی دەدرێتێ خەڵک و چۆنیەتیی ژیان و مافەکانیان نییە، بەڵکوو چەند و چۆنیی مانەوەی نیزامی سیاسی و بەرژەوەندەیی دەسەڵاتە کە گرینگە و لە سەرووی هەموو شتێکە. کۆماری ئیسلامیی ئێران یەک لەو نیزامە توتالیتێر و نادیموکراتیکانەیە کە خەڵکی وڵاتی بەبارمتە گرتوە و کردوونی بە قەڵغان و بەلاگیڕەوە.

وڵاتی ئێران لە سۆنگەی سیاسەتە چەوتەکانی کە دروستکردنی بشێوی و نائەمنییە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و لەبەر ئەوەی دژی هەموو بایەخ و پرەنسیپەکانی سیاسەتی نێودەوڵەتییە، هەم لە ڕووی سیاسییەوە ئیزۆلە کراوە و هەم لە ڕووی ئابوورییەوە گەمارۆی توندی خراوەتە سەر. لە سۆنگەی ئەم گەمارۆیانە و هەروەها بەهۆی گەندەڵیی سیستماتیک لە بازنەی دەسەڵات و حاکمییەتدا و نەخوێندنەوەی خەڵک و ماف و بەرژەوەندییەکانیان، ئەمە هەر خەڵک و ئەویش توێژی ئاتاج و دەستکورتی کۆمەڵگەن کە دەبێ باج و تێچووی سیاسەتەکانی ئەم ڕێژیمە بدەن.

کەڵەکەبوونی ماف و داوا سەرکوتکراوەکان و چوار دەیە پەراوێزخستن و بەهیند نەگرتنەکان کۆمەڵگەی ئێرانی بە تەواوی پشووسوار کردوە، بۆیەش دەبینین هەر دەرفەتێک دەبێتە بیانوو بۆ تەقینەوەی ناڕەزایەتییەکان، کە گرانکردنی نرخی بێنزین تازەترین نموونە بوو کە چەخماخەی ڕاپەڕینێکی جەماوەریی دیکەی لە کۆتایی خەزەڵوەری ئەمساڵدا لێدا.

بەرینبوونی جوغرافیای خۆپیشاندانەکان _بەپێی قسەی نوێنەری کەرەج لە ٧١٩ شوێنی وڵات_ و بەرزکردنەوەی دروشمی ڕادیکاڵ و تێپەڕین لە هەموو هێڵەسوورەکانی کۆماری ئیسلامی دەریدەخەن کە خەڵکی ئێران ئیدی گەیوەتە ئێسکانیان و چی نەماوە لەدەستی بدەن، بۆیەش سەرەڕای سەرکوتی خوێناویی دەسەڵات ئامادە نین دەستبەرداری ویست و داواکانیان بن.

بێئۆقرەیی و ناڕەزایەتیی خەڵکی ئێران بە گرانکردنی نرخی بێنزین کە خەڵتانی خوێن کرا بێهۆ نەبوو، چونکی هێشتا مانگێک بەسەر ئەم ڕووداوەدا تێنەپەڕی کە کاریگەرییەکانی پتر لە هەر کاتێک لە ژیانی خەڵکی هەژار و داماوی وڵاتدا وەدەر کەوتن و هەموو پانتاییەکنی ژیانی کۆمەڵایەتیی خەڵکی _خۆراک، پۆشاک، گواستنەوە، نیشتەجێبوون، پەروەردە، بێهداشت و...__ گرتەوە.

ئابووریی وڵاتی ئێران بەو هەمووە دەوڵەمەندی و بەو پاشخانە بەهێزەی لە نەوت و کانزا و سامانە سروشتییەکان هەیەتی لە ئێستادا بەتەواوی دارماوە، چونکی گەندەڵیی هەوسارپچڕاو تیشەی لە ڕیشەی وەبەرهێنان داوە، هەڵلووشینە دەیان و سەدان میلیارد تمەنییەکانی بازنەی دەسەڵات هیچ ئاهێکی بەبەر ئابووریی وڵاتدا نەهێشتۆتەوە. بەشی زۆری داهاتی وڵات و ئەوەی لە گەندەڵیی بەرپرسان و تێچووی سیاسەتی قەیرانخوڵقێنیی ڕێژیم و کۆک و پۆشتە و تەیارکردنی میلیشیا و گرووپە تێرۆریستییەکانی داردەستی ڕێژیم لە ناوچە بمێنێتەوە، خەرجی هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم ئەویش بۆ سەرکوتی ناڕەزایەتییەکانی خەڵک دەکرێ.

هەر چاوخشاندنێکی کورت بەسەر لایحەی بودجەی ساڵی ١٣٩٩ پێمان دەڵێ کە خەڵک لە ڕوانگەی دەسەڵاتەوە لەکوێی هاوکێشەکاندان؟ کاتێک میسباحی یەزدی، بەرپرسی بنیاتی خومەینی گاڵتەی بە هەژاری و برسێتیی خەڵک دێ و ئەوە بە تاقیکردنەوەی خوا لەسەر عەبدەکانی دادەنێ؛ بەڵام بنیاتەکەت خۆی ١٤٠ میلیاردی لە بودجەی ساڵانە پێدەبڕێ، دەردەکەوێ لە ڕوانگەی ئەوانەوە خەڵک لەکوێ جێ دەگرن و چیشیان دەکەوێ!

با چاو بە چەند ئامارێکی ڕەسمیدا بخشێنین: لە ئێستادا مووچە و حەقدەستی مانگانەی کرێکاران _ کە جاری وایە هەتا شەش مانگیش دوا دەکەوێ_ یەک لە سێی خەرجی و بەڕێچوونی مانگانەیانە. بەهۆی گرانیی داودەرمان و مزی پزیشک لە یەک ساڵی ڕابردوودا ئاماری سەردانکەرانی نەخۆشخانە و نۆرینگە و کلینیکەکان سەتا ٣٠ کەمی کردوە. زیاتر لە نیوەی خەڵکی ئێران لەژێر هێڵی هەژاریدا دەژین و بەهۆی داخرانی کارگە و یەکە پیشەییەکان لە سۆنگەی گەمارۆکانەوە بێکاریش هەر دێ و ڕووی لە زیادبوون دەکا و بەوەش بێداهاتی و هەژاریش پتر پەرە دەستێنێ.

گرانبوونی بەنزین بووەتە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی زیاتر لە نیوەی کاڵاکان و لە سەد کاڵای پێویست نیوەیان نرخەکانیان هەتا پێنج لەسەد زیادی کردوە و...

هەموو ئەو بارودۆخەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەمنیەتی نیشتمانیی خەڵکی ئێرانی بە سوخرە گرتوە و لە پشت قەڵغانی خەڵکەوە شەڕی بەرژەوەندەییەکانی خۆی دەکا. بەڵام ئەمڕۆ خەڵک ئیدی هەموو دەزانن کە دوژمنی ئەوان نەک ئەمریکا و هێزە دەرەکییەکان، بەڵکوو خودی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییە، بۆیە لە هەر دەرفەت و بوارێکدا لەدژی دێنە مەیدانەوە.

# خوێندنەوەیەکی حقووقی لەسەر بەردانەوەی فڕۆکەی ئۆکراینی لەلایەن سپای پاسدارانەوە



فەراز فیرووزی



ئەرکانی گشتیی هێزە چەکدارەکان لە ئاکامدا و لەژێر گوشاری ڕاگەیەنەکان ڕۆژی شەممە ٢١ی بەفرانبار، بە دەرکردنی بەیاننامەیەک دانی بەوەدا نا کە فڕۆکەی ئۆکراینی بە ژمارە فڕینی ٧٦٢ و ١٧٦ موسافیرەوە بەهۆی پەدافەندی سپای پاسداران کەوتووەتە خوارەوە. هاوکات جەواد زەریف لە تویتێکدا گوتی: «لە ئاکامی لێکۆڵینەوە سەرەتایی و نێوخۆییەکانی هێزە چەکدارەکان بۆمان دەرکەوتوە، هەڵەی مرۆیی لە کاتی قەیرانێک کە بەهۆی سەربزێویی ئەمریکاوە هاتبووە ئاراوە، کارەساتی لێ کەوتەوە.» لەدوای ڕوونبوونەوەی هۆکاری کەوتنە خوارەوەی فڕۆکەکە و هاوکاتیی ئەم ڕووداوە لەگەڵ هێرشی مووشەکیی سپای پاسداران بۆ سەر بنکە نیزامییەکانی ئەمریکا لە عێراق، باسی دانەخستنی هێڵی ئاسمانیی لەلایەن حکوومەتی کۆماری ئیسلامییەوە لە کاتی مشتومڕی نیزامیدا، بوو بە پرسیارێکی گشتی. لەم بارەوە تلەڤیزیۆنی ئێران ئینتێرنەشناڵ لە ڕاپۆرتێکی تایبەتدا کە ڕۆژی یەکشەممە بڵاوی کردەوە، باسی لەوە کرد کە: «چەند سەرچاوەیەکی ئاگادار لە نێوخۆ و دەرەوەی ئێران بە ئینتێرنەشناڵیان کوتوە، سپای پاسداران لە شەوی هێرشکردنە سەر بنکە نیزامییەکانی ئەمریکا لە عێراق؛ فڕینە ئاساییەکانی بەئەنقەست ڕانەگرتوە بەو مەبەستەی وەک قەڵغان کەلکیان لێ وەربگرێ.»

**بەڵام کاریگەریی حقوقیی ئەم کردەوە لە حقووقی نێودەوڵەتیدا چییە؟**

دەبێ بابەتەکە بەپێی ڕادەی پێبەندیی ئێران بە بڕیارە نێودەوڵەتییەکان لەسەر هێڵی فڕۆکە مەدەنییەکان تاوتوێ بکرێ. دەوڵەتی ئێران لە ساڵی ١٩٤٤دا چووەتە نێو کونڤانسیۆنی فڕۆکەوانیی نێودەوڵەتی ناسراو بە کونڤانسیۆنی شیکاگۆ. بەپێی مادەی ٣ی ئەم کونڤانسیۆنە کە بە شێوەی پرۆتۆکۆل هاتوە و، ئێران بە دانانی سەنەد لە ژوئەنی ١٩٩٤دا، لە پێناو پاراستنیدا بەرپرسیارە و، لەوێدا بەکارهێنانی هەر جۆرە چەکێک لەدژی فڕۆکە مەدەنییەکان ڕێگە پێنەدراوە. ئەم پرۆتۆکۆلە لەدوای کارەساتی خستنە خوارەوەی فڕۆکەی مەدەنیی کۆرەی باشوور لەلایەن یەکیەتیی سۆڤییەتەوە کە لە نیویۆرکەوە بەرەو سێئوول دەچوو و، بە هەڵە ڕۆیشتبووە نێو خاکی سۆڤییەتەوە و بووە هۆی کوژرانی ٢٦٩ کەس، پەسەند کرا و ئەم ڕێگە پێنەدانە چووە خانەی کاروباری حقووقیی چاودێر بەسەر فڕۆکە مەدەنییەکاندا.

هەڵبەت بە مەبەستی ڕێزگرتن لە دەسەڵاتی دەوڵەتەکان بەسەر خاکی خۆیان، لە مادەی ٩ی ئەم کونڤانسیۆنەدا ڕێگە بە دەوڵەتان دراوە لە ئەگەری ناچاریدا و بەپێی هۆکاری نیزامی دەتوانن لە بەشێک لە ئاسمانی وڵاتەکەیان ڕێگەپێنەدان یا بەرتەسکییەک بەو مەرجەی بە لایەنەکانی تری کۆنڤانسیۆنەکە و ڕێکخراوی فڕۆکەیی وڵات (ئیکائۆ)ش ڕابگەیەندرێ؛ دابنێن.

ئێستا بە سەرنجدان بەوەی کە دەوڵەتی ئێران دەیتوانی لە کاتی هێرشی مووشەکیی خۆی بۆ سەر بنکە سەربازییەکانی ئەمریکا لە عێراق، فڕین لە هێڵی ئاسمانیی نێودەوڵەتی لە وڵاتی خۆیدا هەڵپەسێرێ و یا بەرتەسکی بکاتەوە؛ دوو بابەت دەخەمە بەر باس:

یەکەم، دیوانی دادی نێودەوڵەتی لەسەر کوژرانی ٤٤ ئەفسەری کەشتیی جەنگیی بریتانیا بەهۆی تەقینەوەی مین لە گەرووی کوورفۆ لە ساڵی ١٩٤٦دا کە بەشێک لە سنوورە ئاوییەکانی وڵاتی ئالبانی بوو، دەوڵەتی ئاڵبانیی لەم بارەیەوە بە بەرپرسیار زانی. بنەمای بۆچوونی دیوانی داد لەسەر ئەوە بوو کە بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی دەوڵەت چاودێریی تەواوی هەیە بەسەر خاکی ژێر دەسەڵاتی خۆیدا، لە بەرامبەر ئاگادارکردنەوەی ئەگەری مەترسیی بۆ دەوڵەتانی تر بەرپرس و ئەرکدارە. دیوانی داد لەمەڕ ئاگادارکردنەوە لەسەر ئەو بڕوایەیە کە بەشێک لە بنەما مرۆییەکانە. ئێستا لە بارەی فڕۆکە ئۆکراینییەکەوە دەوڵەتی ئێران نەتەنیا ئاگاداری هەموو مەترسییەک بوو بەڵکوو خۆی بەدیهێنەری مەترسیی لەم چەشنە بوو و، سەرەڕای ئەوەش هەوڵی داخستنی هێڵە ئاسمانییەکان و نەهێشتنی هەڵفڕینی فڕۆکەکانی بەسەر ئاسمانی ئەم وڵاتەوە نەدا.

دووهەم، لە لایەکی دیکەشەوە دیاریکردنی دۆخی حقووقیی چاودێر بەسەر کاتی هێرشی مووشەکیی ئێران و بەدوای ئەوەشدا تەقەکردنی پەدافەندی سپای پاسداران زۆر جێگەی سەرنجە. گونجاندنی مادەی ٢ی هاوبەشی کونڤانسیۆنەکانی ژێنێڤ، هەر لەگەڵ سەرهەڵدانی شەڕی چەکدارانە، یاساکانی چاودێری مافی مرۆڤدۆستانە وەک پشتیوانی لە کەسانی مەدەنی پتانسیێلی جێبەجێ کردنیان هەیە، ئەگەر تەنانەت لایەنی بەرامبەر وەها شەڕێکیشی ڕانەگەیاندبێ. بەپێی لێکۆڵینەوەی کومیتەی نێودەوڵەتیی خاچی سوور لەسەر جێبەجێ کردنی مافی مرۆڤدۆستانە، لە هەر ئاستێک لە شەڕدا ئەم مافە پشتیوانییانە پێویستە ڕەچاو بکرێن. بە سەرنجدن بەوەی کە ئێران ئاگاداری ئەگەری هێرشی دژکردەوانەی ئەمریکا بوو، بەڵام دیسانیش هەوڵی داخستنی هێڵی ئاسمانیی وڵاتی نەداوە. واتای پێچەوانەی ئەم کارە کەلکی خراپ وەرگرتن لە کەشی ئاسمانیی باسکراو و ئەو بەشە لە خاکی ژێر دەسەڵاتە کە پڕ لە جەماوەر و فڕۆکەی مەدەنییە. وێدەچێ کۆماری ئیسلامی بەو مەبەستەی کە ئەمریکاییەکان بەبۆنەی چڕیی فڕینی فڕۆکە مەدەنییەکان لە هێرشی بەرامبەر چاوپۆشی دەکا، ئاسمانیان دانەخستوە.

بنەمای جیاکردنەوەی بنەڕەتە چەسپاوەکان لە حقووقی نێودەوڵەتیدا مرۆڤدۆستانەیە، کە تەنانەت دادگای باڵای ئیسرائیلیش بەکارهێنانی تیئۆریی کوشتاری ئامانجداری بەستووەتەوە بە ئەسڵی جیاکردنەوە و پشتیوانی لە کەسانی مەدەنی. ئەم جیاکردنەوەیە هەندێک جار دەبێتە هۆی بەکارهێنانی خەڵک بە مەبەستی خراپ بۆ نموونە لە خەڵکی مەدەنی وەک قەڵغانی مرۆیی کەلک وەردەگیرێ. بەکارهێنانی قەڵغانی مرۆیی نەتەنیا لە کونڤانسیۆنە چوارێنەکانی ژێنێڤ و پرۆتۆکۆلی یەکەمی ئیلحاقیدا ڕێگە پێنەدراوە بەڵکوو بەپێی شەقی (٢٣)، پاژی (ب)، بەندی (٢) و مادەی (٨)-ی ئەساسنامەی دیوانی کەیفەریی نێودەوڵەتی، بە جینایەتێکی جەنگی دادەنرێ.

**دەرەنجام:**

١- بەپێی حقووقی نێودەوڵەتی، بەکارهێنانی چەکی نیزامی لەدژی فڕۆکەی مەدەنی ڕێگە پێنەدراوە.

٢- ئێران، کۆنڤانسیۆنی شیکاگۆی پێشێل کردوە.

٣- کانادا و ئۆکراین دەبێ هەر لە سەرەتاوە سکاڵای خۆیان پێشکەش بە ئیکائۆ کردبا بە مەبەستی لێکۆڵینەوەی تایبەتی و تکنیکیی بێلایەنانە.

٤- تەنیا لەدوای لێکۆڵینەوەی تکنیکی دەتوانرێ لەسەر بەئەنقەست یا بەئەنقەست نەبوونی بەردانەوەی فڕۆکەکە، قسە بکرێ.

٥- ئەگەر ئێران لە پرۆسەی لێکۆڵینەوەکاندا کێشە دروست بکا و سندووقە ڕەشەکەی فڕۆکەکە نەخاتە بەردەست کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوەی ئیکائۆ، دەوڵەتە خاوەن بەرژەوەندییەکان لەم بارەوە دەبێ بەخێرایی لە شۆڕای ئەمنییەتدا لەدژی ئێران شکایەت بکەن.

٦- سیستەمی دادی ئێران بەهۆی نەبوونی سەربەخۆیی، سەلاحییەتی دادگایی کردنی کەسانی تۆمەتباری نییە و، دەبێ لانیکەم دادگایەکی ad hoc لە وڵاتێکی سێهەم بەدواداچوون بۆ ئەم بابەتە بکا.

٧- ئەرکانی هاوبەشی هێزە چەکدارەکان لە بەیاننامەکەیاندا بەرپرسایەتیی خۆیان لە ئەستۆ گرتوە، بە لەبەرچاو گرتنی بەندی ٤ی ئەسڵی ١١٠ی یاسای بنەڕەتی، ڕێبەری کۆماری ئیسلامی فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانە. هەڵبەت لە سیستەمی دادی کۆماری ئیسلامیدا هیچ دادگایەک توانای پێڕاگەیشتن بە تاوانەکانی ڕێبەری ڕێژیمی نییە!

٨- بەردانەوە و تێکشکاندنی فڕۆکە ئۆکراینییەکە بەهۆی هەر کاربەدەستێکی نیزامی بە هەر پلەیەکەوە بووبێ، دەرخەری بەرپرسایەتیی نێودەوڵەتیی ئێرانە و تەنانەت ئیدیعای نائاگادار بوونی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی لەم بارەوە بە هیچ شێوەیەک وەر ناگیرێ.

٩- دابینکردنی ئەمنیەتی فڕینی نێودەوڵەتیی فڕۆکە مەدەنییەکان یاسای حقووقیی عورفیش لەخۆ دەگرێ.

# پێکهێنانی سمینارێک لە ژێر ناوی «چەمکی نەتەوەسازی» لە ناوەندی ٣ی کوردستان

پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە، ٢٣ی بەفرانباری ١٣٩٨ی هەتاوی. ناوەندی٣ی کوردستان سمینارێکی لەژێر ناوی «چەمکی نەتەوەسازی» بۆ دوکتور سمایل بازیار، مامۆستای زانکۆ پێک هێنا.

لەو سمینارەدا د. سمایل بازیار باسەکەی بە چۆنیەتیی هاتنەسەرکاری ڕەزاشا دەست پێکرد و پێی وابوو ناسیونالیزمی فارس(ئێرانی) بە هاتنەسەر دەسەڵاتی ڕەزاشا بە پشتیوانی کەسانی شارەزا و چەواشەکاری مێژوو هاتۆتە ئاراوە. بەڕێزیان لە درێژەی باسەکەیدا گوتی: «وشەی ئێران و ئاریا لەو دەستەواژانەن کە لەو سەردەمدا هاتنە نێو کایەی سیاسی ئێران و ئەوە ڕەزاشا بوو کە واتای دەوڵەتی وەک چەمکێکی مۆدێرن و ئەمڕۆیی بەسەر جۆغرافیای ئێراندا سەپاند.

د. بازیار لە بەشێکی دیکەی باسەکەیدا ئاماژەی بە بەشێک لە شێعرەکان و سەرچاوە کۆنەکانی قەومی فارس کرد کە پڕن لە دژوازی کە ناتوانرێ بەشی ناسیونالیزمی فارس یا ئێرانی لێ دەربێنن و خۆی پێ ببەستنەوە. بەڕێزیان لە ئاکامگیریی ئەو باسەدا گوتی: «ئێران نەک نەتەوە نییە بەڵکوو بە جوغرافیایەکی بچووکی لەو خاکە دەگوترێ و سیستەمی سیاسی زاڵ بەسەر ئێراندا بۆ یەکدەست کردنی سەرجەم دانیشتوانی ئەم جوغرافیایە کە بە یەک نەتەوە و یەک دەوڵەت دەناسرێ، کاری بۆ کردوە».

دوای باسەکەی کاک سمایل، سمینارەکە بە کۆمەڵێک پرسیار و بابەتی بەشداران کۆتایی هات.



# ڕێگای قودس چیدی بە کەربەلادا تێناپەڕێ!



ڕەحمان سەلیمی

یەکێک لە ستراتیژییە سەرەکییەکانی سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی گرتنەبەری سیاسەتی هەناردەی شۆڕش و ئیدئۆلۆژیی شیعی (بە خوێندنەوەی تایبەتی خۆیان) بۆ وڵاتانی ئیسلامی و بە تایبەت ئەو وڵاتانە بووە کە شیعەیان لێ نیشتەجێیە. سیاسەتێک کە زیاترین تێچووی بۆ گەلانی ئێران بەدواوە بووە و تەنیا تەعبیر لە فراوانخوازیی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی دەکا. ئەگەر نەڵێین دەسپێک، بە دڵنیاییەوە درێژەکێشانی شەڕی عێراق بە تایبەت لە دوای دەرکردنی هێزەکانی سەددام لە خوڕڕەمشار و ناوچەکانی دەوروبەری لە پێناو ئەو ستراتیژە سیاسیە بوو کە ئەوکات بە دروشمی «ڕێگای قودس بە کەربەلادا تێ دەپەڕێ» دەریان دەبڕی. کۆماری ئیسلامی بە دیاریکراوی پشتگیری لە شیعەکان لە وڵاتانی وەک عەرەبستانی سعوودی، بەحرەین، یەمەن، سووریە، لوبنان و عێراق و ... کردووەتە ڕێچکەیەکی نەگۆڕ لە سیاسەتی دەرەکیی خۆی. دەستێوەردان لە وڵاتانی ناوچە بە تایبەت پاش دامەزرانی حیزبوڵڵا لە لوبنان و تیرۆری ئەمریکییەکان لە بەیرووت و سیاسەتی خراپکارانە و تیرۆریستیی جۆراوجۆر لە وڵاتانی ئوورووپایی و ئافریقایی و تەنانەت وڵاتانی ئەمریکای لاتین وایکرد کە کۆماری ئیسلامی بە تەواوی بکەوێتە دەرەوەی چوارچێوە هەنجارییەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و گەشەسەندوو. ئەو بەرەنگاربوونەوەیەش ڕاستەوخۆ خەڵکی ئێرانی کردە قوربانی و تێچوویەکی گەورەی ئابووری، کۆمەڵایەتی و ڕووناکبیریی بەسەردا سەپاندن.

پاش هێرشی ئەمریکا بۆ سەر عێراق و ڕووخانی دەسەڵاتی سەددام و گۆڕانی ڕێژیمی سیاسی و دەسەڵات گرتنی شیعەکان، کۆماری ئیسلامی هەلەکەی قۆستەوە و بەتایبەت پاش چوونەدەرەوەی هێزەکانی ئامریکا لە ٢٠١١، بە هێزێکی گەورەوە ڕووی کردە عێراق و لە شارەکانی ناوەند و خوارەوەی عێراق گەرای هێزە توندڕەو و دژە ئەمریکاییەکانیان دامەزراند و بڕە پارەیەکی زۆریان بۆ تەرخان کرد و، لە پەنا پڕچەک کردن و یارمەتییە داراییەکان بۆ فەرماندە و هێزە چەکدارەکان، پڕۆژەی گەورەی خزمەتگوزارییان وەک دروستکردنی نەخۆشخانە و و یاریگا و دامەزراوەی جۆراوجۆری دیکەی جێبەجێ کرد. بە جۆرێک کە شارەزایان پێیانوایە ئەو سامان و داراییانەی بۆ ئەو مەبەستە تەرخانیان کرد، دەیانتوانی بەشێکی زۆر لە کێشە و گرفتەکانی گەلانی ئێران کە بە تایبەت دوای تەحریمەکانی ئامریکا قووڵ بوونەتەوە، چارەسەر بکەن. کۆماری ئیسلامی سەرەڕای خەرج کردنی پارەیەکی زۆر بە دامەزراندنی دەزگای پڕوپاگەندا بۆ ڕاکێشانی سەرنجی شیعەکانی عێراق، بە کردەوە عێراقی وەک بەشێک لە قووڵایی ستراتیژیی خۆی، کە بە هیلالی شیعی ناو دەبرێ لە قەڵەم دەدا. کاریگەریی کۆماری ئیسلامی لەم وڵاتە بە ڕادەیەکە کە زۆر لە چاودێرانی سیاسی لە سەر ئەو بڕوایەن کە پڕۆسەی سیاسی لە عێراق درێژکراوەی کۆماری ئیسلامیە بە هەمان تایبەتمەندی.

ڕووداوەکانی ئەو دواییانەی عێراق و هێرشی مووشەکیی ئێران بۆ سەر بنکەکانی ئەمریکا لە عێراق، دەرهاویشتەی جۆراوجۆری لێ کەوتەوە و بەتایبەت پەردەی لە سەر ڕاستییەک هەڵدایەوە کە چەند مانگێک بوو بە ڕوونی لە شەقامەکانی بەغدا و بەسرە و کەبەلا و نەجەف و هتد لە لایەن شیعەی ستەملێکراوی عێراقەوە بەرگوێ دەکەوت. ئەو ڕووداوە سکاڵای دەوڵەتی شیعەی دۆستی تارانە لە کۆماری ئیسلامی دژی مووشەکبارانی هێزەکانی ئەمریکا لە خاکی عێراق، کە ئاراستەی شووڕای ئەمنیەتی نەتەوە یەکگرتووەکان کراوە کە بە گوتەی نوێنەری عێراق لە نەتەوە یەکگرتووەکان پێشێلی سەروەریی خاکی عێراق بووە. هەرچەند ئەو هەواڵە کەوتە پەراوێزی کەوتنەخوارەوەی فڕۆکە ئۆکراینیەکە، بەڵام لە هەمان کاتدا بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی تووشی سەرسوڕمان کرد. مستەفا کەواکبیان، ئەندامی کۆمیسیۆنی ئەمنیەتی میللی و سیاسەتی دەرەوەی مەجلیس ڕایگەیاند کە چاوەڕوانیی ئەوەیان نەبووە کە دەوڵەتی عێراق شکایەت لە ئێران بکا.

لەڕاستیدا ئەو سکاڵایەی دەوڵەتی عێراق خستنەڕووی لایەکانی ناوەوەی سیاسەتی عێراقیە بە واتا گشتیەکەی، واتە ئەو سیاسەتەی دەرەنجامی ڕای گشتی و ویستی جەماوەرە و تەنانەت سیستەمە نادیمۆکراتەکانیش ناتوانن بە تەواوی پشتگوێی بخەن. پێشێلکردنی سەروەریی خاکی عێراق کە لەو سکاڵایەدا زەق بۆتەوە پرسێک نییە تەنیا پەیوەندی بە ڕووداوی مووشەکبارانەکەوە هەبێ، بەڵکوو لە ساڵی ٢٠٠٣ بەولاوە لە لایەن کۆماری ئیسلامیەوە پێشێل کراوە. لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە دەوڵەتی عێراق چەندە دەتوانێ پشت بەو پاساوە ببەستێ بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕێژیمی ئێران؟ ئایا پاساوی ئێران بۆ بەرگریی ڕەوا لە دوای کوشتنی قاسم سولەیمانی لە بەغدا، بە پاساوێکی یاسایی دادەنرێ؟

بنەمای سەروەری یەکێکە لە بنەما بنچینەییەکانی یاسای نێودەوڵەتیی هاوچەرخ و سیستەمی نێودەوڵەتیی ئارایی و بە یەکێک لە پێوەرە ڕاستەقینەییەکان بۆ دەوڵەت دادەنرێ. بە پێی یاسا هەموو دەوڵەتان یەکسانن لە سەروەری، جیاوازیەکە تەنیا لە مامەڵەکردن بەو سەروەرییەیە لە ئاستی نێودەوڵەتی و نێوخۆیی، ئەویش بەگوێرەی هێزی دەوڵەتە لە بواری سەربازی و ئابوری و سیاسی. بەڵام بە گشتی هەموو بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان جەخت دەکەنەوە لە سەر ڕێزگرتن لە بنەمای سەروەریی وڵاتان.

سەروەری دەسەڵاتی باڵای دەوڵەتە کە بەکاری دێنێ بۆ حوکمکردن لەسەر هەرێمەکەی و ئابووری و هێزی و سیاسەتی نێوخۆیی و هەروەها ئازادی لە هەڵسوکەوتی دەوڵەت لە پەیوەندیی نێودەوڵەتی بە لەبەرچاوگرتنی بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی. زۆرێک لە زانایانی یاسای نێودەوڵەتی پێیان وایە سەروەری یەکێکە لە پایەکانی دروستبوونی دەوڵەت. بە سەرنجدان بە هەموو ئەوانەی ئاماژەمان پێدان، دەردەکەوێ کە سەروەری چەندە گرینگە بۆ دەوڵەت و پێشێلکردنی سەروەری و یان کەمکردنەوەی، گاریگەریی ڕاستەوخۆی دەبێ لەسەر سروشتی هەڵسوکەوتی نێودەوڵەتی لەگەڵ دەوڵەتدا. بەو پێیە یاسای نێودەوڵەتی بە گرینگیەوە دەڕوانێتە بنەمای سەروەری و لەسەرئەو بنەمایە کۆمەڵێک ڕێسا و بنەمای نێودەوڵەتی بنیات ناوە وەک بنەمای دەستوەرنەدان و بنەمای یەکسانی و هەروەها سەپاندنی بەرپرسیاریەتیی یاسایی لەسەر دەوڵەت، ئەگەر ئەو مافە پێشێل بکا.

بە چاوخشاندنێک بە هەڵسوکەوتەکانی دەوڵەتی ئێران لە ئاستی نێودەوڵەتیدا دەبینین ئەو ڕێژیمە بە درێژایی تەمەنی بە ئەنجامدانی کردەی تیرۆریستی و تێکدانی ئەمنییەت، پێشیلی سەروەری دەوڵەتانی کردوە. ئەو هەوڵانە سنوورەکانی ناوچەییشی تێپەڕاندوە و تەنانەت لە ئوورووپا و ئەمریکا ڕاپۆرتی جۆراوجۆر لە سەر چالاکیی جاسوسی و تیرۆریستیی بەناو دیپلۆماتەکانی ئێران بڵاو بوونەتەوە.

گروپە میلیشیاکانی سەر بە ئێران لە عێراق، کە بەداوی هێرشی داعش بۆ سەر عێراق و بەیاسایی بوونیان لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا، ڕوخسارێکی دەوڵەتی و ڕێکخراوتریان وەرگرتوە، لە ساڵانی ڕابردوودا بەردەوام هێرشیان کردۆتە سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە عێراق و بە تایبەتی بۆ سەر بنکەی هێزە چەکدارەکانی ئەمریکا. بەڵام لە دوای کوژرانی قاسم سولەیمانی، ئێران بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ هێرشی کردە سەر بارەگاکانی ئەمریکا لە عێراق، کە ئەو هێرشە لەنێو خاکی عێراق پێشێلکردنی ئاشکرای سەروەریی خاکی عێراق بوو. لە هەمان کاتدا هێرشە مووشەکییەکەی سوپای پاسداران بۆ سەر قەڵای دێمۆکڕات لە دێسامبری ٢٠١٨دا بە هەمان شێوە پێشێلکردنی سەروەریی خاکی عێراق بوو.

کۆماری ئیسلامیی ئێران لەو بارەوە ئیدعای ئەوە دەکا کە لە هەر دوو حاڵەتی موشەکبارانی خاکی عێراق، چ لە کاتی موشەکبارانی قەڵای دیموکرات و هەروەها لە موشەکبارانی پێگەکانی ئەمریکا، بیانووی بەرگریی ڕەوای بەکار هێناوە، کە پرنسیپێکی نێودەوڵەتییە. بەڵام بەپێی ماددەی ٥١ لە میساقی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەو کردەوەیە ناچێتە خانەی بەرگریی ڕەوا، بەو پێیەی ئەو مەرجانە نەهاتوونەتەدی کە لەو ماددەیەدا هاتوون. چونکە ئەمریکا هێرشی نەکردووەتە سەر ئێران تا ئەو وڵاتە بتوانێ ئیدیعای ئەوە بکا کە دیفاع لە خۆی دەکا. بەڵکوو دیتمان ئەوە کۆماری ئیسلامی بوو لە ڕێگای میلیشیاکانیەوە هێرشی کردە سەر باڵوێزخانەی ئەمریکا، کە بە پێی یاسای نێودەوڵەتی ئەو شوێنانە حورمەت و پارێزراویی تایبەتیان هەیە و بە بەشێک لە خاکی وڵاتەکە دادەنرێن مادام هەڵگری ئاڵای ئەو وڵاتەن. هێرشکارانی سەر باڵوێزخانەی ئەمریکا تەنیا بۆ بردنەپێشی پڕۆژەکانی کۆماری ئیسلامی هێرشیان کردە سەر باڵوێزخانە. بە تایبەت لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دیتمان کە ناوی قاسم سولەیمانی لەسەر دیوارەکانی باڵوێزخانە وەک هێمای پڕۆژەکانی ئێران لە لایەن هێرشکارانەوە دەنووسران. لە لایەکی دیکەوە هاوکات لەگەڵ ئەو هێرشانە، خەڵک لە شەقامەکانی عێراق، بێبەری بوونی خۆیان لە ڕێژیمی تاران دەردەبڕی.

کوشتنی قاسم سولەیمانی لە لایەن ئەمریکاییەکانەوە ڕەواییەت وەردەگرێ بەپێی ئەو ڕێککەوتنە ئەمنیەتییەی کە لە نێوان عێراق و ئەمریکا لە ساڵی ٢٠٠٨ واژۆ کراوە. ئەو ڕێککەوتننامەیە وێڕای جەخت کردنەوەی لە سەر پاراستنی سەربەخۆیی عێراق و سەروەری و دەسەڵاتەکانی لەسەر زەوی و هەرێمەکەی، تێیدا هاتوە کە کۆماری عێراق و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا جەخت دەکەنەوە لە گرینگیی پاراستنی ئەمنیەتی هاوبەشیان و هاوکارییان لە جێگیربوونی ئاشتی و ڕووبەڕووبوونەوەی تێرۆر لە عێراقدا و هاوکاری لە بواری ئەمنیەت و پارێزگاری و بەربەرچدانەوەی کردەوەی دوژمنکارانە و ئەو هەڕەشانەی کە ڕووبەڕووی سەروەریی عێراق دەبنەوە. هەروەها ئەو ڕێککەوتننامەیە جەخت دەکاتەوە سەر ئەوەی کە ئەو هاوکارییە لە سەر بنەمای ڕێزگرتنی تەواوە لە سەروەریی هەر دوو لایەن بە پێی ئامانج و بنەماکانی میساقی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان. کەواتە بە پێی ئەو ڕێککەوتننامە دوولایەنیە ئەمریکا دەتوانێ بەرگری لە کردەوەکانی خۆی بکا لە عێراق و بۆ نموونە کوشتنی قاسم سولەیمانی وەک کەسێکی تێکدەری ئەمنیەتی عێراق و بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لەو چوارچێوەیەدا.

پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە ئێران بە پشتبەستن بە چ بنەمایەکی یاسایی پاساو بۆ هێرشی مووشەکیی بۆ سەر خاکی عێراق دێنێتەوە؟ لەوانەیە وڵامی ئەو پرسیارە پێویستیی بە تێفکرینێکی زۆر نەبێ، لە بەر ئەوەی کۆماری ئیسلامی ناکەوێتە خانەی حکوومەتێکی نۆڕمالی پابەند بە یاسا نێودەوڵەتیەکانەوە، هەر وەک ئەوەی لە نێوخۆی ئێرانیشدا خۆی بە بەرپرسیاری ژیان و گوزەران و ویستەکانی خەڵک نابینێ. دەرەنجامی ئەو هەمووە وەبەرهێنانە سیاسی و ئابوورییەی ڕژێمی ئێران لە وڵاتانی ناوچە کردوویەتی، هەر ماڵوێرانی و بێ دەرەتانی گەلانی ئێرانە، وەک چۆن دەبینین حەشدی شەعبی وەک ئەهرومی سەرەکیی جێبەجێ کردنی کۆماری ئیسلامی لە عێراق، ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر بەرەوڕووی تووڕەیی جەماوەری عێراق دەبێتەوەو ئەوەش یەک واتای هەیە کە بریتیە لە شکستی ڕێژیمی تاران لە عێراق.

***

**هێرشە مووشەکیەکەی ئێران ناچێتە خانەی بەرگریی ڕەوا، بەو پێیەی ئەو مەرجانە نەهاتوونەتەدی کە لەو ماددەیەدا هاتوون. چونکە ئەمریکا هێرشی نەکردووەتە سەر ئێران تا ئەو وڵاتە بتوانێ ئیدیعای ئەوە بکا کە دیفاع لە خۆی دەکا. بەڵکوو دیتمان ئەوە کۆماری ئیسلامی بوو لە ڕێگای میلیشیاکانیەوە هێرشی کردە سەر باڵوێزخانەی ئەمریکا، کە بە پێی یاسای نێودەوڵەتی بەشێکە لە خاکی ئەم وڵاتە**

**کوشتنی قاسم سولەیمانی لە لایەن ئەمریکاییەکانەوە ڕەوایەت وەردەگرێ بەپێی ئەو ڕێککەوتنە ئەمنیەتییەی کە لە نێوان عێراق و ئەمریکا لە ساڵی ٢٠٠٨ واژۆ کراوە. ئەو ڕێککەوتننامەیە وێڕای پێداگری لەسەر پاراستنی سەربەخۆیی عێراق و سەروەری و دەسەڵاتەکانی لەسەر زەوی و هەرێمەکەی، تێیدا هاتوە کە کۆماری عێراق و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا جەخت دەکەنەوە لە گرینگیی پاراستنی ئەمنییەتی هاوبەشیان و هاوکارییان لە جێگیربوونی ئاشتی و ڕووبەڕووبوونەوەی تێرۆر لە عێراقدا**

# کێن ئەوانەی کڕیاری درۆکانی کۆماری ئیسلامین؟



جەمیل سەرمەستی

شۆڕش لە هەر وڵاتێکدا جیا لە کوودتا کە بۆ بەرژەوەندی تاقمێک ئەویش تایبەت هێزە چەکدارەکانە، بە دڵنیاییەوە بەمەبەستی باشتربوونی دۆخی سیاسی و ئابووری و ژیانی کۆمەڵایەتی و بە گشتی هاتنەسەرکاری دەسەڵاتێک دەکرێ کە وەڵامدەری داخوازییەکانی خەڵکی ئەو وڵاتە بۆ ئەو قۆناغ و سەردەمەیە و، ناخ و نێوەرۆکی شۆڕشەکەش بەپێی وشیاری و ڕاددەی سیاسی بوون و تێگەیشتنی گشتیی ئەو خەڵکە هەڵدەسەنگێندرێ. هەموو ئەوانەش ئەمەش پاش بێزاربوون و تەمابڕاوی لە دەسەڵاتە پێشووەکە دێت.

بەم پێیە بە سەرنجدان بە شۆڕشی گەلانی ئێران و ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتیی «حەمەڕەزاشای پەهلەوی» و دواتر ئەزموونی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دەتوانین ئەو ئاکامگیرییە بکەین کە خەڵکی ئێران لە هەڵبژاردنی ئەم نیزامە سیاسییە لەجیاتی نیزامی سیاسیی پێشوو هەڵەیان کرد، ئەوەش هۆکارەکەی بۆ نەناسراوبوونی نیزامی سیاسیی نوێ، پۆپۆلیزم و نەبوونی ئۆپۆزیسیونێکی بەهێز و جەماوەریی بەبەخت دەگەڕێتەوە کە ڕەوتی شۆڕش بەرەو ئاقارێکی دی برا.

لە لایەکی دیکەشەوە بیری تەسکی مەزهەبی و دینی ڕێگە خۆشکەر بوو تا کەسێکی دوگم و چەقبەستووی وەک «خومەینی» بە دنیایەک گرێی دەروونی و ئەخلاقی و ڕق و قینی مەزهەبی و چوارچێوەیەکی فیکریی داخراو کە لە ژووره تاریکەکەی خۆی تێنەدەپەڕی، بتوانێ ئەم هەلە بقۆزێتەوە و دەسەڵاتی ئێران بگرێتە دەست. بنەمای دەسەڵاتی ئەم ڕێژیمە لەسەر درۆ و وادە و بەڵێنی قەت وەدینەهاتوو دامەزرا و تاقمی دەسەڵات بە یارمەتیی هێزی چەکدار سواری شەپۆلی بیری مەزهەبی و داخراوی خەڵک بوون و کۆمەڵگەی ئێرانیان بۆ چەند سەدە دواتر گەڕاندەوە. ناوکی دەسەڵاتی نوێ لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا هەموو هەوڵیان ئەوە بووە پشت لە زانست و مرۆڤایەتی و ژیانێکی ژیرانە بکەن، بیرە کۆنەکان بریقەدار بکەن، تیف‌تیفە و هێلەساوی بدەن و نوێبوون و زانینی ڕاستەقینە و سەردەمیانە ڕەش بکەن و بتۆرێنن، بۆ ئەوەی کە بتوانن بەردەوام بن لە دەسەڵاتدارەتی بەسەر ئەو خەڵکەدا.

هەڵگرانی ئەم بیرە تەسکە لە وڵاتێکی دەوڵەمەند بە پاشخان و سامانێکی یەکجار دەوڵەمەند لە چوار دەیەی ڕابردوودا تەنیا لە فیکری سەپاندنی ئایدۆلۆژی و دەسەڵاتی خۆیاندا بوون، ئەویش نەک هەر بەسەر خەڵکی ئێراندا بەڵکوو دەمەتەقێی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و پاشان جیهانی ئیسلامیش دەکەن و کاوێژی قودس و کەربەلایان خستووەتە سەر زاری خەڵکێکی داخراو وهەڵخەڵەتاو.

ڕێژیمە دیکتاتۆر و توتالیتێرەکان بۆ مانەوەی خۆیان پێویستیان بە خەڵکێکی داخرا و دوژمنێکی وەهمی هەیە کە بەردەوام خەڵکی پێ بترسێنن و جاروباریش شەڕێک هەڵگیرسێنن، یان تەپڵی شەڕیان دایم دەنگی بێ و بەم شێوەیە بتوانن دەنگە ناڕازییەکان دەمکوت بکەن و دەستیان بۆ هەر جینایەتێک ئاوەڵا بێ.

درۆ و چەواشەکارەکانی کۆماری ئیسلامی بەپێی هەلومەرج و بارودۆخەکان گۆڕانی بەسەردا هاتوە و ئێستا ئیدی ڕێژیم نە دەتوانی دزی و گەندەڵییەکانی بشارێتەوە و نە سەرپۆش لەسەر جینایەتەکانی دابنێ. تێکنولۆژی و ئینترنێت و بە تایبەت تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و گەیشتنی چرکەیی هەواڵ و زانیارییەکان و بچووک بوونەوەی دنیای ئەمڕۆ و هەروەها تێگەیشتنی سیاسیی خەڵک و چالاکیی چالاکانی مەدەنی و سیاسیش لە هەموو بوارەکاندا، بەتایبەت لەو بوارانەی کە بۆ کۆماری ئیسلامی بڤە بوون وردەوردە درزی خستە نێو شوورە بەڕواڵەت پۆڵایینەکەی کۆماری ئیسلامی. بۆیە هەتادێ لەو سۆنگەیەوە زیاتر خەڵک وشیار دەبنەوە و درۆی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامیش جیا لەلای مشەخۆرەکانی چیدی کڕیاریان نەماوە.

کۆماری ئیسلامی وەکوو هەموو ئەو ڕێژیمانەی خۆیان لە نوێبوونەوە دەپارێزن و لە ڕاستیشدا نە خۆیان و نە بیروبڕوایان و نە سیستمی حوکمڕانیان و یاسا و ڕێسایان بەرگەی ئەو تەکان و شەکانەی ئەم سەردەمە دەگرێ و نە خۆیشیان دەیانهەوێ ڕوو لە مرۆڤایەتی و ژیانی سەردەمیانە بکەن. بەهۆی سیاسەتی چەوتی ڕێژیم وڵات کەوتۆتە ژێر گەمارۆی قورسی وڵاتانی زلهێز و ڕۆژبەڕۆژ پتر لەڕووی ئابووری و تەنانەت سیاسیشەوە هەناسەی سوار دەبێ و، تەنانەت لەو وڵاتانەشدا کە سامانی گشتیی ئێرانی بۆ خەرج کردوون هەتا بیانکاتە حەسارخەڵوەتی خۆی، بێزراو بووە و خەریکە جێی پێ لێژ دەکرێ کە عێراق و لوبنان لەو نموونانەن.

لە نێوخۆی وڵاتیشدا بەهۆی وشیاربوونەوەی خەڵک و ئەو ڕووداوانەی کە لەم دواییانەدا ڕوویاندا، وەکوو «کوژرانی قاسم سولەیمانی، سەرکردەی تێرۆریستەکانی سپای پاسداران و خستنەخوارەوەی فڕۆکەیەکی مەدەنیی ئۆکراین و کوشتنی ١٧٦کەس و ڕاپەڕینی چینی خوێندکار و ڕووناکبیری کۆمەڵگە بە دروشمگەلی ڕادیکاڵ و توند و جیاواز لە هەموو خۆپیشاندانەکان ئامانجدار و ڕوو لە تێکڕای دەسەڵاتی سیاسی و نیزامی کۆماری ئیسلامی و شکاندنی هەموو هێڵە سوورەکان و ئەو نافەرمانییە مەدەنی و نارەزایەتییانەی کە لە هونەرمەندان، سینەماکاران، خوێندکاران، ژنان، و بەگشتی هەموو چین وتوێژەکانی کۆمەڵگەی ئێرانی گرتۆتەوە، دەردەکەوێ کە چیدی ڕێژیم ناتوانێ ڕەواییەتێک بۆ خۆی بگەڕێنێتەوە.

بەگشتی ئەم شیکارییانە دەمانگەیێنێتە کۆمەڵگەیەکی زیندوو و مافخواز کە نەک هەر کۆماری ئیسلامی ناتوانی تێیدا بە ئاسانی درێژە بە دەسەڵات و زوڵم و زۆریی خۆی بدا، بەڵکوو مزگێنییە بۆ داهاتوویەکی گەش و مرۆڤانە، چوونکە خەڵکێک بگاتە ئەو ئاستە کە چارەنووسی خۆی بەدەستەوە بگرێ و خۆی بە بەرپرسیار بزانێ لە ئاست ڕوودا و پرسەکانی وڵاتەکەیدا و بەو ڕاددەیە وشیار بێتەوە، بە دڵنیاییەوە هیچ دیکتاتۆرێک ناتوانێ حوکمی بکا و بەسەریدا زاڵ بێ.

# دیرۆکی خۆڕاگری

(لە دێکۆمێنتەکانی ئەنجوومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان)

# باوک و کوڕ لە زیندانی بێدادیدا



سەعید باختە

(بەشی دووهەم)

ئەوکات کە من گیرابووم، گرووی زەربەتی سپا هەموویان خەڵکی «خمین شهر» بوون. شەوانە دەچوونە مەئمورییەت و بەبێ تەلەفات نەدەهاتنەوە و بە ڕۆژیش دەهاتنە لای من و ئەزیەتیان دەکردم و مەسخەرەیان دەکردم. ڕۆژێک فەرماندەکەیان کوژرابوو و زۆر تووڕە و نارەحەت بوون و هاتن بانگیان کردم و وەپێش خۆیان دام. گوتم بۆ کوێم دەبەن، گوتیان ئێعدامت دەکەین. گوتم خۆ ئێستا دادگایی نەکراوم ئێعدامی چی؟ گوتیان فەرماندەکەمان کوژراوە و دەبێ تۆڵەی لەتۆ بکەینەوە. لەبن دیوارێک ڕایانگرتم و چاویان بەستم و گێلان گێدانی تفەنگیان کێشا. هەموو ئەوانە بۆ ئازاردانی ڕووحی بوو.

بەو برینداری و بەو وەزعە خراپەی کە هەمبوو ماوەی مانگێک لە ئینفرادیدا بووم. نەئاگام لەکەس بوو نە کەسیش ئاگای لەمن بوو. ماوەی سێ مانگ لە مەهاباد بووم، ملاقاتیشم نەبوو. پێش من بابمیان برد بۆ زیندانی دەریا لە ورمێ و دوای تەکمیلی پەروەندەی منیش، دەگەڵ جەمعێک لەو پێشمەرگانەی لە قازیاوایە گیرابوون وەک حوسێن چاوشێنی و شەهریار باهووش و یۆنس بەیتاسی و محەممەد قارەمانی چاویان بەستین و سواری ماشێنیان کردین و بردیانین بۆ زیندانی دەریا و لەوێ چاوم بە باوکم کەوتەوە.

دوای نیزیک بە ٤ مانگ یەکەم ملاقاتیان دا بە من و بابم. دایکم و منداڵەکان هاتبوون. هیچ کاممان توانای قسەکردنمان نەبوو و کارمان تەنیا گریان و چاولێککردن بوو.

دوای چەند مانگ مانەوە بردیانمە دادگا. حاکمی شەرع و دادستان و بازجوو لەوێ بوون. گوتیان بە حوکمی ئەوەی چەکت پێ بووە و بەدژی نیزام قیامت کردوە و زیددی ئینقلابی، بە محارب دەناسرێی و مەحکووم بە ئێعدامی. دوایە هێنایانمەوە زیندان و لەو ڕۆژەوە هەر چاوەڕوانی جیبەجێکردنی حوکمەکەم بووم. پاش ماوەیەک پەروەندەکەم هاتەوە و گوتیان بە پلەیەک داشکاندن سزاکەم بۆ زیندانی ئەبەد گۆڕاوە.

بەپێی ئەوەی حوکمەکەم هاتبۆوە لە بابمیان جودا کردمەوە و بردیانم بۆ بەندی سیاسی کە بەندی ٧و٨ بوو. لە بەندی تازە چاوم بە عەرەبی کەوتەوە کە پێشتر حوکمی ١٥ساڵیان دابوویە. پاشان جەماعەتێکی دیکەم ناسی کە شوێنەواری زۆر باشیان لەسەر من هەبوو لە ماوەی ئەو ٦ساڵ زیندانی بوونەمدا.

وردە وردە برینەکانم چاک دەبوونەوە و بە وەرزش و کتێب خوێندنەوە زیندانمان تێدەپەڕاند .ساڵەکانی دەهەی ٦٠ دەهەی ئێعدام و بێ سەروشوێنی و بلاتەکلیفی زیندانییەکان بوو. ڕۆژ نەبوو چەند کەسێک ئێعدام نەکرێن و هۆیەکەشی ئەوە بوو کە هەموو ڕۆژێ پێشمەرگە عەمەلیاتی دەکرد و پاسداران بە لێشاو دەکوژران و ئەوانیش تۆڵەی خۆیان لە زیندانییەکان دەکردەوە. جارێک ٣٠ کەسیان پێکەوە ئێعدام کرد و جارێک ٢٤ کەسیان ئێعدام کرد و جارێک دوازدە کەسیان ئێعدام کرد و دوایە کار گەیشتە ٥٩ نەفەرەکەی مهاباد کە زۆربەیانم دەناسی و لە زیندان دیبوومن.

ئەو ماوەیەی کە لە بابمیان جودا کردبوومەوە حەوتووانە یەکترمان لە حەساری زیندان دەدی کە دەهات بۆ نەوت وەرگرتن. باوکم لە ڕێگەی پاک و خاوێنی زیندان کەمە داهاتێکی دەست دەکەوت و دەیناردەوە بۆ دایکم و منداڵان، بەڵام زۆری نەبرد کە ئێعدامیان کرد. لە ڕێگەی کەسێکەوە هەواڵم زانی کە باوکم بۆ ئێعدام دەبەن. بەهەر جۆرێک بوو خۆم گەیاندە پاش قفڵە و دیتم دەستی بابمیان گرتوە و دەیبەن. هاوارم کرد کە ڕاوەستن. هەم ئەمن و هەم بابم دەپاڕاینەوە کە ئیجازەمان بدەن یەکتر لە باوەش کەین و خودا حافیزی بکەین، بەڵام نەیاندەهێشت. بابم هاواری کرد و گوتی بێدینانە لە بنەماڵەکەم هەر ئەو کوڕەم لێرەیە، لێمگەڕێن با ماچی بکەم . پاسدارەکانیش زۆر بێبەزێیانە جنێوێکیان پێدا و گوتیان ئەگەر بێدەنگ نەبی کوڕەکەشت دێنینە لای تۆ . ئەمنیش ئەوە هەر دەگریم و دەپاڕێمەوە بەڵام فایدەی نەبوو بابمیان برد و منیشیان بە گریانەوە بردەوە بەندەکەی خۆم. چەند ڕۆژ دواتر ئەخباری ئوستانی کە هەواڵەکانی کوردستان و عەمەلیاتەکانی باس دەکرد، لە هەواڵەکاندا ڕایگەیاند ئەحمەد باختە کە مەحکوم بە ئێعدام بووە، حوکمەکەی جێبەجێ کراوە... دوایە بیستم دایکم چوو بوو تەرمەکەی وەرگرێتەوە و نەیاندابۆوە کە بیبا لە مهاباد بینێژێ، بەڵام نیشانیان نەیاندابۆوە و پێیان گوتبوو لە قەبرستانی ئەرمەنییەکان لە قوڵکەیەکیان هاویشتوە و گڵیان بەسەر داداوە؛ شوێنەکەشیان نیشان دابوو. لەو بارودۆخەدا ئەمن لە زیندان‌دا فکری بنەماڵە و ئازاری نیو زیندان و بێدەسەڵاتی ئۆقرەیان لێ هەڵگرتبووم.

وردە وردە ئێمە لە زینداندا خۆمان سازمان دا و وەک تەشکیلاتێکی غەیری ڕەسمی کۆبوونەوەمان دەگرت و هەواڵەکانمان بە یەکتر دەگەیاند. ساڵەکانی ٦٣ و ٦٤ و٦٥ ساڵی خۆتەحویلدانەوەی پێشمەرگەکان بوو، بۆ ئێمە لە نێو زینداندا زۆر ناخۆش بوو بە تایبەتی ئەگەر فەرماندەیەک خۆی تەحویل دەداوە دەیان هێنا بۆ زیندان و قسەی بۆ ئێمە دەکرد. بەرپرسانی زیندان و ناوەندە ئەمنیەتییەکان مەبەستیان ئەوە بوو کە رووحیەمان تێک بشکێنن و واز لە حیزب بێنین، بەڵام ئەو پیلانەیان هیچ سودێکی نەبوو، چوونکی دەمانزانی ئەو پێشمەرگە تەسلیمییانەش کە دەیاناهێنان هیچیان بە دڵەوە قسان ناکەن و ڕەنگە لەژێر شکەنجەدا مەجبووریان کردبن.

**(بەشی ٣ و کۆتایی لە ژمارەی داهاتوودا)**

# نارەزایەتییە گشتییەکان لە نێوان واقع و مودیرییەت کردنیاندا



سمایل شەڕەفی

**تێگەیشتن لەوەیکە چیدیکە بزووتنەوە جەماوەرییەکان بە پێچەوانەی ڕابردوو سەیری ڕۆڵی تاکەکەس لە شکڵ و ماهییەتی "کاریزما"دا ناکەن و چاویان لە هێزێکی غەیبیی "ڕزگاریدەر" نییە، ناکرێ هێندە دژوار بێت. بەتایبەت ئەو هێز و لایەنە ئۆپۆزیسیۆنانەی کە بە دیوەکەی دیکەی کۆماری ئیسلامی ئێراندا، ئەوەندەی بیر لە داسەپاندنی ئیدئۆلۆژییەکی تایبەت بەسەر کۆمەڵگەدا دەکەن و لەم چوارچێوەیەدا وێنای نیزامی سیاسیی داهاتوو لە تاران دەکەن، زۆر کەمتر پشت بە ئیرادەی خەڵک دەبەستن، ناتوانن ڕۆڵێکی ئەوتۆیان هەبێت**

نارەزایەتییە ناوەناوەکانی ئەم سێ ساڵەی خەڵکی ئێران دژ بە نیزامی کۆماری ئیسلامی ئێران، جیا لەوەیکە تەعبیر لە جۆرێک لە لێبڕاوبوونی کۆمەڵگەی ئەم وڵاتەیە بەرانبەر بە نیزامی سیاسیی زاڵ و خۆسەپێن، بەڵکوو دەرخەری جۆرێک لە ئاڵۆزیی سیاسی و کۆمەڵایەتیی خودی ئەم کۆمەڵگەیەشە کە دەکرێ وەک بەشێک لە کەمایەسییە هەرە ئەساسییەکانی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی ئێران سەیری بکرێ. ئەگەر لە ساڵانی پێشووتردا ئەم کەمایەسیانە لە حاڵەتی بچووک و بڵاودا دەبیندران، ئێستا بە حوکمی بەربڵاوی و بەرەدەوامتربوونی نارەزایەتییەکان دەشێ وەک دیاردەیەکی سیاسی – کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەی ئەمڕی ئێراندا سەیر بکرێت و تا ڕادەیەک بەشێک بێت لە کولتووری ڕەفتاریی ئەمڕۆی خەڵکی ئێران. بۆیە قسەکردن لە فۆڕم و نێوەرۆکی نارەزایەتییەکانی خەڵکی ئێران لە چوارچێوەی بزووتنەوەیەکی ئازادیخوازانەدا کە پێمان وابێ خاوەنی سەرەتا و کۆتاییەکی دیار بێ، نەتەنیا ئاسان نییە، بەڵکوو وێدەچێ درووستیش نەبێ. هەر وەک چۆن ناکرێ ڕووداوەکان بە ڕوونی پێشبینی بکرێن، هەر بەو ڕادەیەش خوێندنەوەیەکی یەکدەست و پاکەتی بۆ ئەم نارەزایەتیانە لە ئێراندا دەکرێ دوورکەوتنەوە لە واقعەکان و بەلارێداچوونی لێ بکەوێتەوە.

ئەم تایبەتمەندییە ڕەفتارییە لە بزووتنەوە نارەزایەتییەکانی ئێراندا ئەگەر بەشێکی بەستراوە بە کارتێکەریی نیزامێکی ئاڵۆز و چڕی وەک کۆماری ئیسلامییە، هۆکارە ڕیشەیی و کولتوورییەکەی پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە «فرەیی» و بەرجەستەبوونەوەی زیاتری ئەم فرەییەوە هەیە. «فرەیی»ی لە هەموو بەستێنە کۆمەڵایەتییەکانی ئەم کۆمەڵگە فرەچەشنەدا، بۆتە هۆی جیاوازیی ڕەفتاری و فکری کە ڕێی لە یەکدەستبوونی مەرام و ئامانجەکان گرتوە. حاشا لەوە ناکرێ کە زۆربەی زۆری خەڵکی ئێران خوازیاری لاچوون یان لانیکەم گۆڕانی نیزامی سیاسیی ئێستای ئەم وڵاتەن، بەڵام ئەم زۆرینە زۆرە لە ڕوانینیاندا بۆ داهاتووی ئەم وڵاتە و جۆری نیزامی سیاسی لە تاران، جیاوازیی ئەساسی و لێک دوور هەیە. بۆیە کە دێتە سەر کردەوە و هەڵوێستگرتن، ڕەفتارەکان یەکدەست و یەک ئاراستە نین. قووڵبوونەوەی ئەم جیاوازییانە کە هۆکارگەلی جۆراوجۆر وەک بەرزبوونەوەی ئاستی شعووری نەتەوەیی نەتەوەکانی ئێران و هەستکردن بە هەڵاواردنی مەزهەبی و بێ عەداڵەتی و ... لە پشتە، لە سەر ئاستی گشتی پێوەندیی بە ماهییەتی سیستەمی سیاسیی وڵاتەوە هەیە کە تا ئێستاش لەم جیاوازییانە بە قازانجی مانەوەی خۆی کەڵک وەردەگرێ. ئەوە بەو مانایە نیە کە بوونی جیاوازییەکان و فرەییمان لە بەستێنە جۆراوجۆرەکاندا پێ نەرێنی و بەربەست بێت، بەڵکوو قسە لە واقعیەتێکە کە پێویستە لەسەر ئاستی بزووتنەوەی سەرانسەریی بەرانبەر بە ڕێژیم و بۆ هەنگاونان بەرەو داهاتوویەکی ڕوون مودیرییەت بکرێ.



کە قسەش لە «مودیرییەت» لە بزووتنەوە نارەزایەتییەکانی ئێران دێتە ئاراوە، دەستبەجێ قسە لە ڕۆڵی بەرەی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی وڵات دەکرێ کە هەر ئەم باسە و چاوپۆشیکردن لە ئەکتەرەکانی دیکەی دەرەوەی ئەم بازنە لەم بزووتنەوانەدا، پێدەچێ وێنایەکی واقعی بزووتنەوەکە نەدرێ بە دەستەوە. قسەکردن لە ڕۆڵی ئۆپۆزیسیۆن لەم بزووتنەوانەدا(ئەگەر ڕۆڵێکیان هەبووبێ)، هەمیشە لە لایەن دەزگای سەرکوتی ڕێژیمەوە زەقکراوەتەوە و بۆ پاساوی سەرکوت و کپکردنی دەنگی ناڕازییان بەکاریان هێناوە. لەم پێوەندییەدا کاربەدەستانی سیاسی و ئەمنیەتیی ڕێژیم و بەتایبەت عەلی خامنەیی بەردەوام هەوڵیان ئەوە بووە کە خۆپێشاندەران و دەنگە ناڕازییەکان، بەستراوە بە «عوامل خارجی» و «ضد انقلاب» ناوبهێنن و بەم پاساوە هەوڵی سەرکوتکردنیان بدەن.

جیا لە خوێندنەوە و ڕەفتاری ڕێژیم بۆ «ڕۆڵی ئۆپۆزیسیۆن» لە بزووتنەوە نارەزایەتییەکانی ئێران، پێویستە ئەو واقعیەتە قبووڵ بکەین کە لە قۆناغی ئێستای خەباتی خەڵکی ئێراندا، چیدیکە ئۆپۆزیسیۆنی ئامریکا و ئوروپانشین نەتەنیا کاریگەریی ئەوتۆیان بەسەر ئەم نارەزایەتیانەوە نییە، بگرە تێگەیشتن و خوێندنەوەشیان لەم بزووتنەوانە هێندێکجار نا واقعی و دوورە. تێگەیشتن لەوەیکە چیدیکە بزووتنەوە جەماوەرییەکان بە پێچەوانەی ڕابردوو سەیری ڕۆڵی تاکەکەس لە شکڵ و ماهییەتی «کاریزما»دا ناکەن و چاویان لە هێزێکی غەیبیی «ڕزگاریدەر» نییە، ناکرێ زۆر چەتوون بێت. بەتایبەت ئەو هێز و لایەنە ئۆپۆزیسیۆنانەی کە بە دیوەکەی دیکەی کۆماری ئیسلامی ئێراندا، ئەوەندەی بیر لە داسەپاندنی ئیدئۆلۆژییەکی تایبەت بەسەر کۆمەڵگەدا دەکەن و لەم چوارچێوەیەدا وێنای نیزامی سیاسیی داهاتوو لە تاران دەکەن، زۆر کەمتر پشت بە ئیرادەی خەڵک دەبەستن، ناتوانن ڕۆڵێکی ئەوتۆیان هەبێت. هەر وەک خودی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیی دەرەوەی وڵاتیش خۆیان ئەم حەقیقەتە باش دەزانن، ئەم باسە – بەو خەستییەی لە سەرەوە باس کرا – کوردستان و ڕۆڵی حیزبە سیاسییەکان ناگرێتەوە. ئەوە بەو مانایەش نییە کە پێمان وابێ بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان و حیزبە سیاسییەکانی بەرانبەر بە کۆماری ئیسلامی ئێران و داهاتووی ئێران و کوردستان بێگیروگرفتن.

ڕەوتی خۆپێشاندانەکانی ئەم سێ ساڵەی دوایی (لە بەفرانباری ١٣٩٦ەوە تا بەفرانباری ١٣٩٨) لە ڕوانینی یەکەمدا ڕەوتێکی تایبەت لە قۆناغێکی نوێی بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی ئێران دژ بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران دەگەیەنێ؛ مەودای نارەزایەتی دەربڕینەکان تا دێ کەمتر و کەمتر دەبنەوە، لە ڕووی پانتایی جوغرافیاییەوە خۆپێشاندانەکان بەرین و بەرینتر بوونەتەوە، درووشمەکان پێکهاتەشکێن و ڕادیکاتر لە ڕابردوون و ڕوویان لە هەموو لایەنەکانی نێو دەسەڵاتە بە بناژۆخواز و ڕیفۆرمخوازەوە و هەزینەکان قورس و خوێناویترن. لە بەرانبەردا دەزگاکانی سەرکوتی ڕێژیم دڕتر لە جاران بەوپەڕی دڕندەییەوە خەڵک دەکوژن، داواکاریی خۆپێشاندەران نەتەنیا گوێیان لێ ناگیردرێ بەڵکوو خودی خۆپێشاندەران بە داردەستی وڵاتانی بێگانە دەزاندرێن و لە هەموو خراپتر ڕێبەری ڕێژیم، عەلی خامنەیی ڕاستەوخۆ پێی وتن کە ئەوانە ئێرانی نین!

داهاتووی ئەم نارەزایەتی دەربڕینانە هەر وەک پێشتریش باسمان کرد، پێشبینی کردنیان ناتوانێ ئاسان بێ. بەڵام ئەوەی لەم نێوەدا ڕوونە و دەکرێ لە سۆنگەیانەوە لێکدانەوە بۆ داهاتوویەکی لێڵ و ناڕوون بکرێ ئەوەیە کە؛ یەکەم؛ ئەم ڕەوتە لە خەباتی خەڵکی ئێران دژ بە کۆماری ئیسلامی ئێران ناوەناوە هەر دەچێتە پێش و بەردەوام دەبێت. دووهەم ئەوەیکە لە سەر ئەقڵییەتی سەرسەختانەی عەلی خامنەیی و پشت بەستنی بە سپای پاسداران، بیستنی دەنگی خەڵک لە لایەن ئەم ڕێژیمەوە نامومکینە. ئەم قۆناغە لە گەڵ ئەوەیکە تەمەنێکی کورتی دەبێ، بەڵام پڕ دەبن لە ڕووداوی ئاوس بە گۆڕانکارییەکی بنچینەیی.

ئەمە ئەو تەسویرە گشتی و بەرچاوەیە کە دیتنی زۆر سەخت نییە. بەڵام وێنا چەتوونەکە ئەو واقعیەتە هێشتا نادیارەیە کە لە کۆی تەواوی ئەم ڕەفتارە پڕ لە فرەیی و جۆراوجۆرییەوە درووست دەبێ. ئێران وڵاتێکە پڕ لە پێناسەی ئاڵۆزی پێکهاتەی نەتەوەی و مەزهەبێ کە هیچکام تا ئێستا نەیانتوانیوە ڕەوتی ئاسایی خۆیان لە دۆخێکی ئاسایی دا بپێون. هەموو ئەم تایبەتمەندییە فرەییانە بارگاوی بە دەیان ساڵ لە سەرکوت و هەڵاواردن کە لە کۆتاییدا توانیویانە لەژێر هژموونی ڕەوتێکی دیکەی سیاسی-نەتەوەیی‌دا خۆ لە ئاسمیلەبوون ڕزگار بکەن. ئەم وڵاتە کە مەوقعیەتێکی شازی جوگرافیایی هەیە لە خانەی شەڕی بەرژەوەندیی زلهێزە جیهانییەکاندا، کارتێکی پڕ لە ڕەمز و ڕازی کایە ناوچەیی و جیهانیەکانە. بۆیە ناکرێ تەنیا بە ڕوانینێکی ڕووکەشانەوە، زۆر خۆشبینانە لە دەلاقەی چەند دروشمێکی خۆپێشاندەرانەوە قسە لە داهاتووی ئێران بکرێ.

کوردستان
ژمارە: ٧٦٦
٣٠ی بەفرانباری ١٣٩٨ _ ٢٠ی ژانویەی ٢٠٢٠

# هەڵبژاردنەکانی مەجلیس و هەوڵە سیستماتیکەکان بۆ یەکدەست کردنی زیاتری دەسەڵات



ڕەزا محەممەدئەمینی

بڕیارە ڕۆژی هەینی، دووی ڕەشەمە هەڵبژاردنەکانی یازدەیەمین خولی مەجلیسی شووڕای ئیسلامیی ڕێژیم بەڕێوە بچێ. وەک هەموو هەڵبژاردنەکان لە کۆماری ئیسلامیدا ئەمجارەش شووڕای نیگەهبان بەشێکی بەرچاوی ئەو کەسانەی بۆ نوێنەرایەتیی مەجلیس ناونووسییان کردبوو، بەهۆی جۆراوجۆر ڕەد کردەوە. لەو نێوەدا ئەوەی تەنانەت سەرنج و ناڕەزایەتیی حەسەن ڕووحانی و ڕیفۆرمخوازە حکوومەتییەکانی لێکەوتەوە، ڕەدی شیاویی زۆربەی هەرەزۆری ڕیفۆرمخوازەکان لە ئاستی ئێران، بەتایبەت لە تاران و شارە گەورەکان بوو. شووڕای نیگەهبانی ڕێژیم کە ڕاستەوخۆ لەژێر چاودێریی خامنەییدایە، بەوەش ڕانەوەستا و شیاویی زیاترلە ٩٠ نوێنەری مەجلیسی ئێستای بۆ مەجلیسی داهاتوو ڕەد کردەوە کە لە نێویاندا کەسانی وەک، علی موتەهەری، مەحموود سادقی و ئەلیاس حەزرەتی دەبیندرێن. شووڕای نیگەهبان هۆکاری سەرەکیی ڕەدی شیاویی زۆربەی نوێنەرانی مەجلیسی گەڕاندۆتەوە بۆ ئەوەی کە ئەو کەسانە پێبەندیی خۆیان بۆ ڕێبەر و نیزامی کۆماری ئیسلامی نەسەلماندوە و وەک دەڵێن دەستیان هەبووە لە گەندەڵیشدا. دیارە لەکەس شاراوە نییە کە گەندەڵی لە کۆماری ئیسلامیدا نەهادینە کراوە و بووەتە جمکی ئەو دەسەڵات و ڕێژیمە و هەموو کاربەدەستەرەدەباڵاکان دەستیان لەگەندەڵیدا هەیە و تێوەیگلاون.

هەرچەند هەڵبژاردنی ڕاستەقینە لە ئێرانی ژێردەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا بەهۆی بەناو «نەزارەتی ئیستسوابی»ی شووڕای نیگەهبان و فیلتێرەکانی دیکەی دەسەڵات هیچکات نەبووە و، لە هەموو هەڵبژاردنەکاندا هەزاران خوازیار کە لە نێویاندا کەسانی باوەڕپێکراوی خەڵک هەبوون، ئیزنی هاتنە مەیدانی هەڵبژاردنیان لێ زەوت کراوە و بەگشتی ڕێژیم بەپێی گرینگیی هەڵبژاردنەکان موهەندیسی کردوون، بەڵام بەو حاڵەش هەڵبژاردنەکان دەرەتان و مەجالێک بوون بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتیی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران و هەروەها هێنانەوە بەرباسی ویست و داواکانیان.

شک لەوەدا نییە هەڵبژاردنەکان و ئاکامەکانی، وەک هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری، هەڵبژاردنی مەجلیس و هەروەها شووڕای شارەکان بۆ هەر دوو باڵی دەسەڵات گرینگیی هەبووە و، ئەو هەڵبژاردنانە مەیدانێکیش بوون بۆ پاکانەحیسابی باڵەکان لەگەڵ یەکتری؛ وەک هەڵبژاردنی مەجلیسی حەوتەم کە خامنەیی و شووڕای نیگەهبان و بەگشتی باڵی زاڵ بەسەر دەسەڵاتدا بە تۆڵەی مەجلیسی شەشەم کە بە مەجلیسی ئیسلاحات دەناسرا، بە شێوەیەکی بێوێنە دەستیان دایە ڕەدی شیاویی ڕیفۆرمخوازەکان و زۆرینەی مەجلیسیان بۆ خۆیان مسۆگەر کرد. هەروەها لە هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری لە ساڵی ٨٨دا خامنەیی و سپای پاسداران بە دزینی دەنگی زیاتر لە دە میلیۆن دەنگی خەڵکی ئێران بە قازانجی مەحموود ئەحمەدینژاد وەک کاندیدای باوەڕ پێکراوی خۆیان، لە لایەک لەگەڵ ڕاپەڕینی خەڵکی ناڕازی بەرەوڕوو بوون و بۆ دامرکاندنی ئەو ناڕەزایەتییە جینایاتی زۆریان خوڵقاند و لە لایەکی دیکەش خامنەیی ئابڕووی خۆی و نیزامەکەی لەسەر دانا و لاپەڕەیەکی نوێی لە بێباوەڕیی خەڵکی ئێران بە ڕێژیمەکەی هەڵدایەوە.

ئێستاش کە هەڵبژاردنی نوێنەرانی مەجلیس لە ڕەشەمە بەڕێوە دەچێ، بۆ جارێکی دیکە دەبینین هەم ململانێی باڵەکانی ڕێژیم و ناکۆکییەکانیان زیاتر لە جاران زەق بوونەتەوە و شووڕای نیگەهبان زۆربەی زۆری ڕیفۆرمخوازەکانی لە بازنەی هەڵبژاردن دەرهاویشتوە و، هەمیش بێمتمانەیی خەڵکی لە نیزامی ئاخوندە شەییادەکان بەتایبەت پاش ڕاپەڕینەکانی بەفرانباری ٩٦ و خەزەڵوەری ڕابردوو و هەروەها کردەوەی جینایەتکارانەی تەقە لە فڕۆکەی مسافیرهەڵگری ئۆکراین لەلایەن سپای پاسدارانەوە کە ١٧٦ قوربانی لێکەوتەوە و، شەپۆلی ڕق و بێزاریی کۆمەڵانی خەڵکی ئێرانی وەڕێخست، وایان کردوە کە هەر لە ئێستاوە دەرکەوێ کە ئەو هەڵبژاردنە لەگەڵ بەشداریی زۆر کەمی خەڵکی ئێران بەرەوڕوو بێ؛ بەتایبەت کە گەلانی ئێران لەمێژە بەو ئاکامە گەیشتوون کۆماری ئیسلامی دەسەڵاتێکی دژیگەلییە کە ئیزن بە هەڵبژاردنی ئازاد نادا.



لە کوردستانیش وەک جاران ئەو هەڵبژاردنە دەبێتە مەیدانی دەربڕینی ناڕەزایەتیی خەڵکی وەزاڵەهاتووی کورد لە سیاسەت و کردەوە دژیگەلییەکانی ئاخوندەکان و ئەم جارش بەتایبەت پاش ڕاگەیەندراوی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لەمەڕ بایکۆتی هەڵبژاردنی نوێنەرانی مەجلیس لە ڕەشەمەدا، خەڵکی کوردستان لەچاو شار و ناوچەکانی دیکەی ئێران کەمترین بەشداری لە هەڵبژاردندا دەکەن. خەڵکی کوردستان لەمێژ ساڵە لەوە گەیشتوون کە کۆماری ئیسلامی ڕێژیمێکی سەرکوتکەری کوردکوژە کە نەک هەر هیچ بایەخێک بە ویست و داخوازەکانیان نادا، بگرە بە توندترین شێوە هەر چەشنە ناڕەزایەتی دەربڕینێک بە سەرکوت و زیندان و تەنانەت سێدارە وڵام دەداتەوە و، گیانی تاکی کورد چ وەک چالاکانی مەدەنی و پیشەیی لە زانکۆ و خوێندنگەکان و چ لە شاخ و بەندەن و ناوچە سنوورییەکان وەک کۆڵبەر و کاسبکاران هیچ بایەخێکی بۆ ئەوان نییە، تەنیا تاکی کورد کاتێک مافی هەیە کە گوێڕایەڵی دەسەڵاتداران و کاربەدەستەکانیان لە کوردستان بێ. هەر بۆیەش چاوەڕوان ناکرێ بەشداریی کورد لە هەڵبژاردنی ئەم جارە بەرچاو بێ و ڕەنگە سندووقەکان بە فرتوفێڵ و دەنگی ساختە پڕ بکەنەوە.

دیارە هاتنە سەرشەقام و دەربڕینی ناڕەزایەتی لە ئێران لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا نەپساوەتەوە و ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانی چین و توێژەکانی کۆمەڵگە، بەتایبەت کرێکاران و خوێندکاران و مامۆستایان و ژنان و مایە پووچکراوەکانی بنکە و بونیاتەکانی سەر بە ڕێژیم بەردەوام بووە و ئێران و شەقامی شارەکانی، بوونەتە ناوەندی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیدەربڕین، بەڵام ئەگەری زۆر هەیە لەو ماوەیە و لە بەرەبەری هەڵبژاردنی ڕەشەمە خەڵکی وەزاڵەهاتووی کوردستان و ئێران، شەپۆلێکی بەهێزی دیکەی ناڕەزایەتی وەڕێخەن و کۆڵەکەکانی دەسەڵات بهەژێنن. بەتایبەت کە لەدوای خستنەخوارەوەی فڕۆکە مسافیربەرییەکەی ئۆکراین لەلایەن سپای پاسدارانەوە، ناڕەزایەتییەکانی خەڵکی کە پاش کوژرانی قاسم سولەیمانی فەرماندەی هێزەکانی قودسی سپای پاسداران لەلایەن ئەمریکاوە، بە شێوەیەک نسکۆیەکی تێکەوتبوو، دیسان هەڵگیرسایەوە و ئێستا کەشێکی بەتەواوی ئەمنی و گران باڵی بەسەر شارەکاندا کێشاوە و ئاخوندەکان لەوە گەیشتوون کە کۆماری ئیسلامی لەرزۆکە و دەبێ بە زەبری هێز و سەرکوت و تۆقانی زۆرتر بیپارێزن. لەڕاستیدا کوژرانی قاسم سولەیمانی و ئەو شین و گابۆڕ و قوڕپێوانەی خامنەیی و سپای پاسداران کردیان و ئەو شانۆیەی لە شارەکانی ئێران وەڕێیان خست و ئەو وەهمەی کە گۆیا خەڵکیان بەلای خۆیان ڕاکێشاوە لە پاش ئەو جینایەتەی خوڵقاندیان، وەک بڵقی سەر ئاوی لێهات و وەبیر کۆمەڵانی خەڵکی ئێرانی هێناوە ئەو ڕێژیمە و ئاخوندە شەیادەکان کێن و چ بەڵایەکیان بەسەر ئێراندا هێناوە.

کۆماری ئیسلامی بە هەستیارییەوە دەڕوانێتە هەڵبژاردنی نوێنەرانی مەجلیس و هەر دوو باڵی ڕێژیم ئەگەر کێشمەکێشی ڕەدکردنەوەی شیاویی نوێنەرانی ڕیفۆرمخوازیان هەیە، یان لە شێوەی دەسەڵاتداری و سیاسەتەکانی نێوخۆ و دەرەوەدا ناکۆکیی قووڵیان هەیە، لەوەدا کە دەبێ خەڵکی ئێران هان بدەن بۆ بەشداریی هەرچی زیاتر لە بەناو هەڵبژاردنی مەجلیس و هێنانە سەر سندووقەکان بۆ دەنگ دان، هاوڕان؛ ئەوان بەتەمان شەرعییەتی لەکیسچوویان بە هێنانی خەڵک بۆ سەر سندووقەکان بکڕنەوە و، بە بیروڕای گشتیی ئێران و جیهان بڵێن ئەو ئاپۆڕایە گەورەیەی لە بەفرانباری ٩٦ و خەزەڵوەری ٩٨ لە زیاتر لە ١٠٠ شاری گەورە و بچووکی ئێران شەقامیان داگیر کرد «خەڵک» نین و، ئەوەی دێنە سەر سندووقی دەنگدان خەڵکن. ئەوان بۆ چەواشە کردنی بیروڕای خەڵک و پاراستنی دەسەڵاتە ڕەشەکەیان پەنا بۆ هەموو ئامراز و کردەوەیەکی نامرۆڤانە دەبەن و لەسەر ئەو باوەڕەن «ئامانج» (پاراستنی کۆماری ئیسلامی) پاساوە بۆ کەلکوەرگرتن لە «ئامراز»، جا ئەو ئامرازە کوشتنی بەکۆمەڵی خەڵکی ناڕازی بێ، وەک کوشتاری نیزیکەی ١٥٠٠ کەس لە خۆپیشاندانەکانی مانگی خەزەڵوەری ڕابردوو و ئاخنینی بەندیخانە و ئەشکەنجەگەکان لە خەڵکی بێزار لە ڕێژیم و چالاکانی بوارە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵ بێ؛ یان پچڕانی تۆڕی ئینتێرنێت و داخستنی دەرگای پێوەندییەکان لەگەڵ نێوخۆ و دەرەوە بێ، یان ڕاکێشانی زۆرەملیی خەڵک بۆ شەقامەکان و بەشداری پێکردنیان لە هەڵبژادنەکان بێ؛ گرینگ بۆ خامنەیی و ئاخوندەکان ڕاگرتنی باڵانسی دەسەڵات بەقازانجی کۆماری ئیسلامی لە تەواویەتی خۆیدایە؛ لەو سۆنگەیەوە دەست بۆ هەر ئامرازێک درێژ دەکەن.

داهاتووی کۆماری ئیسلامی ڕوون و ئاشکرایە و ئەو ڕێژیمە توانای خۆڕاگری لە بەرامبەر ناڕەزایەتیی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران لە نێوخۆ و ئەو گوشارە دەرەکییانە نییە کە بۆخۆی خولقێنەری بوون. هەموو دەمڕاستەکانی ڕێژیم بە خامنەییشەوە لەلایەک تووشی ترس و تۆقان لە ڕووخانی دەسەڵاتە نگریسەکەیان و تۆڵەی گەلانی ئێران بوون، کە زیاتر لە چوار دەیەیە لەژێر نیری یەخسیری ئاخوندەکاندا دەناڵێنن و لە لایەکی دیکەش ئامادە نین لە ئاست کەمترین ویست و داواکانی خەڵکی ئێران ملکەچ بن؛ بەوحاڵەش بەردەوامبوون لە سەرکوت زەبروزەنگ لە نێوخۆی وڵات هێز و تاقەتی سەرکوتکەران لە ئاست خۆڕاگریی گەلانی وەزاڵەهاتوو لاواز دەکا و لە دەرەوەش و لەهەمبەر ئەو قەیرانانەی خولقاندوونی، درێژەدانی سیاسەتی «نە شەڕ و نە ئاشتی» لە بەرامبەر ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی و هەروەها بەردەوامیی هەڕەشەکانی ڕێژیم، لەلایەن ئەمریکا و وڵاتانی ئوروپایی جێی قەبووڵ نییە و ئەم جارە کۆدەنگییەکی باش لەدژی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی پێک دێ و لەو گێژاوەدا ئەوەی دۆڕاوی سەرەکییە، ئاخوندە شەیادەکانی دەسەڵاتدار لە ئێرانە و زۆر دوور نییە ڕۆژی هاتی گەلانی ئێران بە گەلی کوردیشەوە بێتە دی.

***

دارسمە
دارسمە دەنووکی لە سمین ناپارێزێ

# «دارسمە»ش بووەتە گالیله

ئەم گالیلەیە تۆوێکی خراپی بۆ چاندووین. هەمووی خەتای ئەوە. «کۆپرنیت»زانای پێش گالیلە، زۆر لە گالیلە زووتر زانیبووی زەوی وەک ئەستووندەک نەچەقێنراوە و چەقی ڕەق و تەقی هەسارەکان نییە و «خۆر»یش وەک فرفرە بە دەوریدا ناسووڕێتەوە.

ئەو دەیزانی زەوی لەکاتێکدا بە ٢٤ کاتژمێر جارێک وەک خولخولە بە دەوری خۆیدا هەڵدەسووڕێ، لە هەمانکاتدا بەدەوری خۆریشدا دەخولێتەوە. بەڵام «کۆپرنیک»ی زانا وەک گالیلە خوا لێی نەگۆڕیبوو و ئەم خول و سووڕانەی گۆی زەوی نەکردبوو بە هاتوهاوار. ئەگەر کاک ناگالیلە بێدەنگەی لێکردبایە، ڕەنگە ئێمەش نەمانزانیبایە زەوی بەم خێراییە بە دەوری خۆیدا دەسووڕێتەوە و فێری بێدەنگی دەبووین و حیز و سەلامەت ژیانمان ڕادەبوارد.

منی دارسمەش دەردی گالیلەم گرتوە و خەریکم سەری خۆم بە فەتەڕات دەدەم. بەخۆم و بەم سەرودەنووکە بچووکەم دەمهەوێ دەست و قاچی «ئاغا» بخەمە نێو کاژەڵاکی گوێزەوە. دەڵێن جاری جاران ئەگەر هەتیو مەتیوی توقە و سۆدرە، پشیلەیان دەگرت، سەری پەنجەی هەر چوار دەست و قاچیان دەخستە نێو نێوەی قاپۆرە گوێزێک. جا پشیلەی ماڵوێران لە چەنگ و نینۆک دەکرا و نە دەیتوانی بۆ پێشەوە پەل باوێ و نە دەشیتوانی بۆ دواوە بگەڕێتەوە و هەر دەبوو هەوڵی بێهوودەی دابا. «ئاغا»ش لە ئەم ڕۆژانەی دواییدا بە مەردەی پشیلەی گۆڕین چووە و دوای ٨ ساڵ، هەفتەی ڕابردوو یەکەم جار بوو قەنناسە بەدەست هاتە نێو خەڵک و چەند کڕنۆشێکی بەدرۆی بۆ خوا برد. بەڵام دیاربوو هەر چوارپەلی لە نێو توێکڵە گوێزدا ماونەتەوە.

ئێستا ئەم پرسیارە لای کەسانی وردبین و چازان دەخوڵقێ کە ئەم شێر و ڕێوی هێنانەوەیە چ پێوەندییەکی بە گالیلە و مالیلەوە هەیە؟ پێوەندییەکەی ئەوەیە ئەوەی من لە خوارەوە سەبارەت بە «ئاغا» دەیڵێم، زانایانی بەر لە منیش دەیزانن، بەڵام ئەوان وەک کۆپرنیگ بێدەنگەیان لێی کردوە و منیش گالیلەئاسا خەریکم ملی لە دەزوو باریکترم دەخەمە بەر گیوتینەوە.

جا ئەمجارە وەرنە سەیری ئاغا کە چۆن قاچ و دەستی لە نێو توێکڵە گوێزکاندا گیری خواردوە، پەل داوێ و ناتوانێ هەنگاوێک بچێتە پێشەوە.

دیسان دەیڵێمەوە، ئەوەی لەمەدوا باسی دەکەم، تەنیا تۆزقاڵێکیشی خۆم نەمدۆزیوەتەوە و هەمووی کاری «کۆپرنیک»ەکانی دیکەیە:

– ئەوان دەزانن ئابووریی وڵات ڕووخاوە و «ئاغا»ش باسی سەربەخۆیی ئابووریمان بۆ دەکا و من دەیڵێم.

– ئەوان دەزانن هەناردەی نەوتی ماڵی «ئاغا» لە مانگانە ٣ میلیۆن و نیو بەرمیلەوە بۆ خوارووی ٣٠٠ هەزار بەرمیل دابەزیوە و هەر من دەیڵێم.

– ئەوان دەزانن وڵات بێ فرۆشتنی نەوت ناتوانێ لە بواری ئابوورییەوە لەسەر قاچی خۆی بوەستێ و هەر من دەیڵێم.

– ئەوان دەزانن درۆی گرفتی تەکنیکیی فڕۆکە ئۆکرانییەکە لەلایەن ماڵی «ئاغا»وە سازکرابوو و هەر من دەڵێم.

– ئەوان دەیانزانی بە دوو مووشک فڕۆکەکە پێکرابوو و هەر من دەیڵێم.

– ئەوان دەیانزانی کاتێک فڕۆکە ئۆکرانییەکە لە فڕۆکەخانەی ئیمام هەرامەوە هەستاوە لە ژێر چاودێریی سوپای پاسداراندا بووە و هەرمن دەیڵێم.

– ئەوان دەیانزانی فڕۆکەکە هەتا لە ئاسمانی ئێران دەردەچێ، لەنێو بورجی چاودێریی فڕۆکەخانەدا لە سەر مۆنتیۆری ئامێری چاودێری دیار دەبێ و هەر من دەیڵێم.

– ئەوان دەیانزانی ئەگەر پەدافەند تەقەی لە فڕۆکەی شەڕکەر کردبایە نەیدەنگاوت، بەڵام هەر لە نێو مۆنیتۆری باندی چاودێرییەوە ئەم فڕۆکەیە ئەنگێوراوە و هەر من دەیڵێم.

– ئەوان دەیانزانی نەوەیەکی خومەینی بڕیاربووە لەگەڵ ئەم فڕۆکەیە بڕوات و گێڕاویانەتەوە و هەر من دەیڵێم.

– ئەوان دەزانن ئاغا بە خۆی و بە دارودەستەی ئەوەندە بچووک بووەتەوە لە نێو توێکڵە گوێزێکدا جێگەیان دەبێتەوە و بۆ هەمیشە خللۆر دەبنەوە، ئەویشیان هەر من دەیڵێم.

بروا بکەن ئەوەی گوتم هەمووی وڕێنەبوو. یانی وڕێنە نا هەمووی لە خەیاڵ و فانتازیای هەستی بەگالیلە بوون سەرچاوەی ورگرتبوو. ئێستاشی دەگەڵدا بێ کە چاوتان پیت و وشە و ڕستە و دێڕانەی پێکهێنەری ئەم نووسراوەیە دەنگێوێ، هەر وام دەزانی گالیلەم. بەڵام ئێستا بیری لێ دەکەمەوە دەڵێم خوایە زۆر شوکر نەبووم بە گالیلە و هەروا دارسمەم.

ئەگەر دارسمە نەبوایەم، ناچار بووم باسی زۆر شتی دیکە بکەم کە هەم ئێوەی کۆپرنیک سیفەت دەیانزانن و هەم منی گالیلە سیفەت. ئیدی ئەوکات ئێوە لە زانایی خۆتانتان دەفشی و بە گەوجیەتیی من پێدەکەنین. خۆ ماڵی «ئاغا» بە خۆی و بە دارۆغە و مارۆغەکانی ئەوەندەیان تین دەبەردا نەماوە و لە گیانەڵڵادان. بەڵام چاوی جاسووسێم کوێر بێ و ئەنگوستی پەلپێتێکیم شکێ، ئەگەر منیش زۆری لەدوو بدەم و ئەوەی بن بەڕەی بخەمە سەربەڕەی، وەک گالیلە دەکەومە بەر غەزەبی کلیسا و وەک عەبولعەزیزە کۆڕەی داسنی دەبێ بووکی خۆم بە نامرادی بنێرمەوە ماڵی دەباوان. هەر لەبەر ئەمەشە دارسمەم و دەچمەوە سک دارکوتانی خۆم و ئەگەر گالیلەش مابایە پێم دەگوت: «سەری گوتیە زمانی، هەتا ئەتۆم جیرانی، خۆشیم نایەتە گیانی».

## شلێر مەحموودی:

# پێشەنگایەتیی ژنان لە ناڕەزایەتییەکانی ئەم دواییانەدا پڕستیژ و ئێعتباری زیاتری بە بزووتنەوەی ژنان بەخشیوە

**دیمانە: شەونم هەمزەیی**

**هەتا دێ ژنی کورد لە ڕەوتی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و مەدەنییەکانی کۆمەڵگەدا پتر دیار و شوێندانەر دەبن. ژنانی کورد بە پێناسەیەکی نوێ لە بوونگەرایی خۆیان لە کایە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا بەشدارن و سەرەڕای هێزمەندیی کۆمەڵگەی پیاوسالاری کوردستان و تێپەڕنەکردنی قۆناغی ڕزگاری نەتەوەیی، بەڵام توانیویانە شوێنپەنجەی بە سەر زۆر لە گۆڕانکارییەکانەوە دیار بێ. "کوردستان" لە بارودۆخی ئێستای ئێران و تەقینەوەی ناڕەزایەتییە گشتییەکان بە ڕووی کۆماری ئیسلامیدا، بۆ زیاتر باسکردن لەسەر ڕۆڵ و پێگەی ژنان و چەندی و چۆنیی بەشدارییان لەو بزووتنەوانەدا وتووێژێکی لەگەڵ خاتوو شلێر مەحموودی، ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات و سکرتێری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان پێک هێناوە.**

**سەرەتا با بەو پرسیارە دەست پێ بکەم، ژنان ئەمڕۆ لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە قۆناغێکی گرینگ لە گەشە و پێشکەوتندان، وەک دەبینین لە بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکانی ئەم دواییانەشدا نەک دیار و بەرچاو، لە ڕیزی پێشەوەشن؛ ئایا ئەمە هۆکاری تایبەتیی هەیە؟**

بۆ وڵامی ئەو پرسیارە دەبێ هۆکاری ناڕەزایەتییەکان بزانین چین. لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی پێشووتر خۆپێشاندانەکان زوو بە زوو سەر هەڵدەدەن و بەشداریکردنی ژنان جار لەگەڵ جار ڕوو لە هەڵکشانە. ئەگەر بگەڕێمەوە بۆ مێژوو، لەساڵی ١٣٥٧دا و دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، تەنها دوو حەوتوو دوای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی، نووسینگەی خومەینی بڕیاری هەڵپەساردنی قانوونی پاراستنی خێزان و سەپاندنی حیجابی زۆرەملیی دەرکرد. ڕۆژی پێش ڕووداوە مێژووییەکەی ١٧ی ڕەشەمە خومەینی لە قسەکردنی لە قوتابخانەی "ڕیفاه"دا ڕایگەیاند کە ژنانی فەرمانبەر لە ئیدارەکانی حکوومەتدا بە مەبەستی پاراستنی ئابڕوویان پێویستە حیجابی ئیسلامی بپۆشن. هەر ڕۆژی دوای ئەو قسانە ژنانێک کە بەبێ سەرپۆش هاتبوون بۆ شوێنی کاریان ڕێگەیان پێنەدرا بچنە سەر کارەکانیان. ئەوە بووە هۆی ئەوەی هەزاران ژن لە دامودەزگا ئیدارییە جیاوازەکان لە تاران خۆپێشاندان بکەن و، لەسەر مافی خۆیان وەجواب بێن. ئەوە بەو مانایە دێ کە ژنان یەکەمین توێژی کۆمەڵگەن کە لەدژی دەسەڵات و قانوونەکانی کۆماری ئیسلامی و ئەم سیستمە دژیگەلییە ڕاپەڕیون.

بۆیە دەمەوێ بڵێم کە بەشداریی بەرچاوتری ژنان لە ئێستادا هەر لە درێژەی هەڵوێستی بوێرانە و پێشەنگایەتیی ئەوانەوە دێ کە لە هەر دەرفەتێکدا بوونی خۆیان سەلماندوە و وەک بەشێک لە کۆمەڵگە ڕۆڵی خۆیان دەبینن و کاریگەریی خۆیان لەسەر ڕووداوەکان بەجێ دێڵن.

**ئەوەندەی ژنان پێشەنگن و لە بەرگی ڕێکخەر و بزوێنەری ناڕەزایەتییەکاندا دەردەکەون، ئەوەندەش دەسەڵات دەیەوێ ڕۆڵی ژنان بە کەم بگرێ، تەنانەت سووکایەتیی ئەوەیان پێدەکا کە ژنان ئیرادەیان نییە و ئامرازن بە دەست لایەنە دەرەکییەکان. وەک ئەو دانانانە زۆرەملێیەش کە لە فاتمە دادوەند بڵاویان کردەوە کە گوایە هەڵفریواوە و حیزبە سیاسییەکان بەمەبەست بەکاریان هێناوە. ترسی ڕێژیم لە بەشداریی ژنان لە چییەوە سەرچاوە دەگرێ کە بەمجۆرە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکا؟**

هەر چین و توێژێکی کۆمەڵگە دژ بە نیزامی کۆماری ئیسلامی بجووڵێتەوە، ڕێژیم هەم بە کەمیان دادەنێ، هەم تۆمەتی بەستراوەیی بە ئۆپۆزیسیۆن و لایەنە بیانییەکانیان دەداتە پاڵ. هەروەک لە باسی فاتمە دادوەنددا کە خۆتان ئاماژەتان پێ کردوە و زۆر حاڵەتی تر، مەبەست لەوەش پەروەندەسازییە و بۆ ئەوەیە ئاسانتر بە تۆمەتی چالاکیی ئەمنیەتی لە دژی حکوومەت سەرکوتیان بکا. کۆماری ئیسلامی هەموو کات ترسی لە هاتنە مەیدانی ژنان بووە، چونکی دەزانێ ژنان نیوەی کۆمەڵگەن و ئەگەر ئەم نیوەیەی کۆمەڵ بجووڵێ و بێتە ڕیزی خۆپیشاندەران و ناڕەزایەتییەکان؛ بەهۆی کاریگەریی ژنان لە بزواندنی بەشەکانی دیکەی کۆمەڵگە ناتوانێ بەرهەڵستی ناڕەزایەتییەکان بێتەوە. بۆیە لەلایەک بە کەمیان دەگرێ و لەلایەک بە داردەست و ئامرازیان ناو دەبا و نایەوێ دان بەو ماتەوزە هەراوەی ژنان دابنێ کە بە ئاراستەی گۆڕانکارییەکان ئەویش لە دژی ئایدۆلۆژی و بەرژەوندییەکانی ڕێژیم دەچێتە پێشێ.

کۆماری ئیسلامی بە سیستمی سیاسی، بە بیانووی دین و شەریعەت، بە قانوون و لە ڕێگەی هەموو کۆت و بەندە کۆمەڵایەتی و دابو نەریتەکانەوە ژنانی سەرکوت کردوە، بەڵام ژنان دەستیان بەر نەداوەتەوە و پێملی ئەو چارەنووسە نەبوون کە ڕێژیم بۆیانی دیاری کردوە. بۆیە بەرتەسکترین دەلاقە و چووکترین دەرفەتەکان دەقۆزنەوە هەتا بوونی خۆیان بسەلمێنن و بڵێن کە چوار دەیە سیاسەتی سەرکوتگەریی ڕێژیم نەیتوانیوە ئەوان لە شوناسی ڕاستەقینەی خۆیان دابڕێ.

**ئەوەندە کە ژنان پتر لە بزووتنەوەکەدا بەشدارن، ئایا ئەوەندەش بزووتنەوە ئێعترازییەکانی ئەم دواییانە توانیویەتی گۆڕان لە دۆخی ژنان و لە بزاوتی مافخوازیی ژناندا پێک دێنێ؟**

بێگومان بێدەسکەوت نەبوون. ژنان لە ئێران کۆمەڵێک داب و نەریت و یاسا و ڕێسای کۆمەڵگەیان شکاندوە کە ناتەبان لەگەڵ ئەو بەها و بایەخانەی کۆماری ئیسلامی بانگەشیان بۆ دەکا. ئەوەش ئێعتباری زیاتری بە بزووتنەوەی مافخوازیی ژنان بەخشیوە. دیارە ئەگەرچی دەستکەوتەکان زۆر و بارتەقای تێچووەکان نین، بەڵام هەر ئەوەی کە ژنان بەردەوامن لە خەبات و تێکۆشانیان ئەوە پڕستیژێکی دیکەی بە مەوقعییەتی ژنان داوە. لەبیرمان نەچێ کە بەشێکی زۆری وزەی خەباتگێڕیی ژنان لە قۆناغی ئێستای ناڕەزایەتییەکاندا لە خزمەت پرسە گشتییەکاندایە،

ئەمن گومانم نییە کە ئەگەر ژنان هەوڵەکانیان تەنیا بۆ دەستەبەر کردنی مافە تایبەتییەکانی خۆیان بێت، دەسکەوتی زیاتریان دەبێ.

**زۆر جار باس لەوە دەکرێ کە ژنان بەپێی پێویست و بارتەقای ئەم زوڵمەی لێیان دەکرێ و ئەو مافانەی لێیان زەوت کراوە لە مەیدانەکەدا نین؛ ئەم چاوەڕوانییانە چەندە لە جێی خۆیاندان؟ یان بوێریی کچان و ژنانێکی وەک زارا محەممەدی و سپیدە قولیان بۆ دەبێ وەبەر چاو نەیە؟**

کۆماری ئیسلامی بەهۆی دەسەڵاتی سەرکوت و سیستمی دژەژن بوونی مەیدانی خەبات و تێکۆشان بۆ ژنانی زۆر بەرتەسک کردووە، هەروەها تێچووی چالاکیی سیاسی و بەرهەڵست بوونی بۆ ژنان زۆر بردووەتە سەرێ، ئەمە هۆکارێک بووە کە زەبروزەنگەکە بۆ ژنان دوو قات و تەنانەت چەند قات بێ.

لەبیرمان نەچێ کە کۆمەڵگەی ئێران کۆمەڵگەیەکی سوونەتیشە، کۆماری ئیسلامیش بەردەوام هەوڵی داوە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی نەریتی لە بەرژەوندیی مەرامەکانی خۆی بەکار بێنێ، کە یەک لەوان ئەم کۆت و بەندانەن لە کۆمەڵگەدا بەدژی ژنان هەیە. ئەوانە هەمووی بارگرانیی زیاتر بوون لەبەردەوام بزووتنەوەی مافخوازیی ژناندا. بۆیە ئینساف نییە بەشداریی ژنان، قوربانیدانی ژنان و هەموو ئەو تێچووانەی ژنانی چالاک لەپێناو سەرخستنی بزووتنەوە گشتییەکان و جوولانەوەی ژناندا دەیدەن بە کەم بگیردرێ.

ژنان بۆ شکاندنی تابۆکان و بەرەوپێشچوونی زیاتر پێویستییان بە پاڵپشتی و هاوکاریی چین توێژەکانی تری کۆمەڵگەیە. هەروەها پێویستییەکی دی یەکڕیزی و بەیەکەوە وەدەنگ هاتن و یەکتر داپۆشینی چین و توێژەکانە بۆوەی ناڕەزایەتییەکان ئاکامی بەرهەستتری لێ بکەوێتەوە.

بۆ وێنە جەنابت ناوی "زارا" و "سپیدە"ی هێنا. ئەم دوو کەسە هیچیان لەسەر چالاکیی تایبەت بە ژنان دەسبەسەر نەکراون و لە سۆنگەی چالاکیی بەرچاویان لە حەوزەی گشتیی ماف و داخوازییەکان گیراون؛ بۆیە دەبێ زۆر بە ڕێزەوە چاویان لێ بکرێ و بەهێند وەربگیرێن کە بە خۆشییەوە واش بووە. زارا و سپیدەکانیش لە هەناوی کۆمەڵگەدا کەم نین، نموونەی ئەو ژنە بوێر و بەجەرگانەمان زۆر دیوە لە ناڕەزایەتییەکانی ئەم دواییانەدا. هەروەها لە نێو ئەو ژنانەدا کە ڕۆڵە و ئازیزەکانیان لەدەست دا، بەڵام بە حەماسەت و بە بوێرییەوە دەرکەوتوون و لەسەر داخوازی ڕۆڵەکانیان کە داخوازی ئەوانیشە سوورن.



**بەڵام کە دروشمەکانیش دەبینین، دەبینین لە نێو خۆپیشاندانەکاندا دروشمی وامان بەر گوێ ناکەوێ کە تەعبیر لە بەشداریی هەراوی ژنان و خواستی ژنان بکا، ئەمەیان بۆ؟**

ئەمەیان تایبەتە بە قۆناغی گرینگ و چارەنووسسازی ناڕەزایەتییەکان لە ئێستادا. سەرچاوەی هەموو مەینەتی و هەموو بێمافی و هەموو چارەڕەشییەکانی خەڵک و کۆمەڵگە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییە. دەی سروشتییە کە لە ئێستادا کە ناڕەزایەتییەکان گشتین و ڕوو لە دەسەڵاتن، هەموو وزە و توانای کۆمەڵگە بەو ئاراستەیەدا بڕوا.

دەزانین کە ناڕەزایەتییەکان ئێستا لە سۆنگەی قەیرانی ئابووری و کێشە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەی پێوەندیدار بە بژیوی خەڵکن، پرسەکانی دیکەی کۆمەڵگەش کاریگەریی خۆیان لەسەر شکڵگرتنی ناڕەزایەتییەکان هەیە. ناڕەزایەتییەکانی ئێستا ئی چین و توێژێکی تایبەتی کۆمەڵ نین کە لە دروشمەکانیاندا بیانناسینەوە. ناڕەزایەتییەکان گشتین و لە هەناوی کۆمەڵگەوە هەڵقوڵیون و هەموو چین و توێژەکان تێیدا بەشدارن، بۆیە دروشمەکانیش گشتین و هەموویان ڕوویان لە دەسەڵات و ڕێژیمە.

**ئەگەر بە تایبەتی باس لە کوردستان بکەین، ژنان لە کوردستاندا بە بەراورد لەگەڵ بەشەکانی تری ئێران زیاتر لە چالاکییە ئەدەبی و فەرهەنگی و مەدەنییەکان بەشدارن، هۆکاری دیاربوونی زیاتری ژنان لەم مەیدان و بوارانەدا بۆچی دەگەڕێتەوە؟ ئایا ئەوە تەعبیر لە دۆخی تایبەتیی ژنانی کورد دەکا و هەروەها پەیامێک لەلایەن ئەوانەوە؟**

ئەگەر ژنی فارس جارێک قوربانیی ئەو دەسەڵاتە و کولتوور و ئایدۆلۆژییەکەی بێ، ژنی کورد دوو جار، یەک لەڕووی نەتەوەییەوە چونکی کوردە، دوو لە ڕووی ڕەگەزییەوە کە گشتییە. هەم توندوتیژیی دەسەڵات و هەم کاریگەریی نەریتەکانی کۆمەڵگە وەک پێشووتر باسمان کرد وای کردوە کە تێچووی چالاکیی سیاسی بۆ ژنان بە گشتی و بە تایبەت بۆ ژنی کورد لە ئێراندا زۆر قورس بێ، ئەوەش وا دەکا ژنان زیاتر لە حەوزەی چالاکییە مەدەنی، ئەدەبی و فەرهەنگییەکاندا ڕۆڵیان هەبێ کە دیارە هەموو ئەو بوارانەش هەڵگری خەسڵەت و تایبەتمەندیی خەباتی نەتەوەیی و شوناسخوازین.

چالاکیی سیاسی بەئاشکرا ئەویش لە فۆڕمی ئەندامەتیی حیزبە سیاسییەکان _کە دیارە کەم نین ئەو کچ و ژنانەی لەو ئاست و بوارەشدا بەشدارن_ ژنان و ژیانیان دەخاتە مەوقعییەتی دی هەم لە خێزانەکەیاندا و هەم لە ئەگەری ئاشکرابوونی چالاکییەکانیان. بۆیە لەبەر ئەوەی دەرەتانی ئەم هەڵبژاردنە بۆ ژنان سنووردارە، ئەوان لە کایەکانی دیکەی خەباتی کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و مەدەنی و ژینگەپارێزیدا خۆیان دەبیننەوە کە هەر وەک باسم کرد هەڵگری توخم و ڕەگەزەکانی نەتەوەیی و خەباتگێڕی و شوناسخوازین.

**ئەگەر ئاکامگیرییەک لەو باسەمان هەتا ئێستا بکەین، دەمەوێ بزانم دەسکەوتی ژنان لەو ساڵانەدا چی بووە؟ هەروەها کۆسپی بەردەم بەرەو پێشچوونی زیاتری بزووتنەوەی ژنان لە ئێران و کوردستان چییە؟**

بە بڕوای من دەسکەوتەکان زۆر نین، چونکە سیاسەت، یاسا و شەریعەتی ئیسلام و لە هەمان کاتدا دابونەریتە باوە دژەژنەکان کۆسپ بوون لە بەردەم بەرەوپێشچوونی زیاتری ژنان لە ئێران و بە تایبەت لە کوردستاندا. پێموایە ژنان کاتێک دەتوانن خاوەن دەسکەوت و مافی ژنانەیان بن ئەگەر ئاڵوگۆڕێک لە کۆمەڵگەی ئێراندا بێتە ئاراوە و لە هەموو بوارە سیاسیی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان بەبێ جیاوازی و هەڵاواردنی ڕەگەزی وەک هەر تاکێک بەشداربن.

بەڵام دیسانیش ناکرێت دیاربوونی ژنان لە جموجۆڵ و چالاکییەکانی ئەم دواییانەدا لەبەرچاو نەگرین، بە تایبەت لە خۆپێشاندان و ناڕەزایەتییەکاندا کە زۆربەی کات پێشەنگ، ڕێکخەر بوون و لەم پێناوەشدا قوربانیان داوە.

تەنانەت لە خۆپێشاندانەکانی خەزەڵوەری ئەمساڵدا ژنان زۆر ئازایانە دیار و بەرچاو بوون، لە مەیدانەکەدا بوون و بە دروشم و تایبەتمەندیی خۆیانەوە دژی کۆماری ئیسلامی وەستاونەوە و بەڕاگەیەندراوی ڕەسمی داوای دەستلە کارکێشانەوەی ڕێبەری ڕێژیمیشیان کرد و تێکۆشاون نەریتە دژە ژنەکان تا ڕادەیەک بشکێنن و بیسەلمێنن کە ژنان لە ئێراندا پێیان ناوەتە قۆناغێکی نوێ لە خەبات و تێکۆشان.

بۆیە دەکرێ ئەمانە سەرجەمیان وەک دەسکەوتێکی گەورە بۆ ژنان بە گشتی و بە تایبەتی ژنی کورد لە ژێر دەسەڵاتێکی دیکتاتۆرو پڕ لە هەڵاواردنی کۆماری ئیسلامی ئێران ببینین.

**ڕێکخراوەکانی ژنان، بەتایبەت لە کوردستان لە کوێی بزووتنەوەی ژناندا جێ دەگرن؟ ئەم ڕێکخراوانە لە ئێستادا دەتوانن بەرعۆدەی چ چەشنە ئەرک و بەرپرسایەتییەک بن جیا لەو ڕۆڵەی لە پەنا حیزبە سیاسییەکان دەیبینن و بۆیان دیاری کراوە؟**

ئەگەر باس لە ڕێکخراوەکەی خۆمان "یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان" بکەم، بە شانازییەوە دەتوانم بڵێم کە هەر لە سەرەتای دامەزرانییەوە کاریگەریی گەورەی لەسەر گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگە هەبووە.

بێگومان ڕێکخراوەکانی تری ژنانیش هەر یەک لە جێی خۆیان و بەپێی توانا و زەرفییەتەکانی خۆیان توانیویانە ڕۆڵ و کاریگەرییان لەسەر دۆخی ژنان لە ئێران و بە تایبەت لە کوردستاندا هەبێت، لە ڕێگەی کاری تەشکیلاتی و پێوەندییەکانیان لەگەڵ ژنانی نێوخۆ، هەروها هەوڵەکانیان لە ڕێکخراودا بۆ وشیارکردنەوەی ژنان لە سەر مافەکانیان و یاسا داڕێژراوە دژەژنەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران.

بۆ ئەو مەبەستەش ڕێکخراوەکانی ژنانی کوردستانی ئێران بۆ گشتگیربوونی کارەکان و زیاتر یەکدەنگ بوونیان سەبارەت بە ڕووداو و پیشهاتەکان، ناوەندێکیان پێک هێناوە و تێکۆشاون بە یەکەوە لە ڕێگەی یەکخستنی گوتار و پەیامەکانیان، وەڕێخستنی کەمپەین و بەڕێوەبردنی سیمینار و گردبوونەوە و ناڕەزایەتی دەربڕین کاریگەریی زیاتریان هەبێت.

بەڵام ڕاستیەکی تاڵ هەیە کە ناتوانم بیشارمەوە و باسی نەکەم، ئەویش دووربوونمان لە مەیدانی ئەسڵی خەباتەکەمان، تا ڕادەیەکی زۆر ڕێگر بووە لە بەرەوپێشچوونی کارەکانمان.

بۆچی هەتا ئێستا هەڵوێستی یەکیەتیی ژنان بەنیسبەت هەڵبژاردنەکانی مەجلیس ڕوون نییە، لە حاڵێکدا کەمتر لە مانگ و نیوێکی بۆ هەڵبژاردنەکان ماوە و لە کاتێکدا بەشداری و بەشداری نەبوونی ژنانیش لە هەڵبژاردنەکاندا چارەنووس سازە؟

هەڵبژاردنەکان لە چوار دەیەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا و بە گشتی مەجلیس هەتا ئێستا قەت لە بەرژەوەندیی ژنان نەبوون و مەجلیس قەت شوێنێک نەبووە بۆ بەرجەستەکردنەوەی ویست و ماف و داواکانی ژنان. بۆیە ڕوانگە و ڕوانینی ئێمە بۆ هەڵبژاردنەکان ڕوونە و لامان وایە ئەگەچی لە کۆماری ئیسلامیدا مافەکانی ژنان بەر لە هەموو شتێک بە "قانوون" پێشێل کراون و مەجلیس شوێنی گۆڕین و دانانی قانوونە، بەڵام لە پێکهاتەی کۆماری ئیسلامیدا مەجلیس نە ئەو پێگەیەی هەیە و نە ئەوانەش کە ڕێیان دەکەوێتە مەجلیس لەو کەسانەن باوەڕیان بەو مافانە هەبێ.

بەو حاڵەش قسە و پەیامی خۆمان هەیە و لە چاچێوەی ناوەندی ژنانی ڕۆژهەڵاتدا و بەمزووانە هەڵوێستی خۆمان ڕادەگەیەنین.

**سپاس بۆ ئەوەی کاتت دانا بۆ ئەم وتووێژە**

ئێوەش ماندوو نەبن

***

# ڕێژیمی ئێران و حەیاچوونێکی کارەساتبار



و: کەماڵ حەسەنپوور

هەوڵی ڕێژیمی ئێران بۆ نیشاندانی خۆی وەک قوربانیی شەڕەنگێزیی وڵاتە یەکگرتووەکان پاش کوشتنی ژەنراڵ قاسم سولەیمانی بۆتە ئابڕووچوونێکی کارەساتبار لە نێوخۆ و سەرانسەری دونیا دوای ئەوەی کە هەزاران خۆپیشاندەر ڕژاونە سەر شەقامەکان و تووڕەیی خۆیان ئاراستەی درۆیەکانی ڕێژیم دەکەن.

دوای سێ ڕۆژ حاشاکردن، تاران بەرپرسیاریی هێرشی مووشەکی دژی فڕۆکە، کە بووە هۆی بەربوونەوەی فڕۆکەیەکی هێڵی ئاسمانی ئۆکراین لە نزیک فڕۆکەخانەی ناودەوڵەتیی تاران و کوژرانی ١٧٦ کەس، لە ناویاندا شارۆمەندی ئێران، کانادا، ئەڵمان و سوێد. ددان پێدانانەکە کاتێک هاتە ئاراوە کە تێکنیسییەنە ئۆکرایینییەکان لەتکوپەتکی مووشەکیان لەپاڵ پاشماوەی فڕۆکەکەدا دیتبۆوە کە حاشاکردنەکانی کاربەدەستانی ئێرانییان پووچەڵ دەکردەوە. کاربەدەستانی ئێرانی پێیان لەوەنا کە هەڵەکە بە هۆی ئەوە قەوماوە کە هێزی بەرگریی ئاسمانیی ئێران، دوای هێرشی مووشەکیی بۆ سەر دوو بنکەی سەربازیی لە عێراق لە حەوتووی ڕابردوودا، لە حاڵی ئامادەباشیدا بوو.

بەڵام ئەوە ئەو دوایین فریودانە لە لایەن ڕێژیمی ئێران بوو کە بووە هۆی خۆپیشاندان دژی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامیی. سەرۆک کۆماری وڵاتە یەکگرتووەکان دۆناڵد ترامپ، کە لە دووهەمی ژانوییەدا بڕیاری کوشتنی سولەیمانیی دا، لە هاندانی خۆپیشاندەران خێرا بوو و هۆشیاریی دا بە تاران کە خۆ لە سەرکوت کردنیان ببوێرن. ترامپ سەر لە بەیانی ڕۆژی یەکشەممە لە تویتێکدا بە زمانی فارسی کە وشەکانی بە وشیارییەوە هەڵبژێردرابوون نووسی:

"بۆ ڕێبەرانی ئێران: خۆپیشاندەرەکان مەکوژن. هەر ئێستا هەزاران کەس بە دەست ئێوە کوژراون، و دونیا چاوی لەسەر ئێوەیە. لەوەش گرینگتر، وڵاتە یەکگرتووەکان چاوی لەسەر ئێوەیە. ئینتەرنێت ئاواڵا بکەنەوە و ڕێگا بە هەواڵنێران بدەن کە بە ئازادی بجووڵێن و کاری خۆیان بکەن!" ترامپ لە تویتێکدا نووسی، "دەست لە کوشتنی خەڵکی مەزنی ئێران هەڵگرن!"

بۆ هەندێک چاودێر، خۆپیشاندانە خۆڕسکەکان لە کۆتایی حەوتوودا وەک ئالنگارییەکی کوشندە بۆ ڕێبەرانی ئێران سەیر دەکرێ، ئەگەرچی ڕێژیم لە ڕابردوودا توانیویەتی بێبەزەییانە خۆپیشاندانی لەو چەشنە سەرکوت بکا. بەیانیی ڕۆژی یەکشەممە، جان بۆڵتۆن، ڕاوێژکاری ئەمنیەتیی نیشتمانیی پێشوو ، کە زۆر دەمێکە خوازیاری ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامییە، لە تویتێکدا گوتی، "هەست بە ئاڵوگۆڕی ڕێژیم دەکرێ."

بەڵام هەندێکتر هۆشدارییان دا کە سیاسەتەکانی بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ شانسێکی کەمیان بۆ ڕووخاندنی ڕێژیم هەیە کە چل ساڵە لەسەر کارە. حوسێن ئایبیش، توێژەرێکی ئەنستیتۆی دەوڵەتیی خەلیجی عەرەب دەڵێ، "ئەوە ناقەومێ." ئەو دەڵێ کە خۆپیشاندەران تەنیا نوێنەرایەتیی کەرتێکی کۆمەڵگەی ئێران دەکەن. ئایبیش گوتی کەمپەینی ئەوپەڕی زەختی ترامپ زۆر زیاتر لەوەی کە چاوەڕوانیی دەکرا توانی ڕێژیم چاوترسێن بکا و ژانی ئابووری تووشی ڕێژیم بکا، بەڵام مێژوو نموونەی زۆر کەمی لەو شێوە زەختی دەرەکییە هەیە، کە بەبێ دەستێوەردانی سەربازی بوو‌بێتە هۆی ڕووخانی ڕێژیمێک. بەپێی ئەزموونی ناوبراو، لە ڕابردوودا هەنگاوی لەو شێوەیە بۆتە هۆی بەهێزتر بوونی دەسەڵاتی ڕێبەران لە فیدل کاستڕۆی کوباوە بگرە تا کیم یونگ ئونی کۆرەی باکوور.

سەرهەڵدانی لەناکاوی تووڕەیی جەماوەر لە کۆتایی حەوتوودا، بە تەواوی دژی ئەو دیمەنەیە کە یەکگرتوویی نەتەوەیی ئێرانییەکانی، دوای کوشتنی سولەیمانی لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکان، نیشان دا کە بە میلیۆنان هاتنە سەر شەقامەکانی ئێران بۆ بەشداری لە ڕێوڕەسمی ناشتنەکەی. بە پێچەوانە، خۆپیشاندەرەکان لە چەند زانکۆی جیاواز لە کۆتایی حەوتوودا بە پێی ڕاپۆرتەکان درووشمی "سولەیمانی مرۆڤکوژە، ڕێبەر خیانەتکارە" و "مردن بۆ دیکتاتۆر،" کە مەبەست ڕێبەری گەورە ئایەتوڵڵا عەلی خامەنەییە. خۆپیشاندەری دیکە داوای دەست لەکارکێشانەوەی بەرپرسانی ئەمنییەتی، کە بەرپرسیاری بەردانەوەی فڕۆکەکە بوون و هەوڵی شاردنەوەی ڕاستییەکانیان دابوو، کردوە.

ئەوەی کە بە تایبەتی جێگای سەرنجە، تەنیا چەند ڕۆژ دوای ڕێوڕەسمی ناشتنەکە کە ڕێژیم داڕێژەری پلانەکە بوو، ئەوە پاشگوێ خستنێکی ئاشکرای جەماوەر لەمەڕ ڕاسپێردراوەکانی ڕێژیم بوو. ڤیدیۆکان نیشانیان دەدا کە چۆن خوێندکارانی زانکۆی بەهەشتیی تاران خۆ لە ڕۆیشتن بەسەر ئاڵاکانی ئەمریکا و ئیسرائیل دەبوێرن کە کاربەدەستانی ڕێژیم لەسەر عەرزیان کێشاونەوە. ئابڕووچوونێکی دیکەی ڕێژیم کاتێک بوو کە تەنیا براوەی مەدالیای ئۆلەمپیک، کیمیا عەلیزادە، خۆی لە گەڕانەوە بۆ ئێران بوارد و گوتی ئەو نایهەوێ ببێتە شەریکی "گەندەڵیی و درۆیەکانی" ڕێژیم.

دوایین شەپۆلی نارەزایەتیی خوێندکار و خەڵکی چینی مامناوەند دەگرێتە خۆ، کە لەگەڵ خۆپیشاندەرەکانی کۆتایی ساڵی ڕابردوودا کە هاتنە سەر شەقامەکان و زۆربەیان لە چینی کرێکار پێکهاتبوون جیاوازیی هەیە. قەبارەی بزواندنی خوێندکاران ئەو حەوتوویە بە تایبەتی دەتوانێ نوخشانەیەکی خراپ بێ بۆ ڕێژیم، بە لەبەر چاوگرتنی دەوری مێژوویی خوێندکاران وەک پێشڕەوانی ئاڵوگۆڕ لە ئێران.

عەلیرەزا نادر، هاوکارێکی ڕێکخراوی داکۆکی لە دێموکراسییەکان گوتی، "خوێندکارەکان ئەوانیان هێنایە سەر کار، و خوێندکارەکان دەتوانن بە هەمان شێوە بەشێک لە هاوکێشەی ئەستاندنەوەی دەسەڵات لەوان بن."

نارەزایەتییەکان دوابەدوای خۆپیشاندانەکانی ئەو دواییانە کە مانگێک دژی بەڕێوەبەریی نالێهاتووی ئابووری درێژەیان هەبوو، تەنیا زەختی زیاتر دەخاتە سەر ڕێبەریی ئێران. ئابووری ئێران بەرەو هەڵدێرە و وڵات بەرەوڕووی زەختی سەرلەنوێی ئابووری لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکان بۆتەوە. ئێران بەردەوام هەوڵی داوە ئەو وڵاتە ئۆروپاییانەی کە ڕێککەوتنی ناوکیی ٢٠١٥یان واژۆ کردووە ڕازی بکا کە هەندێک لە بەڵێنییە ئابوورییەکانی ڕێککەوتنەکە بەرنە سەر، بەشێک لە ڕێگای دەستپێکردنەوەی پیتاندنی ئۆرانیۆم و نزیکتر بوونەوە لە دروست کردنی چەکی ناوکی. بەڵام تاکتیکەکانی ئێران تا ئێستا تەنیا وڵاتانی ئۆرووپایی زۆرتر بەرەو ویستی هەڵوەشاندنەوەی تەواوی ڕێککەوتنەکە هانداوە.


Atta KENARE (AFP)

تووڕەیی جەماوەریی بە شێوەیەکی بەرچاو هەوڵەکانی کاربەدەستانی ئێران، بە تایبەتی وەزیری کاروباری دەرەوە موحەممەد جەواد زەریف، بۆ نیشاندانی ئێران لە لای هەواڵدەرییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان وەک قوربانیی سەرۆک کۆماری بێبەزەیی ئەمریکا و بۆ ئیمتیاز وەرگرتن لە ئۆروپاییەکان، پووچەڵ کردەوە. پەیامەکە بە هەمان شێوە بە هۆی دەستبەسەر کردنی کاتیی باڵوێزی بریتانیا لە ئێران، وەک پێشێلکاریی کۆنڤانسیۆنی ڤییەن لە مەڕ پێوەندییە دیپلۆماتیکییەکان، بنکۆڵ کرا.

دیپلۆماتەکە لە پێتەخت هاتبوو سەر شەقام تا لە ڕێوڕەسمێکی ڕێزگرتن دوای کارەساتی فڕۆکەکە بەشداریی بکا، پێش ئەوەی کە ببێتە خۆپیشاندان.

سەرۆکی سیاسەتی دەرەوەی یەکیەتی ئۆرووپا، ژۆزێف بۆرێل لە تویتەردا نووسی، "زۆر نیگەرانی گیرانی باڵوێزی بریتانیا لە تارانین. ڕێز گرتنی تەواو لە کۆنڤانسیۆنی ڤییەن شتێکی پێویستە."

جێگری وەزیری کاروباری دەرەوە، سەید عەبباس عێراقچی بەرگریی لە کاری ئێران کرد و جوابی دایەوە: "ئەو زیندانی نەکرابوو، بەڵام وەک بیانییەکی نەناسراو لە کۆبوونەوەیەکی نایاساییدا دەستبەسەر کرابوو. کاتێک کە پۆلیس منی لە دەستبەسەر کردنی ئەو پیاوە ئاگادار کردەوە کە ئیدیعای کردبوو باڵوێزی بریتانیایە، من گوتم شتی وا نابێ! تەنیا دوای وتووێژی تەلەفۆنیی من لە گەڵیدا بە سەرسوڕمانێکی مەزنەوە، ناسیمەوە کە خۆیەتی. ١٥ خولەک دواتر ئەو ئازاد کرا."

لە هەمان کاتدا، کاربەدەستانی پلەبەرزی دیپلۆماسی و سوپای ئێران ڕۆژی شەممۆیان بە داوای لێبوردن لە سەر تویتەر بردە سەر بۆ ئەوەی کە پێداگرییان کردبوو کە دەوڵەتەکەیان لە بەربوونەوەی فڕۆکەکەدا هەڵەیەکی نەکردوە. بە تایبەتی سەعید بەعیدینژاد، باڵوێزی ئێران لە بریتانیا، کە زۆر پێداگر بوو کە ئیمکانی نییە ئێران بەرپرس بووبێ، زۆر پەشیمان بوو.

بە عیدینژاد ڕۆژی شەممە لە تویتەردا نووسی، "لە لیدوانی دوێنێی خۆمدا بۆ میدیای بریتانیا، من زانیاریی فەرمیی کاربەدەستانی بەرپرس لە وڵاتی خۆمم گواستەوە کە مووشەک لەو کاتەدا بەرەو فڕۆکە ئۆکرایینییەکە نەهاویشتراوە. من داوای لێبوردن دەکەم و لە گواستنەوەی ئەو زانیارییە هەڵەیە پەشیمانم."

بەعیدینژاد و کاربەدەستە پلەبەرزە سیاسییەکانی ئێران دەیانهەویست ڕێبەڕیی دەوڵەت لە بەرپرسیاریی درۆ کردن لەبارەی دەوری ئێران لە هێرشەکە بپارێزن، و دەیانگوت کە بەرپرسی گشتیی سپای پاسداران ئاکامگیریی کۆتایی خۆی تا شەوی هەینی و دوای حاشا کردنی دەوڵەت لە بەرپرسیاریی، ڕا نەگەیاندبوو.

بەڵام ئەوە بۆ ڕازیکردنی گەلێک لە ئێرانییەکان بەس نەبوو، کە ڕژابوونە سەر شەقامەکان و دروشمیان دەدان کە دەیگوت کە ئەوە وڵاتە یەکگرتووەکان نییە کە زۆرترین بەرپرسیاریی بۆ قەیرانی هەنووکەیی هەیە، بە تایبەتی دوای ئەوەی کە تاران لە سەرەتادا ئیددیعایەکی هەڵەی کرد کە گوایە ٨٠ سەربازی ئەمریکایی لە هێرشێکی تۆڵە ئەستاندنەوەدا کوشتوە. مووشەکەکان دوو بنکەی سەربازیی لە عێراقیان کردە ئامانج کە هێزەکانی ئەمریکایی لێن، بەڵام دوایە ئاشکرا بوو کە هێرشەکە بێکەڵک بووە و هیچ زەرەرێکی گیانیی بەدواوە نەبووە، کە دیسان ئابڕووچوونێکی دیکە بۆ ئێران بوو.

ئەگەرچی ترامپ بەردەوام گوتوویەتی کە بەتەمای گۆڕینی ڕێژیم لە ئێران نییە، تویت کردنە چالاکانەکەی بە پێچەوانەی ئاکارە خۆ بەدوورگرانەی ناوبراو لە کاتی شەپۆلی نارەزایەتیی ساڵی ڕابردوویە. ئەوە لە کاتێکدایە کە چەند ڕۆژ پێشتر و دوای مشتومڕی لەگەڵ تاران دوای کوشتنی سولەیمانی هەڕەشەی کردبوو کە دەرزەنێک شوێنەواری کولتووریی ئێرانییەکان لەنێو دەبا.

ترامپ لە تویتێکدا نووسی، "بۆ گەلی بوێر و ئازار چێشتووی ئێران: من لە سەرەتای سەرۆک کۆماریمەوە لایەنی ئێوەم گرتووە و دەوڵەتی من درێژە بە پشتگیریی ئێوە دەدا. ئێمە لە نزیکەوە چاودێریی نارەزایەتییەکانی ئێوە دەکەین. بوێریی ئێوە ئیلهامدەرە."

وەزیری کاروباری دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان مایک پۆمپیۆ پەیامێکی هاوشێوەی ئاراستە کرد. ئەو لە تویتێکدا نووسی، "ئەمریکا گوێی لە ئێوەیە. ئەمریکا پشتیوانی ئێوەیە. ئەمریکا لە پەنای ئێوە وێستاوە."

ئەوەی کە نارِوونە ئەوەیە کە وڵاتە یەکگرتووەکان چۆن وتاری پشتیوانی لە خەڵکی ئێران لەگەڵ چڕتر کردنەوەی هەڵمەتی زەختی ئابووری ڕێک دەخا. ڕۆژی هەینی، لە دوای هێرشی تۆڵەکردنەوەی موشەکیی دژی بنکە عێراقییەکان کە هێزەکانی وڵاتە یەکگرتوەکان لێیان جێگیر بوون، بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ ڕایگەیاند کە تاقمێک گەمارۆی نوێ بۆ سەر هەندێک کەرتی ئابووری ئێران، وەک کەرتی کانزاکان، دەسەپێنێ. ئەو گەمارۆیانە دێنە سەر چەندین هەنگاوی ئیفلیجکەری دیکە کە بوونە هۆی وەستانی نزیکەی سەرجەم هەناردەی نەوتی ئێران، کە سەرچاوەی سەرەکیی داهاتن، و هەروەها هەنگاوی دیکە کە کەرتی دارایی و وزەی کردوونە ئامانج.

نادر گوتی، سەرەڕای حەزی بەڕێوەبەرایەتی بۆ پشتیوانیی ئێرانییەکان لە کاتێکدا کە زەخت دەخاتە سەر ڕێژیم، ئەوە زۆر دژوارە کە ئەو کارە بە شێوەیەکی هاوسەنگ ئەنجام بدەی. ئەو گوتی، "بە داخەوە ژانی ڕاستەقینە لە گەمارۆکانەوە دێ کە ئابووری بنکۆڵ دەکا." ئەو هەروەها گوتی، لایەنگرانی کەمپەینی ئەوپەڕی زەخت پێیان وایە کە گوشاری ئابووری، لە کاتێکدا کە لە کورتخایەندا زەرەر لە خەڵک دەدا، دەبێتە هۆی درووستبوونی قەڵشت لەنێو ڕێژیم و دەتوانی ڕووخانەکەی خێرا بکا.

هاوپەیمانانی ترامپ لە کۆنگرە چەپڵەیان بۆ نارەزایەتییەکان لێداوە، کە لە ڕوانگەی ئەوانەوە ڕەوایی بە بڕیاری سەرۆک کۆمار بۆ کوشتنی سولەیمانی دەدا.

سەناتۆری کۆماریخواز لە ئارکانزاس، تام کاتن لە تویتەردا نووسی، "چەپی ئەمریکا و میدیاکان بە شێوەی لێبڕاوانە ئاکارەکانی ڕێژیمی مرۆڤکوژی ئێران دەشارنەوە. بەڵام خەڵکی بوێری ئێران فریو ناخۆن. ئەوان هیچ شک و گومانێکیان لەبارەی ئەو پیاوە شەیتانییانەدا نییە کە حکوومەتیان بەسەردا دەکەن."

بۆڵتۆن لە تویتێکی سەرلێشێواوانەدا نووسی، "ڕێژیمی خامنەیی هەرگیز ئاوا لەژێر سترێسدا نەبووە. هەست بە گۆڕانی ڕێژیم دەکرێ. خەڵکی ئێران دەتوانن بیبینن. ئەمریکا، ئۆرووپا، فەڕانسە نابێ داوای وتوویژ لەگەڵ نوێنەرانی نارەوا بکەن."

لە کاتێکدا کە بۆڵتۆن لە پێشداش پێشبینیی گۆڕانی ڕێژیمی کردبوو، هەندێک چاودێر دەڵێن کە تێکەڵاوێک لە بێزاریی چەندین ساڵە، نارەزایەتی ئابووری، و شێوەی هەڵسوکەوتی ڕێژیم لەگەڵ کارەساتی فڕۆکەکە بەیەکەوە دۆخێکی زۆر هەستیاریان بۆ ڕێبەرایەتی ئێران دروووست کردووە.

نادر گوتی، "من پێموایە کە بۆڵتۆن ڕاست دەکا، گۆڕانی ڕێژیم نزیکە. ئەوە تەنیا نارەزایەتییەکان و مەسەلەی فڕۆکەکە نییە، ئەوە چل ساڵ بێزاریی پەنگ خواردوویە کە هەمووی لە یەک دوو ساڵی ڕابردوودا دەرکەوتوە."

ئایبیش گوتی کە ئێران لە ڕوانگەی سیاسییەوە وڵاتێکی فرەچەشنە، کە بەشێکی زۆر لە وڵات وەفاداری ڕێژیمن و ئۆپۆزیسیۆنێکی مەزن و خاوەن بڕواشی هەیە.

ئەو گوتی، "لە ئێران زۆر بازنەی هەڵبژاردن و هاوپەیمانیی جیاواز هەن و هیچ سەیر نییە کە دەنگێکی بەهێز دژی کوشتنی سولەیمانی و ئۆپۆزیسیۆنی تووڕە لە دەوڵەت، بە هۆی نارەزایەتیی کۆمەلایەتی-ئابووری لە ساڵانی ڕابردوودا و درۆی بەردەوام و لێنەهاتوویی پێکهاتەیی کە دەبێتە هۆی ڕووداوی وەک خستنە خوارەوەی فڕۆکەکە کە بووە هۆی کوژرانی گەلێک ئێرانی، بوونی هەبێ."

ئایبیش گوتی، "ئێران لە هەلومەرجێکی دژوار دایە: ئەو لە لوبنان لە هەلومەرجێکی دژوار دایە، لە عێراق بە هەمان شێوە، و بێگومان گرژییەکی زۆر لە نێوخۆی وڵاتیشدا هەیە." بەڵام ئەو گیروگرفتانە پێویست ناکا وەک قەیرانێکی کوشندە بۆ ڕێژیم پۆلێن بکرێ.

***

*** فارین پالیسی – کالۆم لینچ، کیت ژانسۆن، مایکڵ هیرش**

کوردستان
ژمارە ٧٦٦
٣٠ی بەفرانباری ١٣٩٨ _ ٢٠ی ژانوییەی ٢٠٢٠

### هەکبەی شاخ و شۆرش

# شەڕەکەی بوغدەکەندی

## چاوەڕوانیی خەڵک و دۆشداماویی ڕێژیم


برایم چووکەڵی

دوایین شاری کوردستان کە لە کۆتایی مانگی خەرمانان و سەرەتای پاییزی ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی کەوتە بەر پەلاماری هێزەکانی کۆماری ئیسلامی، شاری بۆکان بوو. لە میاندواو و سەقز و سایەنقەڵاوە تا بۆکان شەڕ و پێکدادانی وا گەورە دەکەوتەوە بە جۆرێک چەند سەعاتێک ستوونی دوژمن لە وەستان دەکەوت و دیسان سەرلەنوێ بە ئیحتیاتەوە پێشڕەویی دەکرد، سەرەنجام کە لە ڕۆژی ١١ی مانگی ڕەزبەری ساڵی ١٣٦٠ شاری بۆکان داگیر کرایەوە و، هێزی پێشمەرگە شاریان بەجێ هێشت و، بە گەیشتنی هێزی دوژمن بۆ دەوری شار، بەرەبەرە لە شوێنە ستراتێژییەکان جێگیر کران. هەر ئێوارێی ئەم ڕۆژە چەند کەسێک لە حەمامیان دەگرن و لە نزیک ئاوایی داشبەند گوللەبارانیان دەکەن و عەوڵای حەسەن موکری لە گەڵ چەند کەسی دیکە لە قەراغ شاری بۆکان دەگرن و ئەوانیش گوللەباران دەکەن. ئەوە دەسپێکی دیکتاتۆرییەتی ڕەشی ئیسلامی بەسەر ئەو شارەدا بوو کە پاش چەند ساڵ هەڵمژینی هەوای ئازادی، بەسەریاندا زاڵ ببوو. دوابەدوای جێگیربوونی هێزی داگیرکەر، بە سەدان کەس لە بەندیخانە خران و بە دەیانی دیکە ئێعدام کران و بە چەندانیش بێسەروشوێن کران.

هێزی پێشمەرگە کە ئاڵوگۆڕێکی دیکە بەسەر کار و تێکۆشانیدا هات، دەبوو پێداچوونەوەیەک بەسەر هەلومەرجی نوێدا بکا. ئەگەرچی ئەزموون بە شێوەیەکی بەرچاو و زۆر نەبوو بەڵام توانیان هێندێک تاکتیک بگۆڕن و خۆیان سازمان بدەنەوە و هێندیک جار بەرپەرچی پەلاماری دوژمنیان بۆ سەر ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆیان دەدایەوە و زەبری باشیان لێدەدا و هیندیک جاریش خۆیان لە جادەی سەرەکیی نێوان شارەکان نزیک دەکردەوە زەبری زۆر کوشندەیان لە هێزی دوژمن دەدا. ئەوەیان کە کەمین نانەوە بوو یەکەمین قۆناغی گۆڕینی تاکتیکی پێشمەرگە لە خەباتی چەکداریدا بوو. هێزی پێشمەرگە وردە وردە لەگەڵ ئەم تاکتیکە نوێیە ڕاهات و دەسکەوتی باشیشی بۆی هەبوو.

سەرەڕای ئەوەی هێزی پێشمەرگە لە باری جوغرافیاییەوە لە زۆرینەی خەڵک دوور کەوتبووەوە، بەڵام خەڵک بە چاوی ڕۆڵەکانی خۆیان چاویان لە پێشمەرگە دەکرد و هەمیشە درگایماڵیان بۆ ئەوان ئاوەڵا بوو.

پاش ئەوەی دوژمن لە شار بەتەواوی جێگیر بوو هەر جارێ پەلاماری شوێنێکی ڕزگار کراوی دەدا و، لەبەر ئەوەی چاوەڕواننەکراو بوو جار جارە بەداخەوە دەسکەوتیشی دەبوو، بەڵام لە زۆربەی کاتەکاندا پەلامارەکانی تێک دەشکا و ژمارەیەک کوژراوی لێ بەجێ دەما.

ئەوەی مەبەستی ئێمەیە لە «هەکبەی شاخ و شۆڕش»ی ئەمجارەدا باسی لێ بکەین حەماسەی گوندی «بوغدەکەندی»یە چاوەڕوانیی خەڵکی لێ کەوتەوە، چونکی پێش لەوە ڕێژیم هێرشی کردە سەر بەندیخانەی حیزب لە ئاوایی «داربەسەر» و ئەوەش کاریگەریی خراپی لەسەر خەڵک دانابوو.

ڕۆژی ٢٩ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٦١ی هەتاوی لکێک لە پێشمەرگەکانی دێموکرات لە بۆکان، بە فەرماندەیی شەهید عەلی باڵدار لە ئاوایی «بوغدەکەندی» لە نزیک شاری بۆکان دەمێننەوە و خەریکی پشوودان دەبن کە کاتژمێری ٥ی بەرەبەیانیی ڕۆژی ٣٠ی گەلاوێژ، هێزی سپای پاسدارن لە شاری بۆکانەوە پەلاماری ئەو گوندە دەدەن. هێزی پێشمەرگە کاتێک دەبیستن دوژمن لە هەموو لایەکەوە پەلاماری هێناوە بڕیار دەدەن تۆڵەی هەموو ئەو هێرشانەی لێ بکەنەوە کە لە زستان و بەهار بۆسەر خەڵک و پێشمەرگەی کردبوو، بۆیە بە بڕیاری فەرماندەی پێشمەرگە یا هەموویان شەهید دەبن یا زەبرێکی کاریگەر لە دوژمن دەوەشێنن.

دوژمن هەروەک جارەکانی پێشوو بۆ کوشتنی خەڵک خۆیان بە ئاواییدا کرد. بەڵام تێکۆشەرانی دێموکرات لە دەوروبەری ئاوایی وەک هەڵۆی چنگبەگڕ لێیان ڕاسان و شەڕێکی زۆر گەرم و دەستەویەخە دەستی پێکرد و لە هەموو لایەکەوە بە چەکی دستیان دوژمنیان زەبوون و داماو کرد. شەڕ بەجۆرێک گەرم بوو کە هێزی دوژمن ڕووی لە هەر جێگایەک کردبایە دەکەوتە بەر ئاوری چەکی پێشمەرگە و جەندەکیان لێ بەجێ دەما. سەرەنجام تا کۆتایی شەڕ کە هێزی پێشمەرگەی قارەمان لە بۆکان لاپەڕەیەکی پڕ لە حەماسە و سەروەرییان بە لاپەڕەکانی خۆیان زیاد کرد، جەندەکی ٧٠ کەس کوژراو و بریندار لە مەیدانی شەڕ بەجێ ما و دەیان کەس بەدیل گیران. دستکەوتی چەک و چۆڵیش بێجگە لە کالیبر ٥٠ نزیک بە ٥٠ قەبزە چەک و چۆڵ و هەزاران فیشەک و وەسایلی نیزامی دەسکەوتی هێزی پێشمەرگە بوون. ئەو حەماسە خولقاندنە کە لە دەفتەری بیرەوەریی هێزی پێشمەرگەی دێموکراتدا تۆمار کران بە خوێنی دوو خەباتکاری ڕێگای ڕزگاریی نەتەوەکەمان بە ناوەکانی تاهیر ئەمینی ومحمد قادری سوور بوو.

لەو خۆڕاگرییە قارەمانانەی دێموکرات پێویستە ئاماژە بە چەند لایەنی ئەو سەرکەوتنە بکرێ: یەکەم، عەمەلیات لە شوێنێک بەڕێوە چوو کە دوژمن لە ڕادیۆ تارانەوە هەر ڕۆژێ دەیان گوندی دەخوێندەوە کە لە لایەن هێزەکانییەوە لەژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە بووە و، بەناو «پاکسازی» کراوە هەر ئەو زەبرە کاریگەرەی وێی کەوتبوو بە سەرکەوتنی خۆی لە ڕادیۆ تاران خوێندرایەوە، بەڵام خەڵک وەک شاهید بە چاوی خۆیان دیتیان فروفیشاڵی دوژمن بۆ وەرەدان بە هێزە تێک شکاوەکانیەتی.

دووهەم، شوێنی عەمەلیات نزیک شاری بۆکانە و ئەو ڕۆژە خەڵک هەموو کارێکیان تەعتیل کردوە لە سەربانی ماڵەکانیانەوە چاویان لە سەرکەوتنی پێشمەرگە دەکرد و خوشحاڵی هەموو بەشی شاری داگرتبوو.

سێهەم، ڕاستە لە شۆڕشدا هەر سەرکەوتنێک خوێنی دەوێ بەڵام لە ڕاستیدا فیداکاریی ئەو دوو شەهیدە لەو ڕۆژەدا نیشانەی سەربەرزیی نەتەوەکەیان و حیزبەکەیان بوو کە توانیان بە خوێنی خۆیان دەسکەوتێکی گەورە بۆ گەلەکەیان تۆمار بکەن هەم لە ڕووی سیاسییەوە هەم لە ڕووی نیزامییەوە تا ئێستاش وەک دەسکەوتێکی گەورە چاوی لێدەکری، ڕۆحیان شاد.

# ئەو خەونانەی ڕێژیم دەیدی و وەدی نەهاتن!


ئامانج زیبایی

کوژرانی قاسم سولیمانی کۆمەڵێک کاردانەوەی لێ کەوتۆتەوە و لەو سۆنگەیەوە بارودۆخی ناوچەکە بەرەو شڵەژان و ئاڵۆزی زیاتر دەچێ. هێماکان هێمای جاران واتا شەڕی پرۆکسی( وەکالەتی-نیابەتی) نەماوە و لێدوانەکان و هەڵوێستەکانی لایەنەکان شێوەیەکی نوێیان بە خۆیانەوە گرتوە و ناکۆکیەکانی نێوان ئامریکا و کۆماری ئیسلامیی ئێران وەرزێکی نوێ لە گرژی بە خۆیانەوە دەبینن و هەر دوو لایەن خەریکی هەڕەشەکردنی زیاترن لە یەکتری.

لێرەدا چەند پرسیارێکی سەرەکی و گرینگ دێتە ئاراوە، ئەویش ئەوەیە کە لە دوای کوژرانی فەرماندەی سپای قودس کاردانەوەی کۆماری ئیسلامی چ دەبێت؟ هەروەها کاردانەوە جیهانییەکان بە کوژرانی قاسم سولیمانی و ئاڵۆزییەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەرەو چ ئاقارێک هەنگاو دەنێ؟ یان ئەوەی بڕیارەکەی پارلمانی ئێراق لە مەڕ دەر کردنی هێزە بیانیەکان چ لە هاوکێشەکان دەگۆڕێ و هەڵوێستی هاوپەیمانی دژی داعش چ دەبێت؟ لەدوای ڕاگەیاندنی کۆماری ئیسلامی ئێران سەبارەت بە چیدی پابەند نەبوون بە بەرجام گرژییەکان بەرەو کۆ دەچن؟

قاسم سولیمانی کاراکتێری سەرەکیی سەرکوت و کوشتن و قەڵاچۆی نەیارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە نێوخۆ و دەرەوەی سنوورەکانی ئەم وڵاتە بوو و، دایمەن لە هاتوو چۆ دابوو لە نێوان ئێران و سووریە و لوبنان و ئێراق و یەمەن و سەرۆک وەزیرانی بۆ ئەم وڵاتانە دیاری دەکرد و بە گشتی کۆڵەکەی سەرەکی و ئاڵقەی پێوەندیی نێوان کۆماری ئیسلامی ئێران و لق و پۆپەکانی سپای پاسدارانی ڕێژیم لە ناوچە بوو. بەڵام ئەمانە هەمووی پێش کوژرانی ناو براو بووە و دوای مەرگی قاسم سولیمانی، ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەچێتە وەرزێکی نوێ لە مێژووی خۆیەوە.

لەئێستادا چاوەڕوان دەکرێ کە ئێران بە شێوەیەکی بەرچاو خۆ بپارێزێ لە ئاڵۆزکردنی زیاتری بارودۆخەکە و نەچێتە نێو شەڕێکی ڕاستەو خۆ لە گەڵ ئامریکا لە بەر دوو هۆکار.

یەکەم، بەرپرسان و کاربەدەستانی سەربازی و سیاسیی ئێران ئەوە باش دەزانن کە توانای سەربازی و بەرپەرچدانەوەی هێرشەکانی ئامریکا بۆ سەر ئێران کارێکی ئاسان نییە و ئابووریی داڕماوی ئێران دەروەستی بارودۆخی شەڕ نایە.

دووهەم، هەر دوو وڵات هەڵبژاردنێکی گرینگیان لە پێشە و گریمانەی ئەوە دەکرێ کە هەر وەک لە لێدوانەکانی هەر دوو لایەندا دیارە هیچیان خوازیاری هەڵگیرساندنی شەڕ نین.

بەڵام سەرباری ئەوەش ئەوە هەر ئێرانە کە زەرەرمەندی سەرەکییە لەم بارودۆخەدا، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە یەکەم، کوژرانی فەرماندەیەکی باڵای سەربازی و دیاری ڕێژیم زەبرێکی قورسە هەم لە پەیکەری ڕێژیم و هەم لە سیاسەتی دەرەوەی ئەم وڵاتە، هەمیش کە تۆڵە گەورەکەی! ڕێژیم تەنیا ڕیسواییەکی گەورەتری تووشی دەسەڵاتبەدەستانی ڕێژیم کرد.

لەلایەکی دیکەوە گوشار و گەمارۆکانی ئەمریکا نەک لەجێی خۆیانن، بگرە هەردەم زیاتریش دەبن؛ لەگەڵ ئەوەشدا سێبەری ئەم گەمارۆیانە خراوەتە سەر لق و پۆ سەربازی و میلیشیایەکانی لە ناوچەکەشدا و ئەم ڕێکخراوە تیرۆریستیانەشی تووشی قەیرانی ئابووری کردوە و؛ بەوەش بەرەو لاوازی بردوون و توانای کردەوەی تیرۆریستیی کەمتر کردوونەوە. بەدرە لەمە ئەم ڕێکخراوانە جگە لە ئامریکا حکومەتێکی ناوەندیشیان دوژمنە ویان لانیکەم لەگەڵ لایەنێک لە بارودۆخی شەڕدان و لە هیچ کام لەم وڵاتانە( سووریە و شەڕی نێوخۆ- حوسیەکانی یەمەن و سعودی و ئیمارات- حشدی شەعبی و ئامریکا و ئیسرائیل) لە حاڵەتی ئاگر بەسدا نیین و ڕۆژانە دەبێ تێچووی ماددی و لۆجستیکیی ئەم شەڕانە بدەن و جگە لە کۆماری ئیسلامی ئێران هیچ سەرچاوەیەکی داهاتی ڕاستەوخۆیان نییە.

جگە لەم بابەتانە کۆماری ئیسلامی ئێران لە دوای کوژرانی قاسم سولیمانی تووشی شکەستێکی سیاسی دیکەش بووە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا و ئەویش هەڵوێستی وڵاتانی جیهان بوو لە مەر کوژرانی کەسێکی پلەبەرز و دیاری دەسەڵات. زۆربەی هەرە زۆری وڵاتان قاسم سولیمانیيان بە کەسێکی مەترسیدار بۆ سەر ئەمن و ئاسایشی ناوچە و جیهان ناو برد و تەنانەت ژمارەی ئەو وڵاتانەی کە کوژرانی سولیمانیيان ئیدانە کرد زۆر کەم بوون و مەحکوومکردنەکەش زۆر بە شێوەیەکی نافەرمی بوو و داوایان لە هەر دوو لایەن کرد پشوو درێژ بن و دان بە خۆدا بگرن و ناوچەکە بەرەو ئاڵۆزیی زیاتر نەبەن!

ئەوە بوو کاتێک ڕێژیم نەیتوانی هیچ سۆزێکی وڵاتانی زلهێز بەنیسبەت کوژرانی فەرماندە مەیدانییەکەی ڕاکێشێ، کەوتە خۆ کە لە نێوخۆی وڵاتدا بە هەڵخڕاندنی هەستی ئایینی و نیشتمانیی خەڵک کەلک لە مەیتەکەی قاسم سولەیمانی وەرگرێ. بەڵام لەوەشدا سەبارەت بەو ڕووداوانەی لە کاتی ناشتنی سولەیمانیدا ڕوویان دا و دواتر کارەسات و جینایەتی بەردانەوەی فڕۆکە نەفەرهەڵگرەکەی ئۆکراینی بەدوودا هات؛ ئەوەی بۆ ڕێژیم مایەوە هەر ڕیسوایی بوو. دەمێنێتەوە ئەو بەناو دەسکەوتەی کە خۆی لە بڕیاری پارلەمانی ئێراق بۆ کشانەوە و جێهێشتنی هێزە بیانیەکاندا دەبینێتەوە کە بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی نێوخۆ و ناسەقامگیریی سیاسی لەو وڵاتە، چوونە بواری جێبەجێکردنەکەی نە ئەوەندە ئاسان بێ و نە لە ڕاستیشدا حکومەتی عێراقیش شتی وای بوێ. تەنانەت لە ئەگەری ئەوەی کە دەسەڵاتی شیعەی ئێراق هەر پێداگر بن لە سەر دەرکردنی هاوپەیمانان کە لە ٧٦ وڵات پێک هاتووە، ژێرخانی ئێراق تووشی دارمان دەبێ و وەبەرهێنانی بیانیش تێدا بە شێوەیەکی بەرچاو لە کەمی دەدا. بەتایبەت کە ترامپ هەڕەشەی ئەوەی لە عێراق کردوە کە وەها گەمارۆی ئابووریی ئەم وڵاتە دەدا کە گەمارۆکانی ئێران لە چاو گەمارۆ ئابوورییەکانی ئێراق هەر هیچ نەبێت.

کشانەوەی ئێران لە بەڵێنەکانی بەرجامیش وایکردوە کە سێ وڵاتی ئورووپایی بریتانیا، فەڕانسە و ئەڵمانیش هەڵوێستیان بەدژی ڕێژیم توند بێ و لە هەڵوێست و بڕیاردا لە ئەمریکا نیزیک ببنەوە، ئەوانەش هەموو ئاماژەی ڕوونن بۆ قەیرانێکی گەورە لە سیاسەتی دەرەوەی ڕێژیمدا؛ قەیرانێک کە لەگەڵ قەیرانە نێوخۆییەکان پێشبینیی ڕۆژ و ئەیامێکی ناخۆش و چارەنووسساز بۆ دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بکەن.

# دوایین هەڕەشە لە ئێران


و: هێژا مەنگوڕ

ئاڵمان و فەڕانسە و بریتانیا، دەڵێن ئەوە دوایین هەڵەیە بۆ ئێران کە پێبەندیی تەواو نیشان بدا بۆ ڕێکەوتنە ئەتۆمییەکە و ئەوە دوایین هەوڵی ئێمەیە بۆ ڕزگاریی ئەو ڕێککەوتنە، بەڵام تاران هەروا لاساری دەکا. ئێستا بارودۆخەکە وا ئاڵۆز بووە وێدەچێ بە بنبەست بگا.

هەروەک وەزیرانی دەرەوەی ئاڵمان و فەڕانسە و بریتانیا دەڵێن ڕێکەوتنە ئەتۆمییەکەی کێشەی جیدی تێکەوتوە و پێی ناوەتە قۆناغێکی هەستیار و، مەجبوورین دوایین بژاردە چالاک بکەین.

لەم قۆناغەدا هەر کام لە لایەنەکانی واژۆکاری ڕێکەوتنە ئەتۆمییەکەی ساڵی ٢٠١٥ دەتوانن، لە ئەگەری ڕەچاونەکردنی تەواوی خاڵەکانی ڕێککەوتنەکە، بژاردەی کۆمیسیۆنی کێشەکان چالاک بکەن و کۆمیسیۆنەکە پێک هاتوە لە ئەندامانی هەموو لایەنەکانی واژۆکاری ڕێکەوتنەکە، چین، ڕووسیە، ئاڵمان، فەڕانسە و بریتانیا و ئێران هەروەها، بەپێی ڕێکەوتن لە وەها حاڵەتێکدا، بەرپرسی سیاسەتی دەرەوەی یەکیەتیی ئورووپاش بەشدار دەبێ کە ئەویش جۆزێف بۆرێلە، کە دەڵێ، هیوادارم ئێران لەماوەی داهاتوودا نیشان بدا کە دەیهەوێ بەربەستەکانی ڕێکەوتنەکە چیتر نابەزێنێ و پێبەندە بە خاڵ بە خاڵی ڕێکەوتنەکەوە چون کێشەکە گەیشتۆتە قۆناغێکی هەستیار و مەترسیدار.

### کێشمەکێشەکانی دەوڵەتی ترامپ و ئێران

مانگی مای ٢٠١٨ دۆناڵد ترامپ یەکلایەنە ئەمریکای لەو ڕێکەوتنە ئەتۆمییە کشاندەوە و گەمارۆی خستە سەر ڕێژیمی ئێران و بەڵێنی دا زۆرترین فشار بخاتە سەر حکوومەتی ئێران، لە بەرانبەریشدا ئێران لە مانگی جوولای هەمان ساڵدا دەستی کرد بە پێشێلکردنی خاڵەکانی ڕێکەوتنەکە و بەرەبەرە یەکبەیەکی خاڵەکانی پێشێل کرد.

ئورووپاییەکان دەیانهەوێ بە هەموو قیمەتێک ڕێکەوتنەکە زیندوو ڕاگرن لەبەر ئەوەی لێکهەڵبەزینەوەی زیاتری لێ بکەوێتەوە، هەرچەند دەوڵەتی ترامپ و ڕێژیمی ئێران هەر دێ و کێشەکانیان قووڵتر دەبێ. بەتایبەت دوای کوژرانی فەرماندەیەکی گەورەی سپای قودس، قاسم سلێمانی لە لایەن ئەمریکاوە، ئێران ڕایگەیاند بەبێ هیچ بەربەستێک دووبارە ئۆرانیۆم دەپیتەنێ و گوێ بۆ قسەی کەس شل ناکا.

ئورووپاییەکان بە چاوی خۆیان دیتیان کە تا ئێستا هیچیان لەدەست نەهاتوە بۆ ڕاگرتنی ڕێککەوتنەکە و هەوڵەکانیان بێسوود بووە، ئەوە دوایین لێدوانی وەزیرانی دەرەوەی ئورووپاییەکان بووە.

گشت کۆمپانیا و شیرکەتە بازرگانییەکانی ئورووپا لە ترسی گەمارۆکانی ئەمریکا، ئێرانیان بەجێ هێشتوە، ئورووپاییەکان پرۆژەی ئینستێکسیان دانا بۆ شکاندنی گەمارۆکانی ئەمریکا کە ئەویش تا ئێستا سوودێکی وای نەبووە. چون شیرکەتە ئورووپاییەکان نایانهەوێ بازاڕی ئەمریکا و دۆلار لەدەست بدەن و هەر بۆیە پێویستیان بە ئەمریکا زیاترە هەتا ئێران.

ئورووپاییەکان ویستیان تەنانەت چاوپێکەوتنێک لە بەینی حەسەن ڕۆحانی سەرۆک کۆماری ئێران و ترامپ چێ بکەن بە مەبەستی هێورکردنەوەی وەزعەکە بەڵام سەرکەوتوو نەبوون.

ئێستا ئورووپاییەکان باس لە دوایین هەوڵ دەکەن کە ئەویش مادەی ٣٦ی ڕێکەوتنە ئەتۆمییەکەیە، ئەو کۆمیسیۆنە ١٥ ڕۆژ کاتی هەیە کێشەکە چارەسەر بکا، هەڵبەت ئەو کاتە دەتوانرێ بۆ چەندین جار درێژ بێتەوە لەسەر داوای لایەنەکان، بەرپرسی سیاسەتی دەرەوەی یەکیەتیی ئورووپا ئاغای بورێل دەڵێ: «من تەنیا هیوادارم هەموو لایەنەکان بە ورەی ئاشتیخوازانە بە مەبەستی چارەسەری کێشەکە هەنگاو بنێن.»

### سزادان لە ئەگەری ڕێکنەکەوتن لەو قۆناغەدا

ئەگەر کۆمیسیۆنی چارەسەریی کێشەکان دوای چەندین جار درێژکردنەوەی ماوەکەش نەتوانێ کێشەکە چارەسەر بکا ئەوە بەرز دەکرێتەوە بۆ وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی واژۆکاری ڕێککەوتنەکە، ئەوانیش دەتوانن هەیئەتێکی ڕاوێژکاری سێکەسی دیاری بکەن بۆ دوایین تاوتوێکان،کە ئەوەش دەتوانێ چەند مانگ کاتی بوێ کە زانرا هەموو هەوڵەکان بێسوودن و لایەنەکان دەتوانن لە ڕێکەوتنەکە بکشێنەوە و لە عەمەلدا ڕێکەوتنێک نامێنێ و تەواوی گەمارۆکانی ئورووپاییەکان دووبارە دەگەڕێنەوە بۆ سەر ڕێژیمی ئێران و هەروەها کێشەکە دەچێتە شۆڕای ئەمنیەتی نەتەوە یەکگرتووەکان. هەڵبەت ئورووپاییەکان چەندین جار جەختیان لەسەر موزاکەرە و وتووێژی زیاتر کردوە و ئێرانیان دڵنیا کردۆتەوە کە گەمارۆکان ناگەڕێنەوە مادام وتوویژ لە ئارادا بێ.

### هەڕەشەکانی تاران

ئەگەر ئێران پێبەندی ڕێکەوتنەکە نەمێنێ ئورووپاییەکانیش نایانهەوێ ڕوخساری خۆیان چیتر خەدشەدار بکەن، کەواتە چ بژاردەیەک لە بەردەستیاندا دەمێنێ لە وەها حاڵەتێکدا؟

حکوومەتی ئەمریکا بەڕواڵەت پشتیوانی لە چالاک کردنی بەندی ٣٦ کردوە کە هەمان چارەسەری کێشەکانە، لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵە دیپلۆماتیکەکان و گەمارۆکانیش کاری خۆیان دەکەن و لە بنەڕەتیشدا پێی باشە ئورووپاییەکانیش وەک ئامریکا لە ڕێککەوتنەکە بکشێنەوە.

ئاڵمان و فەڕانسە و بریتانیا لەسەر فشاری لە ڕادە بەدەری گەمارۆکان بۆ سەر ئێران لەگەڵ ئەمریکا هاوڕا نین بەڵام وردە وردە درزیش دەبەرەی ئورووپاییەکان دەکەوێ،

بۆریس جانسۆن سەرۆک وەزیری دەرەوەی بریتانیا لە وتووێژێکدا لەگەڵ بیبیسی ئەوەی ئاشکرا کرد و وتی، لاریمان نییە لەسەر ڕێککەوتنێکی تر لەگەڵ ئێران مادام بە هیچ ئاکامێک ناگەین و ئەم ڕێککەوتنەمان بۆ ڕزگار ناکرێ و وتی دەتوانرێ پرۆژەکەی ترامپ جێگرەوەی ڕێکەوتنە ئەتۆمییەکە بێ و دۆناڵد ترامپیش لە تویتێر ئەوەی پشتڕاست کردەوە .

### حەسەن ڕۆحانی سەرۆک کۆماری ئێران

حەسەن ڕۆحانی ڕەتی کردەوە کە وڵاتەکەی ئامادەی ڕێکەوتنێکی نوێ بێ و وتی ئەمریکا دەتوانێ بگەڕێتەوە نێو ڕێککەوتنەکە و پێبەندی خاڵ بە خاڵی نێو پەیمانەکە بێ و ئێمەش خاڵ بە خاڵی ڕەچاو دەکەین.

هەروەها لە هەمان کاتدا ڕۆحانی هەڕەشەی لە سەربازانی ئورووپایی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کرد و وتی بە ئاڵۆزبوونی بارودۆخ گیانی ئەوانیش دەکەوێتە مەترسییەوە.

لە لایەکی ترەوە میدیای ئێرانی باس لەوە دەکەن، کە باڵوێزی بریتانیا لەژێر فشاردا تارانی بەجێ هێشتوە و لە ئەسڵدا دەرکراوە، دوای ئەوەی ناوبراو بەشداری خۆپیشاندانەکانی دەربڕینی نارەزایەتیی خەڵکی ئێران بووە، کە بە مەبەستی ئیدانە کردنی تەقاندنەوەی فڕۆکە ئۆکرانییەکە لە تاران ڕێک خرابوو. لەو خۆپیشاندانەدا بۆ ماوەیەکی کورت باڵوێزی بریتانیا لە لایەن سپای پاسدارانەوە دەستبەسەر کرابوو و دوایە ئازاد کرا.

قسەی کۆتایی، نیشانەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە ئورووپا و ئێران تا دێ زیاتر ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە و زیاتر لێک هەڵدەبەزنەوە.

*ئەلکساندێر سارۆویچ

# گوتاری ڕۆشنبیریی کوردی*

فرانتس نویمان دەڵێ: «ڕۆشنبیران ویژدانی ڕەخنەگرانەی کۆمەڵگەن یاخود ئەشێ وا بن.»

ڕۆشنبیری کورد چوار خاڵی لاوازی بە خۆیەوە هەڵگرتوە:

یەکەم، ڕۆشنبیری کورد هەمیشە و ئێستاشی لەگەڵ بێ، لە ڕوانگە و بازنەی گوتاری ناڕاستەوخۆی زاڵ، بیری کردۆتەوە و نوسخەی هەڵپێچاوە؛ واتە ئاسۆی واتایی (افق معنایی) ڕۆشنبیری کوردی، هەمان تێڕوانین و خوێندنەوەی هیترە کە ئەویش خۆی نەیخوڵقاندوە و وەریگرتوە؛ وەک گوتاری ئێرانی، تورکی، عەرەبی و...



دووەم، ڕۆشنبیریی کوردی هەمیشە لە بازنەی دەسەڵات و گوتاری سیاسی، کێشە و کەندولەندی کۆمەڵایەتی و ئابووری و فەرهەنگیی کۆمەڵگەیەکەی بینیوە و هیچ ئەرکێکی دیاریکراوی بۆ خۆی بە مەبەستی کار و کردەوەی بنەڕەتیی فەرهەنگی، ئاڵوگۆڕی هزری و دیالۆگی نییە و لەسەر بنەمای گوتاری ڕەخنەگرانە دانەبەر نەکردوە و خۆی لە ژێری دەرهاویشتوە.

سێهەم، ڕۆشنبیری کورد بە هۆی لاوازیی تیئۆریک و بگرە نەبوونی هیچ ڕوانگەیەکی تیئۆریکی خۆماڵی و خۆیی، بەردەوام بەملاوئەولادا سەری شۆڕ بووەتەوە.

چوارەم، ڕۆشنبیریی کوردی بە شێوەیەکی بنەڕەتی، هەنگاوێکی داڕێژراو و سیستماتیکی بۆ توێژینەوەی ستراتێژیکی و بونیادیی تایبەتمەندییەکانی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیی خۆی هەڵنەهێناوەتەوە؛ هەر بۆیەش لێدوان و دەرهاویێژی هزر و فەلسەفیدەنەکانیان! جێی متمانەی کۆمەڵگە نەبووە ونەیانتوانیوە ئۆتێنتیسیتە (ڕەسەنایەتی و کرۆکی نەگۆڕ)ی کۆمەڵگەیەکەیان بدۆزنەوە.

بە تێبینی لەسەر ئەو باسەی پێشوو دەتوانین بەگشتی لەسەر گۆڕەپانی ڕۆشنبیریی کوردی ئاماژە بەو خاڵانە بدەین:

نابێ ئەوە بشارینەوە کە وێنە (شبهە) ڕۆشنبیری کوردی، زێهنێکی ئاڵۆز و پەرتەوازە و تۆزاویی هەیە و بە وتەی فۆکۆ «لە ناخی ئێپیستمەی گوتاریی زاڵی دەسەڵات» و سووژەی ئەویتردا نوقمە. لە ڕاستیدا جۆرە تێرۆریزمێکی نەزەری! ئێپیستمە و ئاگایی ڕۆشنبیریی کوردی کوێر کردۆتەوە. ڕۆشنبیری کورد ئەشێ هەوڵی دۆزینەوە و داهێنانی تیئۆرییەک بدا نەک دەرکەوتەی تیئۆرییەکە بێ.

بە باوەڕی من دەبێ ڕۆشنبیری کورد بە دۆزینەوەی ئەسالەت و ڕەسەنایەتی و کرۆکی نەگۆڕی دەقی کۆمەڵگەی خۆی، لە هەوڵی داهێنان و خوڵقاندنی گوتار و تیئۆرییەکی نوێی ڕوو لە داهاتوو بێ کە ئاسۆی ڕابردوو لەگەڵ ئاسۆی هەنووکە و داهاتوو، ئاوێتە و گرێبەست بکا؛ هەر وەک بیرۆکەی گادامێر بەرجەستەبوونی ئەم شێوە خوێندنەوە و لێکدانەوەی دەقەکان تاپۆ دەکا. بەبێ نەخستنەڕووی ئەم ڕەسەنایەتییە، دازاین (بوون)ی کورد شوناس بە خۆیەوە ناگرێ؛ وەک هایدیگێریش بۆی دەچێ، ئەشێ ڕۆشنبیری کورد دازاین و بوونی خۆی بدۆزێتەوە و بەو ئاستە لە وشیاری بگا کە هیی دەقی خۆیەتی: «ئەز هەم، کەوابوو؛ بیر دەکەمەوە«.

گەلێک ڕوونە بۆ یەکەم هەنگاو ئەو زەروورەتە مێژووییە دێتە ڕوو کە وێنەی ڕۆشنبیری کورد، لە یەکەم بڕگەدا هەوڵ بدا گوتاری زاڵ، بنەماشکێنی بکا و سووژەی کورد لە کۆیلەتیی ئۆبژەی پەراوێزی گوتارەکانی تر ڕەها بکا. بەو مانایە بەبێ دڕدۆنگی، کورد ڕۆشنبیری نییە.

ئەشێ ڕۆشنبیری کورد لە پێناسە و گوتاری نەریتیی ڕۆشنبیران جیا بێتەوە و بگاتە ڕۆشنبیری «ئەندامواری». ئێرنێستۆ لاکلاو و شنتال مووفە لەم بارەوە دەڵێن: «بەپێچەوانەی ڕۆشنبیریی کلاسیک کە مەبەستیان ڕاکێشانی ئاپۆرەی خەڵکە بەرەو هەڵدێری نادیار، ڕۆشنبیرانی ئەندامۆار، ویڕای بنەماشکێنی (deconstruction)ی گوتار و سیستمی ڕازاوەی زاڵ، بۆ خوڵقاندن و پێکهێنانی گوتارێک تێدەکۆشێ کە خاوەنە سەرەکییەکەی خەڵکن.» لەو ڕووەوە، ڕۆشنبیر بەو کەسە دەگوترێ کە «ئەو ئەسالەت و سەنەدییەتەی گوتاریی خۆی، لەکۆی داخوازییەکانی نەتەوەدا بدۆزێتەوە و بەگوێرەی ئەوان و هاوتەریب لەگەڵیان نزامێک لە وشە و ڕستە و شێوازی داڕشتنی ڕێزمانێک دابێنێ کە هەڵگر و کاردانەوەی بەرژەوەندیی گشتی بێت.» (آقا حسینی، ١٣٨٥، ٢٦) بێگومان گەڕانەوە سەر کرۆکی نەگۆڕی دەق، خوێندنەوەیەکی ڕاست و حەقیقی دەبێ. هەروەک «جیمز» دەڵێ: «دەقەکان لە فەرهەنگە جیاوازەکاندا سەقامگیر دەبن.» (یارمحمدی، ١٣٨٣، ٣٣) لەو هێڵەشەوە لێکدانەوە و ئیستدلالی گرامشی ئەوە بوو کە ئەسالەت و گەوهەری دەقی هەر کۆمەڵگەیەک تا ڕادەیەکی ئێجگار زۆر نەگۆڕە وتەنانەت دەکەوێتە بەر شرۆڤە و خوێندنەوەی جۆراوجۆر، بۆیە ڕۆشنبیر دەبێ ئەم کرۆک و گەوهەرە نەگۆڕە بدۆزێتەوە و ئاگایی بەسەردا هەبێ. (آقا حسینی، هەمان، ٢٧) لە ڕاستیدا بە چاونووقاندن لەسەر کۆمەڵێک ڕەخنەی مەزن لەمەڕ بۆچوونەکانی گێئۆرک لۆکاچ، ئەوەی بە بارمتە لێ وەربگرم کە ئاگایی ڕاستەقینە و «ئاگایی لە بێئاگایی خۆی»، کورد وێنەی نەتەوەیەکی ئینسانی لە «قۆناغێکی لەخۆیدا» بگوازێتەوە بۆ «قۆناغێکی بۆخۆی»؛ واتە نەتەوەیەک کە بە شوێنگە و ڕەساڵەت و ئەرکی ڕاستەقینەی خۆی ئاگادارە؛ هەر لێرەشەوە دەکرێ ئەوە لەگەڵ نەزەریەی گرامشی گرێ بدەم کە، دۆزینەوە و قۆزتنەوەی «وشیاریی ئۆتێنتیسیتەدار» دەتوانێ هێژمۆنی پەیدا بکا و جڤاک و کۆمەڵگەی کوردی و داهاتووەکەی وەک هەر کۆمەڵگەیەکی مرۆڤانەی دیکە بەرەو گواستنەوەیەکی نەزەری و عەمەلی (یەکیەتیی سووژە و ئۆبژە) لەسەر بەردی بناغەی گوتاری ڕاستەقینە و خوڵقێندراوی خۆی وێنا بکا و، ئەمەش وەک پرۆسەیەکی بەردەوام و هەمیشەیی کارتێکردن و کارلێکردنی نێوان دۆزی کۆمەڵگە و ڕۆشنبیریی کوردی و بەرەو پێشڤەچوون بێ. دیارە ئەز لەگەڵ ئەوەش کۆک نیم کە لە کردەویەکی کاردانەوەی واکونێشی و بەراوەژوودا، هەمووشتێکی نێو گوتاری ڕۆشنبیریی تر، ڕەفز بکاتەوە و تۆڕی بدا و هاوشێوەی ئەو، بەڵام بەلای نێگەتیڤ و بەرگریکردندا خۆی بڕازێنێتەوە، واتا بە جۆرێک لە خۆتێگەیشتنێکی واژی و بەراوەژووی هەبێ!

لە ڕاستیدا ئاگاییەکی دەرەوێر(False consciousness) لەمەڕ زێهنییەت و کردەوەی مێژوویی گوتاری ڕووناکبیریی کوردی دزەی کردوە و بۆیە گەلێک پێویستە ئاسۆی تێڕوانینی خۆی لە گوتاری تێگەیشتنی ئەویتر بگوازێتەوە بۆ نێو دەقی گوتاری ئۆتێنتیسیتەدار و دازاینی خۆی. هۆسێرل لەسەر ئەم ڕایە سوورە کە «هەر زێهنێک ئاسۆیەکی واتایی (افق معنایی) هەیە کە بەهۆیەوە لە فۆنۆمێنەکان تێدەگا. دیاردەکان لە چوارچێوەی ئەو ئاسۆ واتاییەوە دەرک دەبن، کاتێک ئاسۆی واتایی دەگۆڕدرێ، شێوازی وەدیارکەوتنی دیاردەیی جیاواز دەبێت.» (خالقی، ١٣٨٣، ٥٧)

بەکورتی مەبەست ئەوەیە کە ڕۆشنبیریی کورد، ئەشێ ئۆتێنتیسیتەی دەقی کۆمەڵگەی خۆی بێ و بەو جۆرە بە ئاگاییەکی ڕاستەقینە لەنێو گوتاری هەڵقوڵاو لە دەقی خۆی بگا تا هێژمۆنی پەیدا بکا، ئەو کاتەیە کە ڕۆشنبیریی کوردی لەدایک ئەبێ و لە گوتاری «گەل لە ناخی خۆیدا» بەرەو قۆناغی «گەل بۆخۆی»، کاری هزری و ڕۆشنبیرانە دەس پێدەکا. ڕەنگە لە دوو لایەنەوە دان بە ڕاستبوونی ئەم وتەیە دابنێین؛ یەکەم: ڕۆشنبیریی کوردی ئێستا لەپەراوێزی گوتاری زاڵدا ڕۆڵ دەبینێ و وەک ئەویتر (غیر) سەیری دەکرێ. دووەم: ڕۆشنبیریی کوردی شوناس و ڕەوایی (مشروعیت)ی خۆی لەو پەراوێزەدا بەپێی دەقی گوتاری زاڵ وەردەگرێ؛ کەوایە بەوە دەگەین کە تاوەکوو ڕۆشنبیریی کوردی لە گوتاری دەقی خۆی، هەڵگر و داگری ئۆتێنتیسیتەی کۆمەڵگەکەی نەبێ ڕەوایی وەدەست ناهێنێ و هەروا لەژێر قورسایی ئەم بۆچوونەی فارووقدا مشوو ئەخواتەوە!

ڕۆشنبیری کورد بە دەرەتان لەو دوو بوارەدا ئەتوانێ ڕۆڵی ڕێبەریی ڕۆشنبیری بەخۆیە ببینێ و لەگەڵ خۆی وەک ڕۆشنبیرێکی تایبەت، کۆمەڵگەکەی بەرەو وشیاری لەنێو ئاخنی وێژە و گوتاری ڕاستەقینە ڕێنوێنی بکا. دیارە پێشەنگایەتی و ئەرکی ڕۆشنبیریی کوردی، دۆزینەوە و قۆزتنەوەی وشیاریی دەقی کۆمەڵگە و داڕشتنی لە قاپووڕی گوتارێکی ئۆتێنتیسیتەداری خۆی، وەک یەکیەتیی سووژە و ئۆبژەی کوردییە بۆ دەرباز بوون لە ژێدانوویزمی زاڵ و گەیشتن بە ئامانجەکانی. ئەوەش بە واتای پێگەی ڕۆشنبیریی هێژمۆنیکە. واتا «ڕۆشنبیری لەخۆیدا» بە «ڕۆشنبیری بۆخۆی».

***

*** ئەم وتارەی د. جەلال حاجی زادە لە فەیسبووکەکەی وەرگیراوە و «کوردستان» بەنیشانەی ئەمەگ و وەفا بۆ ئەو کەسایەتییە هزری و بیرمەندە بەتوانایەی کورد بڵاوی کردۆتەوە.**

# ویستی خەڵک و چاوەڕوانیی هەڵوێستی هونەرمەندان



هەردی سەلیمی

«پرسی ئێستای ئێمە یەکیەتیی سینەما لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاران و خوێندکارانە کە هەر ئێستا لە فەڕانسە لە ئارادایە. تەنانەت یەک فیلمیش نییە کە باس لە کێشە هەنووکەییەکانی ئەم دوو چینە بکا.

[بەتووڕەییەوە] من خەریکم قسە لە یەکیەتیی سینەما لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاران و خوێندکاران دەکەم، ئێوە باسی «تراڤێلینگ» و «کلەوزاپ» بۆ من دەکەن؟! تێگەیشتنتان نییە.»

ئەمە بەشێک لە وتەکانی ژان لۆک گۆدار، دەرهێنەری بەناوبانگی شەپۆلی نوێی سینەمای فەڕانسەیە لە یەکەم ڕۆژی دەسپێکی ٢١ـەمین خولی فێستیڤاڵی کەن، کە لە کۆتاییدا بایکۆت و هەڵوەشانەوەی ئەم خولەی فستیڤاڵەکەی لێ کەوتەوە.

بەدوای ئەوەی کە لە مانگی خەزەڵوەری ئەمساڵدا زنجیرە ناڕەزایەتیدەربڕینێک لە ئێران ڕووی دا و خەڵکی زۆر یەک لە شارەکانی ئەم وڵاتەی هێنایە سەر شەقام و سەرکوتی توندی ئەم ناڕەزایەتییانەی لەدوا بوو و، دواتریش بەهۆی خستنە خوارەوەی بەئەنقەستی فڕۆکەی ئۆکراینی لەلایەن سپای پاسدارانەوە و کوژرانی هەموو موسافیرەکانی، تەرمی سەدان کەس لە ژن و پیاوان و پیر و منداڵانی ئێرانی کەوتە سەر دەستی خەڵکی ئەم وڵاتە و؛ کۆمەڵگەی تاسەباری ئازیزانی لەدەست چوو کرد. لەم نێوانەدا کەسانێکی خاوەن ناو بە دەربڕینی بۆچوونە پێوەندیدارەکانیان بەم ڕووداوانەوە، سەرنجەکانیان بۆ لای خۆیان ڕاکێشا، کە لەم نێوەدا ڕادەربڕینی هونەرمەندان کاردانەوە و دەنگدانەوەیەکی پتری بەدواوە بوو. لەگەڵ ئەوەی کە زۆرینەی ئەو کەسانەی هەڵوێستێکیان هەبوو لەم بارەوە، ئیدانەی کردەوەکانی حکوومەتیان کردبوو و خۆیان لە ڕیزی خەڵکدا دەبینیەوە؛ بەڵام کەسانێکیش هەبوون کە بەپێچەوانەوە هەڵوێستی پێچەوانەیان هەبوو.

لە یەکەمین هەڵوێست نواندنەکان دەتوانین ئاماژە بە بەیاننامەی خوێندکارانی سینەما لەژێر ناوی «سینەما لەدژی سینەما» بکەین کە لەوێدا داوا لە هونەرمەندان کرابوو: «سەرەڕای ئیدانە کردنی ڕووداوەکانی مانگی خەزەڵوەر، بە کردەوەش لەگەڵ خەڵک بن و هەروەها فێستیڤاڵی [حکوومەتیی فیلم نواندنی] «فەجر» بایکۆت بکەن.»

فێستیڤاڵی حکوومەتیی فیلمی فەجر یەکەم جار نییە کە بەرەوڕووی ناڕەزایەتیی هونەرمەندان دەبێتەوە، بەڵام لە زۆربەی کاتەکاندا ناڕەزایەتییەکان بە شێوازی بەڕێوە بردنەکەی بووە و کێشەیەکی سێنفی بووە هەتا کێشەیەکی بنەڕەتی کە پێوەندیدار بە پرسی خەڵکەوە بێ. هەرچەندە لە ساڵانی ڕابردوودا و لەدوای ناڕەزایەتییەکانی ساڵی ٨٨، «بەهمەن فەرمان‌ئارا»، دەرهێنەری بەتوانای سینەمای ئێران کە پێشتر بۆ فیلمی «بوی کافور، عطر یاس» خەڵاتی باشترین دەرهێنانی وەرگرتبوو، بە نیشانەی ناڕەزایەتی لەو ساڵەدا خەڵاتەکەی پێ دانەوە؛ کە هەڵوێستێکی توند و بوێرانە بوو لە لایەن ئەم هونەرمەندەوە.

هەر لەم ساڵیشدا «موحسین ئوستادعەلی» دەرهێنەری فیلمی دۆکیۆمێنتی، کە بەبۆنەی فیلمی «خسوف» خەڵاتی باشترین دەرهێنەری لە فێستیڤاڵی «سینما حقیقت» کە لە تالاری وەحدەتی تاران بەڕێوە چوو، وەرگرت، لە پەیامی کاتی وەرگرتنی خەڵاتەکەیدا ئاوا دوا: «ماوەیەکی زۆر بەسەر ڕووداوەکانی خەزەڵوەردا تێنەپەڕیوە. کامێراکانی ئێمەی دۆکیۆمێنت‌ساز کوژابۆوە و موبایلی لاوەکانی ئەم وڵاتە هەڵکرابوون. تۆمارکردنی ڕاستییەکان بە وەرگرتنی خەڵات نییە، بەڵکوو بە بوێرییەکە کە دەبێ لە تەنگانە کۆمەڵایەتییەکاندا هەبێ. ئەو کارەی کە خەڵک کردیان و ئێمەش سەیرمان کردن. ئەم خەڵاتە پێشکەش دەکرێ بە گیانی بەرزی بوێرترین کامێرا و دۆکیۆمێنت‌سازی ئەم وڵاتە؛ پوویا بەختیاری و هەموو ئەو کامێرایانەی هەتاهەتایە بە هەڵکراوی دەمێننەوە.»

هەر لەم پێوەندییەدا هونەرمەندانێکی وەک جەعفەر پەناهی –کە ساڵانێکە ڕێگەی کاری هونەری و چوونە دەرەوەی لە وڵاتی لێ گیراوە–، هەدیە تارانی، ڕەزا دۆرمیشیان و ڕەخشان بەنی‌ئێعتماد، لەبەر زانستگەی ئەمیر کەبیری تاراندا هاوڕێ لەگەڵ خوێندکاران لە ناڕەزایەتییەکاندا بەشدارییان کرد. کە بەم بۆنەیەشەوە خانمی بەنی‌ئێعتماد لە دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامی لەلایەن مامۆستایەکی زانستگەوە کە سەربە دەسەڵاتە کەوتە بەر هێرشی بێڕێزی و وتە سێکسیستییەکانی ئەم کەسە و ئەمەش پتر لە پێش ڕوخساری ڕاستەقینەی دەسەڵات و کەسانی نزیک بەوانی بۆ خەڵک دەرخست. کە هەر لە ڕاستیشدا بایکۆتکردن دەبێ بە مەبەستی یەکیەتی و لەگەڵ خەڵک بوون بکرێ، نەوەک هاوسۆزیدەربڕینێکی ڕووت؛ کە ئەمەش لەلایەن هەندێک لە هونەرمەندە ڕاستەقینەکانەوە کرا.

جارێ هەتا بەم کاتە دژکردەوەی دەسەڵات بەرامبەر بەم هەڵوێستانە ئەوە بووە کە وتەبێژی کۆمیسیۆنی فەرهەنگیی مەجلیس هەڕەشەی ڕێگری لە درێژەی چالاکیی ئەم هونەرمەندانە لە داهاتوودا کردوە و، بە وتەی ئەو: «ئەم تاقمە لە هونەرمەندان لەگەڵ خەڵک نین و ئێمەش ناهێڵین چیتر درێژە بە چالاکیی خۆیان بدەن.» هەروەها ڕایگەیاند: «لە حەوتووی داهاتوودا گەڵاڵەیەک دەبەین بۆ مەجلیس کە لەوێدا بۆ ئەو هونەرمەندانەی وا لەگەڵ خەڵک نین و دەست لە چالاکیی هونەریی خۆیان دەکێشنەوە، لە درێژەی چالاکیی هونەری لە [چوارچێوەی] کۆماری ئیسلامیدا بەربەست دروست بکا.»

ئەمە لە کاتێکدایە یەکێک لە ئەکتەرەکان لە لاپەڕەی ئینستاگرامیی خۆیدا دژکردەوەی جێ‌پەسەندی دەسەڵاتی لەمەڕ کوژرانی قاسم سولەیمانی بڵاو کردبۆوە و، خەڵک لەوێدا بە نووسینی سەدان پەیام بەرەوڕووی گلەیی و گازندەی زۆر توندیان کردەوە و بەناچار ئەو پۆستەی سڕییەوە؛ ئەمە خۆی دەرخەری ئەوەیە کە خەڵک کێن و چییان دەوێ و خۆ ماتکردن لە پشت سەنگەری خەڵکدا چیتر بۆ کۆماری ئیسلامی و کاربەدەستانی دەست نادا.

کاتێک لە فەڕانسە بزووتنەوەی مانگی مەی لە ئارادا بوو، هونەرمەند و نووسەری وەک ژان پۆل سارتر هاوڕێ لەگەڵ هاوژینەکەی واتە سیمۆن دۆبوار بەپێچەوانەی نووسەرانی وەک دەوڵەتابادی نەتەنیا لە خۆپیشاندانەکاندا بەشداریی بەرچاویان هەبوو، بەڵکوو بەیاننامەی کرێکاران و خوێندکارەکانیان لەنێو خەڵکدا بڵاو دەکردەوە و، بەم بۆنەیەشەوە لەلایەن پۆلیسی ئەم وڵاتەوە دەسبەسەر کران. لەدوای ئەوەی کە دەوڵەتانێکی زۆر بەدرێژایی ئەم ساڵانە هاتوون و ڕۆیشتوون بەڵام مێژوو لە دڵی خەڵکدا بۆ هەمیشە ناو و یادی مافویستانەی ئەم هونەرمەندە خەڵکییانەی بەرز ڕاگرتووە و، تۆزی لەبیرچوونەوە ناوی دەسەڵاتدارانی داپۆشیوە؛ لەگەڵ خەڵک بوون یانی بەردەوامی.

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran
NO:766 20 Januray 2020

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:
www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East MHz 11958
polarization: Vertical -27500 FEc : 7/8
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
+9647508483312
Tashkilat.kdp92@gmail.com

## کرانەوەی پەرتووکخانەی کوردی لە دێی گاگەشی مەهاباد



ڕۆژی هەینی، ٢٧ی بەفرانبار لەلایەن خەڵکی ئاوایی گاگەشی خوارێ سەر بە شاری مەهاباد و بە هەوڵ و هیممەتی چەند کەسایەتی و فێرگە و ئەنجوومەن، کتێبخانەیەکی کوردی لەو گوندە دامەزرا.

لەو ڕێوڕەسمەدا مامۆستا مەلا قادر، مامۆستای ئاوایی گاگەش لە دەسپێکی بەرنامەکەدا چەند وتەیەکی پێشکەش کرد، دواتر کەماڵ شەریفگەیلانی وەک نوێنەری ئەنجومەنی ئیزەرتوو وتارێکی پێشکەش کرد و ڕێورەسمەکە بە سروودێکی گرووپی سروودی گاگەشی باوەمەر درێژەی پێدرا. لە بڕگەیەکی دیکەدا سووسەن حەسەنزادە، زماننناس و مامۆستای زمانی کوردی بە نوێنەرایەتیی فێرگەی کوردیی مامۆستا زیرەک لەسەر چۆنیەتیی پەرەپێدانی خوێندنەوەی کتێب بە وردی دوا و بە خوێندنەوەی شێعری بەندیخانەی مامۆستا قانع کۆتایی بە وتارەکەی هێنا. هەروەها ئامانج محەممەدزادە، بەرپرسی پەرتووکخانەی گاگەشی باوەمەر؛ ئازاد ئەمینی بە نوێنەرایەتی لە لایەن ئەنجومەنی هیوای زانست و ئەنوەر ئیسماعیلپوور وەک نوێنەری پەرتووکخانەی ڕووناکیی موکریانی شاری گوێگتەپە، وتاری خۆیان سەبارەت بە گرینگیی بوونی پەرتووکخانە پێشکەشی ئامادەبوان کرد. دوابڕگەی کۆبوونەوەکە شانۆی بەیتی «سەرەمەڕ»ی مامۆستا هەژاری موکریانی بوو.

## کۆڕیادی شاعیر و بیرمەندی کورد سوارە ئێلخانیزادە

کۆڕی فێرکاری و فەرهەنگی و فێرگەی زمانی کوردیی ئەدەب ڕۆژی چوارشەمە ٢٥ی بەفرانبار بە ئامادەبوونی شاعیران و نووسەرانی شاری بۆکان بۆ ڕێزگرتن لە یادی شاعیر و نووسەری کۆچکردوو مامۆستا سوارە ئیلخانیزادە بەڕێوە برد.

لەو کۆڕەدا مامۆستایان سەعید نەجاری (ئاسۆ)، حوسێن شێربەگی، خاتوو ئامینە چاک، مستەفا ئێلخانیزادە، دوکتور عومەر حیسامی، ناتق مەجیدی (سۆران)، نوسرەت سەوارە، یاسین قورەیشی، عەزیز میرزا قادری و خالید عەسکەری وتار و باس و بابەتەکانیان پێشکەش کرد.

لە بەشی کۆتایی ڕێوڕەسمەکەشدا پێشکێش بە بەڕێوەبەرانی کۆڕی ئەدەب کرا و بەمجۆرە ڕێز لە تێکۆشانی چەندین ساڵەیان نرا. کۆڕی فێرکاری و فەرهەنگی و فێرگەی زمانی کوردیی ئەدەب لەسەر دەستی کاک مستەفا ئیلخانیزادە بنیات نراوە. کاک مستەفا ئیلخانیزادە ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی لە ئاوایی سەردەرائابادی بۆکان لەدایک بووە. تا ئێستا نزیک بە ٥٠ بەرهەمی ئەدەبیی لەچاپ داوە کە زۆرتر لە بواری وەرگێڕان بە کوردی، زمانەوانی و ڕێزمانن. دوای خانەنشین بوون بەردەوام و نەسرەوتوو سەرقاڵی فێرکردنی زمانی کوردی بە فێرخوازانە.



## خەڵاتی هونەرمەندی ساڵی فستیڤاڵی «گلۆبال» بە کەیهان کەلهوڕ درا

«کەیهان کەلهوڕ»، ژەنیاری «سێ تار» و «کەمانچە» و ئاهەنگسازی کوردی خەڵکی کرماشان، لە لایەن فێستیڤاڵی «گلۆباڵ فەست»ەوە، بوو بە خاوەن خەڵاتی هونەرمەندی ساڵی ٢٠٢٠.

ڕێوڕەسمی پێشکەشکردنی ئەو خەڵاتە، ئێوارەی ڕۆژی چوارشەممە، ٢٥ی بەفرانبار، بەبێ ئامادەبوونی «کەیهان کەلهوڕ» لە نیۆیۆرک بەڕێوە چوو. دواتر دەقێک لە زاری بەڕێوەبەرانی ئەو خەڵاتە جیهانییەوە، لە لاپەڕەی ئینستاگرامیی هونەرمەند کەیهان کەلهوڕ داندرا کە تێیدا هاتوە: «ئێمە شانازی دەکەین کە ئەم خەڵاتەمان بەو هونەرمەندە داوە.»

ئەو هونەرمەندە کوردە ساڵی ڕابردووش براوەی ١٩یەمین خەڵاتی جیهانیی هونەرمەندی ساڵی «ڤۆمێکس» و لە ساڵی ٢٠١٧دا لەگەڵ گرووپی ڕێگای ئەوریشم بوو بە براوەی خەڵاتی «گێرەمی».



## کۆڕێک لە «ئاغجێوان»ی بۆکان بۆ بڕوانامەپێدان بە فێرخوازانی زمانی کوردی



ڕۆژی سێشەممە، ٢٤ی بەفرانبار لە گوندی ئاغجێوان سەر بەشاری بوکان لەلایەن ئەنجومەنی «بەیان»ەوە کۆڕێک بۆ پێدانی بڕوانامەی کۆتایی خوێندنی زمانی کوردی بۆ کومەڵێ لە قوتابیانی ئەو ناوەندە پێکهات.

لەو کۆڕەدا سەعید نەجاری (ئاسو)، مستەفا ئیلخانیزادە، ئەمیر پیادە (بەرپرسی ئەنجومەنی فەرهەنگیی بەیان)، دوکتۆر ئازاد محەممەدیانی، ناسر وەحیدی، ناسر ناسری و کۆمەڵێ لە ئەدیبان و قەڵەمبەدەستانی شاری بوکان وتار و بابەتیان پێشکێش کرد.

ئەنجوومەنی فەرهەنگیی «بەیان» یەکێک لەو ئەنجوومەنانە فەرهەنگیانەیە کە کۆڕسی فێربوونی زمانی کوردی بۆ منالان و فێرخوازانی زمانی کوردی دەکاتەوە و لەو ئەنجوومەنەدا کۆمەڵێک مامۆستای خۆبەخش و نیشتمانپەروەر دڵسۆزانە وانەکانی زمانی کوردی دەڵێنەوە و لەو ڕێگەیەوە خزمەت بە فەرهەنگ و زمان و ئەدەبی کوردی دەکەن.

## پەردەلادان لە کتێبخانەی گوندی «خانەگێ»

ڕۆژی پێنجشەممە، ٢١ی بەفرانبار بە بەشداریی کۆمەڵێک لە نووسەران و ئۆگرانی کتێب و خوێندنەوە و لە ڕێوڕەسمێکدا پەردە لەسەر کتێبخانەی گوندی خانەگێ لە شاری مەهاباد لادرا.

بەڕێوەبەرانی کتێبخانەکە دەڵێن مەبەست لەو کارەیان پەرەپێدان بە کولتووری خوێندنەوەی کتێب و بایەخدان بە کاری ئەدەبی و فەرهەنگی بووە.



بەر لە ماڵاوایی

# کۆماری کوردستان و کارتێکەریی لەسەر نەوەکانی پاش خۆی



دیاکۆ دانا

مێژوو پڕە لە چیرۆک و بەسەرهاتی ئەو نەتەوە بندەستانەی بۆ وەدەستهێنانی سەروەریی سیاسی و بڕیاردان لە سەر مافی چارەنووسی خۆیان بەدژی دەسەڵات ڕاساون و هەوڵیان داوە لە هەموو شێوەکانی خەبات بۆ دەستەبەری مافەکانی کەلک وەرگرن. ئەم بەسەرهات و چیرۆکی ڕزگاریی نەتەوەکان لە مێژووی هاوچەرخدا دیارتر و بەرچاوترە. نەتەوەی کوردیش یەکێک لەو نەتەوانەیە کە لانیکەم لە یەک سەدەی ڕابردوودا بۆ بەرگری لە شوناس و کێیەتیی خۆی وەک نەتەوەیەکی خاوەن سەروەریی نەتەوەیی خەباتی کردوە و ئەگەر لە زۆر بڕگەدا تووشی نسکۆ بووە؛ گەلێ دەستکەوتیشی بووە کە دامەزرانی «کۆماری کوردستان» یەک لەو دەسکەوتە مەزنانەیە.

کۆماری کوردستان کە بەرهەمی خەباتی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە فۆڕمی نوێی شۆڕش لە چوارچێوەی حیزب و قۆستنەوەی هەلێکی مێژوویی بەهۆی بلیمەتیی ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات بوو، هەر ڕووداوێکی مێژوویی تایبەت بە قۆناغێک لە مێژووی کورد نییە. ئەم قۆناغە لە مێژووی سیاسیی کورد خاڵی وەرچەرخانی بزووتنەوەی کوردە و کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر بزووتنەوەی سیاسیی دواتری کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان داناوە.

کارنامەی درەوشاوەی کۆمار لە ماوەی کورتی ١١ مانگ تەمەنی دەسەڵاتەکەی لە بوارەکانی زمان، بەرگریی نیشتمانی، شوناسی میللی، پەروەردە، ماف، ئابووری و ئازادییە مەدەنییەکان و... سەرچاوەی ئیلهام بۆ دەسەڵات و بەڕێوەبەریی دەوڵەتی کوردی لە سەردەمی ئێستاشن.

کۆماری کوردستان بناغەی پەروەردەی نەتەوەیی و گواستنەوەی ڕێبەریی ئەم بزووتنەوە شوناسخوازانەیە نەوە دوابەدوای نەوە بووە. ئەوە کۆماری کوردستان بوو کە بە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان هەستی باوەڕبەخۆبوونی لەنێو نەتەوەی کوردا نەوە دوای نەوە دروست کرد و ئەو باوەڕی بەدی هێنا کە کورد مافی خۆیەتی وڵات و دەوڵەتی خۆت هەبێ و ئەگەر دەست بدا دەتوانێ بەباشی بەڕێوەی ببا. ئەم هەست و شعوور و باوەڕەی نەوە بۆ نەوە گواستۆتەوە. یەکیەتیی لاوان کە یەکێک لە دەستکەوتەکانی کۆماری کوردستان بوو، خۆی قوتابخانە و مەڵبەندی پێگەیاندنی ڕێبەرانی دواتری شۆڕش و بزووتنەوە بوو. بینیمان کە دوای نسکۆی کۆمار و شەهیدبوونی پێشەوا، ئەوا کۆمەڵێک لە پێگەیشتووانی یەکیەتیی لاوان بوون کە ئاڵای خەباتی حیزب و بزووتنەوەی کوردیان لەدژی ڕێژیمی پاشایەتی بەرز ڕاگرت و زیندانەکانی ئەم ڕێژیمەیان کرد بە مەتەریزی تێکۆشان و بەرخودان. دواتر و لە قۆناغێکی دیکەدا ئەوە نەوەی دووهەمی دوای کۆمار بوون کە بەیرەقی ڕاپەڕینەکەی ساڵانی ٤٦-٤٧یان گرتە دەست و دوڕگە مەندەکەی نیزامی پەهلەوی لە ناوچەیان شڵەژاند.

بیری کۆمار و وانەکانی مەکتەبی پێشەوا بوو کە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧دا حیزبی دێموکراتی کوردستانی کردەوە ئەکتەری سەرەکیی ڕووداوەکانی کوردستان و، لەسەر دەستی نەوەی سێهەمی حیزبی دێموکرات و کۆمار بوو کە کۆمەڵێک دەسکەوتی دیکە بۆ بزووتنەوەی نەتەوایەتی لەسەر یەک داندرا. لەو بڕگە مێژووییەدا حیزبی دێموکرات ئەمجارەیان لەژێر ڕێنوێنی و سەرکردایەتیی د. قاسملووی گەورە، قوتابییەکی دیکەی پێشەوا قازی محەممەد بوو توانی کۆمەڵێک بەها و بایەخی جیهانگیر ئاوێتەی بزووتنەوەی شوناسخوازیی کورد بکا و پرسی کورد لە سنووری ئێران بترازێنێ و لە ئاستی ناوچە و جیهاندا بیکاتە پرسێکی ڕۆژەڤ و کاری بۆ بکا.

کۆماری کوردستان کەسایەتیی ئیرادەگەریی بە تاکی کورد بەخشی و هەستی باوەڕبەخۆبوونی تێدا بەهێز کرد و ئەوەش بۆشاییەکی وای لە ئارمانخوازیی تاکی کورددا پڕ کردەوە کە قوتابیانی پێشەوا، قاسملوو و شەرەفکەندی بتوانن هەتا ئێستاش لە سەنگەری خەباتی شوناسخوازیی کورددا بمێننەوە و ئاڵاهەڵگری بن.

فێرگەکانی حیزبی دێموکرات و هاتنی پۆل پۆل لاوی کورد بۆ ڕیزی حیزبەکەی پێشەوا قازی محەممەد پێمان دەڵێن کە حەوت دەیە دوای کۆماری کوردستان، خەون و خولیاکەی پێشەوامان نەوە دوای نەوە هاتوە و، ئامانجەکانی کۆمار هەروا ئامانج و مەبەستی خەباتی کوردی ڕۆژهەڵاتن. پاش حەوت دەیە پێشەوا قازی محەممەد ئیدی نەک ڕەمز و سیمبولی حیزبی دێموکرات، بەڵکوو پێشەوای هەموو کوردان و ڕێبازی نەتەوەییە و، ڕیسالەت و شوناسخوازیی کۆماریش بووەتە ئامانجی هاوبەشی هەموو شۆڕشگێران و لایەنە سیاسییەکان بۆ خەبات لەدژی کۆماری ئیسلامیی ئێران.